رۆمان

# ژنێک و شتەکان

## لەتیف فاتح فەرەج

ناوی کتێب: ژنێكو شتەکان

بابەت: ڕۆمان

ناوی نووسەر : لەتیف فاتح فەرەج

دەرهێنانی هونەری: ئومێد جاف

چاپخانە: کارو

سەرپەرشتیاری چاپ: نەوزاد شێخانی

چاپـــی یەکـــەم: 2015

تیراژ: (1000) دانە

زنجیرە (206) لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵـەی ڕونـاکبیری و کۆمەڵایـەتی کەرکوك

# 1

نەسرین لەدوای زریانەکەوە خۆی تاکو تەنیا لە کەنارێکا دۆزییەوە، بیری لەوە دەکردەوە ئەوە چۆن لەو زریانە شومە دەربازی بوو! خەیاڵی لای قسەکانی دایکی بوو، کە هەمیشە دەیگوت: سەرشینکراو دنیا وێران بێت تۆ بۆ خەفەت هەر زرپو زندوی.

ئەو ماتو مەلول لەشوێنێکدا گیرسایەوە، زۆرابی هاوسەری لەگەڵ یەکەم لرفەو هاژەی زریانەکەدا ون بوو، ئەو ونبوونە بۆ هەتا هەتا بوو.

نەسرین بیری لای قسەی ئەو کادیرە بوو، کە لەزمانی مەلاو کوێخای گوندەوە خەڵکەکە بەدزی یەکترەوە پێیاندەگوت "کافر"، کەچی هەموجار مەلاو کوێخا بەزۆر دەیانبردەوە ماڵی خۆیانو پێیاندا هەڵدەداو هەڵیاندەناو وەك خەڵکەکە دەیانگوت ماستاوی دنیایان لەبەردەکرد.

لە گوند بەو کەسانە دەگوترا ماستاوچی کە زۆر هەڵدەقونانەوە لەبەردەم خەڵکی تردا، بەو پێیە کەس هێندەی ئەو دوانە ماستاوچی نەبوون. ئەو کادیرە خەڵکی گوندی کۆدەکردەوەو قسەی بۆ دەکردن: ساڵەهای دیکە لەمەوبەریش زریانی لەو جۆرە هاتوەو ئێمە هەر ماوین، باو باپیرانیشمان بەر شاڵاوی ئەو زریانە کەوتون، بەڵام هێشتا هەین، مرۆڤ نابێت بە چۆکدا بێتو دەستەو ئەژنۆ دانیشێت.

کادیرەکە قسەی زۆری دەکردو هەمو هەینیەك ئەرکی مامۆستا ئەوە بو ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بە خەڵکەکە بڵێت ئەو قسانە وانین، بەڵام دەبوایە بەجۆرێك ئەوەی کردبا کەس هەستی پێنەکات.

دوای قسەی زۆری کادیرەکە، سەرە دەهاتە سەر ئامادەبوان تا قسەبکەن. یەکێك دەیگوت مامۆستا مارکسو لینین وەك شیرینو فەرهادو لەیلو مەجنون وابوون، کادیرەکە پێدەخەنیو ئەوانی تریش بەدویدا دەخەنینەوە. کادیرەکە دەیزانی ناکرێ بیروباوەڕی ئەو خەڵکە بریندار بکرێت، بەڵام هەر لە هەوڵی ئەوەدا بوو ئەو خەڵکە زیاتر خۆیان بناسن. کادیرەکە دەیزانی ئەو لە سەردەمێکی جیاوازدایە، ئەو خەڵکەش بیروباوەڕی خۆیان هەبو. ئەوان سەدان ساڵ بوو شانازییان بە بیروباوەڕی خۆیانەوە دەکردو پێچەوانەی ئەوەیان نەدەویست.

نەسرین بیری لە قسەکانی کادیرەکەو خەیاڵی لای دوا قسەی ئەو شەوەی زۆراب بوو: نەسە دەخیل ئەو سینگو بەرۆکەی بۆ منی دەکەیتەوە، بۆ کەسی تری نەکەیتەوە. چاوەکانی پڕدەبوون لە فرمێسکو نەیدەویست خۆی لاواز نیشان بدات! ئاخر ئەو لە کادیرەکەوە فێری ئەوە بوو بوو، کە نابێت مرۆڤ هەرگیز خۆی لاواز نیشان بدات. ئەوە یەکەم شەوو دوا شەو بوو لەگەڵ زۆرابدا، بەرەبەیان زۆراب لەترسی گەیشتنی زریانەکە بێ ئەوەی خۆی بشواتو دوو رکات نوێژی بەیانی بکات، ڕۆیشتو ئیتر نەهاتەوە.

نەسرین لەگەڵ دەستە خوشکەکانیدا باسی جیاوازی نێوان قسەی مەلاو کادیرەکەیان دەکرد، ئەوان خوایان خۆشدەویستو حەزیان نەدەکرد

کەس خۆشەویستی خوایان لێ داگیر بکات، ئەوەشیان بەلاوە سەیر بوو لەو رۆژەوەی ئەو کادیرە هاتبووە ناوچەکەیان ناوی منالآن لەبری ئەوەی عەرەبی یان تورکی یان بیانی بن کوردین.

یەکێك لە هاورێکانی نەسرین ناوی خوشکان بوو، تەشی رێسێکی تا بڵێی کارامەو حەکایەتخوانو قسەخۆشو زیرەك بوو، ئەو بە نەسرینو هاورێکانی دەگوت: ئێمە مامۆستاو مەلاو کاك برزۆی کادیرو زۆر خەڵکی دیکەمان پێویستە، لێرەدا کەس زیاد نییە، هەموومان دەبێ هەبین. خوشکان بەجۆرێك دەدوا، تاوەکو کار بکاتە سەر هەموو ئەوانەی کە گوێگرین.

خەڵکی گوند بەشێوەیەکی سەیر دەیانڕوانیە خوشکانو پێیانوابوو ئەوە دیاری خوایە بۆ گوندەکەیان. ئەو دەیزانی کەی باران دەبارێتو کەی خۆشی دەکاتەوەو کەی دوژمن دێتو کەی زریان هەڵدەکاتو چ ساڵێك باش دەبێتو چ ساڵێك خەراپ! نەك هەر خەڵکی گوند، بگرە کادیرەکەو خەڵکانی شوێنەکانی تریش سەر سامی تواناکانی خوشکان بوون. ئەو بۆ ماوەی چوار سەعات بێوچان چیرۆكو داستانی دەگێڕایەوەو خەڵك لە گوندەکانی تریشەوە بۆ بیستنی داستانەکانی رویان دەکردە ئاوای سورە چنار، نەسرینو هاورێکانی لەرێگەی خوشکانەوە لەوە گەیشتبوون کە ناکرێ دەسبەرداری وتەکانی هیچ یەکێ لە مەلاو کادیرەکە بن.

رۆژێ پێش ئەوەی زریانەکە هەڵبکات، زۆرابو نەسرین زەماوەندیان کرد، خوشکانو کادیرەکەش دەیانزانی دۆخەکە بەرەو کوێ وامل

دەنێت، بەڵام لە هەموان گەرمو گوڕتر سەرگەرمی ئەو زەماوەندە بێنازە بوون! ئاخر زەماوەندەکە نە شایی تیابوو، نەتەپڵو دەهۆڵو باڵەبانو شمشاڵو دووزەلە، نەگۆرانیو بەستەو بەندو بەیت.

زریانەکە گەیشتبووە ناوچەکەو زۆربەی گوندەکانی گرتبووەوە، ئەوەش نەسرینو زۆرابی گەیاندە ئەو بڕیارەی کە شاییو چەپڵەڕێزان نەکەنو لەبری ئەوە، ئەو ڕۆژە هەموو داوا لە خوابکەن ئەم زریانە بەرێتەوە خەزێنەکەی خۆی. کادیرەکە سەرەڕای ئەوەی کە گاڵتەی بەم داوایە دەهات، پێیوابوو ئەم زریانە هیچ پەیوەندی بە خەزێنەی خواوە نییە، بەڵام لەبەر دڵی خەڵکەکە هیچی نەدەگوت، خوشکانیش دەیگوت دوعا بکەن ئەم زریانە بگەڕێتەوە بۆ دۆزەخ، ئەوانەی ئەم زریانە شومەیان دروستکردوە زادەی دۆزەخنو لەوێوە هاتون، دۆزەخ شوێنی پەتاو تاریکیو بەدبەختیو وێرانیە، ئەمە قسەی خوشکان بوو.

نەسرینو زۆراب لەسەروی گوندەوە چونە ئەو خانوەی تایبەت لە گوندا بەدرێژایی سەدان ساڵ لەمەوبەر بۆ ئەو کەسانە دروستکرابوو کە هاوسەرگیری دەکەن. ئەو خانوە هەموو ساڵێك نوێ دەکرایەوە، تەمەنی دەگەڕایەوە بۆ زیاتر لە (150) ساڵ لەمەوبەر. دەگێڕنەوە ئەم خانوە لەسەر دەستی گەورەیەکی گوند کاتی خۆی بۆ ئەوە دروستکرا، تا ئەو شەوە کەس خۆی لە کاروباری بوكو زاوا هەڵنەقورتێنێ. بۆ ئەوەی بوكو زاوا بتوانن بەئاسودەیی گفتوگۆ بکەنو باسی هیواو خەونەکانی خۆیان بکەنو پێکەوە بن.

داستانەکە دەڵێت: ئەو گەورەیە (150) ساڵ لەمەوبەر، بەدوای رووداوێکی کارەساتاویدا ئەو بڕیارەی داو بڕیاری ئەوەش لەگوندەکەدا درا کە بۆ هەتاهەتایە کەس دوای شەوی پەردە داوای بەڵگەی کچێنیو رووسوری لە بوکە نەکات. (150) ساڵ لەمەوبەر، کاتێ کوڕو کچێکی گوند هاوسەرگیری دەکەن، تا بەرەبەیان کەسوکاری کوڕە لەبەر دەرگای ئەو ژورەی بوكو زاوای تیایە دەوەستنو بەرەبەیان کوڕە هەواڵی ئەوەیان دەداتێ کە هیچ خوێنێکی نەدیوە، ئەوەش بەسە بۆ ئەوەی هەر ئەو بەیانیە کەسوکاری کچە، کچە بەرنەوەو بیکوژن.

کوشتنی کچە کارەساتێك بەدووی خۆیدا دێنێ، ئەو رۆژە باوبۆران هەڵدەکاتو هەموو گوند وێران دەکات. باوبۆرانی زۆر جگەلەوەی کە مەڕو ماڵاتی گوند هەموو لەناودەدات، چوار کەسیش دەکوژێت، دوان لە کەسوکاری زاواو دوان لە کەسوکاری بوك، لەوانەی پێداگری لە سەر کوشتنی بوکە دەکەن، شەوەکەشی گولە لەدەستی زاوا دەردەچێتو خۆی دەکوژێت.

سێ رۆژ دواتریش دارستانی گەورەی گوند گڕدەگرێتو دەسوتێ، بۆیە یەکێ لە ریش سپیو گەورەکانی گوند بڕیاری دروستکردنی ئەم خانوە دەدات. لەو رۆژەوەش گۆڕە دورە گوندەکەی بوکە دەبێتە مەزارگاو شوێنی زیارەتکارانو کچانو کوڕان، بۆ گەیشتن بە مەراز دەچنە سەریو دوعادەکەنو لەبەر خودا دەپاڕێنەوە.

نەسرینو زۆراب هەر ئێوارە بەبێدەنگی چونە ئەو خانوەوە، بەتەنیا خوشکان تا دەرگای حەوشی خانوەکە بەڕێی کردنو لەبەر دەرگا قۆڵی

نەسرینی گرتو هێنایە ئەم لاوە: چەتیو ئاگاتان لە خۆتان بێت، ئەوە مەنجەڵێ قاورمەی گۆشتو هەنێ حەلواشم بۆ داناون. قونجرکێکی لە باسکی گرت و وتی: زۆراب ئەزیەت نەدەی، بە پێخەنینەوە: ئەزانم دوو ساڵە تەڵەی بۆ دەنەیتەوە. نەسرین چەمۆڵەیەکی لێدەدات: تیتکت برن! ئەتەوێ لە یەخەمان نەبیتەوە، باوەش دەکەن بەیەکداو یەکتر ماچ دەکەن. خوشکان دەگەڕێتەوەو زۆرابو نەسرین دەچنە ژورەوە، زۆراب بە ئەسپایی فۆتەکە لەسەری نەسرین دەکاتەوە.

_ پەلەی چیتە هێشتا هەر ئێوارەیە؟! نەسرین بە شەرمەوە ئەوە دەڵێت.

+ کێ دەڵێ ڕێگەمان دەدەن تا بەیانی پێکەوەبین؟

نەسرین بیری دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەو بوکو زاوایەی ساڵی پار، بەر لەوەی بەیەکتر بگەن فرۆکەیەك بۆردومانی کردنو هەردوکیانی لەگەڵ زۆرێك لە کەسوکارو خەڵکی ئاوایی‌یەکانی دەوروبەردا کردە قوربانی. ئەو کچو کوڕە ساڵەها بوو شێتو شەیدای یەکتر بوون. برایەکی کچەکە چووبووە رقا نەیدەداو دەیگوت: دەبێ خوشکەکەم پرچی سپی بهۆنێتەوە، دەڵێن گوایە دایکی کچە بە برای کچەکەی گوتبوو رۆڵە بە خوا لەوە دەچێت دڵیان بەیەکەوە بێت ئیتر بۆ نەیدەین؟ ئەوە بەس بوو بۆ ئەوەی براکەی بچێتە سەر کەلی شەیتانو نەیەتە خوارەوە، تا رۆژێك کادیرەکە کە زۆر دۆستی برای کچە دەبێت، دەڵێ: ئەوە من وەك برای ئەو کچە دەیدەم، ئیتر با نەبینە درکی مەرگەوەڕ بەناچاری براکەشی قوڕو قەپ دەکات. کچەش دەستی کاکی ماچ دەکاتو دەڵێ

کاکە تۆ چی دەڵێی من ئەوە دەکەم، براکەشی سەری ماچ دەکاتو دەڵێ پیرۆزی یەکتر بن.

رۆژێك دیاری دەکەن بۆ زەماوەند، کەلی ئەوبەری ئاوایی دادەنێن بۆ ئاهەنگو خۆشی. لە گەرمەی رەشبەڵەكو زەماوەندا دوو فڕۆکە دێنە سەریانو یەکێ لە فڕۆکەکان پاش سێ چوار خول خواردن دەیانداتە بەر تۆپو خومپارە، ئێسكو پروسکی هەموویان تێکەڵو پێکەڵ دەکات. دەڵێن زۆر بە زەحمەت لەیەکتر جیاکراونەتەوە، دەڵێن فڕۆکەوانەکەی تر پاش ئەوەی گەڕاوەتەوە کەرکوك وتویەتی من بەهاوڕێکەمم وت ئەوانە سەرقاڵی زەماوەندن ناکرێ تەقەیان لێ بکەین، بەڵام ئەو بەقسەی نەکردم. دەڵێن مانگێ دواتر فڕۆکەوانە بکوژەکە لە بەرزایی ئاسمان گڕ لە فڕۆکەکەی بەر بووەو بووە بەقەرەبروت، دەڵێن فڕۆکەوانەکەی تریش سوێندی خواردوە بۆ هەتاهەتایە سواری فڕۆکە نەبێت. براکەی بووکەکەش دوای روداوەکە شێت بووەو شەوو رۆژ بە چیلکەو پەڕۆی ئاڵو واڵاو متو مۆری بوك دروست دەکاتو دەیشارێتەوە، نەوەك فڕۆکە بێتە سەریو بیدۆزێتەوە. ئەو بوکەکانی لە دەشتو دەرو ئەشکەوتەکان دەشارێتەوە، دەڵێت ئاگاتان لە خۆتان بێت گوێتان لە دەنگی فڕۆکە بوو خۆتان وەشارن، نەسرین لە خەیاڵی قوڵی ئەو روداوەدا بوو، کاتێ زۆراب بەئاستەم لێوی خستە سەر گەردنی.

نەسرین گوتی لۆکسەکە نەکوژێنمەوە، زۆراب بە ئەسپایی زمانی بەگەردنیدا ئەهێنا، نا.. نامەوێت ئەو جوانیەم لێ ون بێت. کاتێ زۆراب

بە زمانی گەردنی نەسرینی ختوکە ئەدا، لەو دەمەدا نەسرین زۆر بە ئەسپایی قۆپچەی کراسە سپیەکەی زۆرابی دەکردەوە، بەجۆرێك دەیکردەوە زۆراب هێزو توانای لەبەر برابوو، هەموو جەستەی یەك پارچە بوو بووە حەزو چێژو ئارەزو، زۆراب بەنوکی پەنجەکانی زۆر بە ئەسپایی دەستی بە سینگو مەمکی نەسرینا دەهێنا، زۆرابو نەسرین یەك یەك کەلوپەلەکانی بەریان لەبەر یەکتر هێنایە خوارەوە. هەردوکیان بە شەرمەوە سەیری یەکتریان کرد، زۆراب رویکردە نەسرین: خوایە ئەم هەموو جوانیە چییە؟ دەستی کردە ملی نەسرینو ئاوێزانی یەکتربوون.

کاتێ نەسرین ویستی قسەیەك بکات، زۆراب خێرا دەستی خستە سەر لێوەکانیو نەیهێشت هیچ بڵێت. وتی نامەوێت ئەم شەوە بەهیچ گفتوگۆیەکەوە تەواو بکەین. کات بەخێرایی دەڕۆیی، ئەو دوانە بەجۆرێ تێکەڵی یەکتربوون ئاگایان لە هیچ نەبوو، کەس نازانێ سەعات چەند بوو، کاتێ باوکی زۆراب بەتوندی دەیکێشا بە دەرگای حەوشەی خانوی هاوسەرگیرییەکەدا لەکاتێکا هێشتا زۆرابو نەسرین لەگەرمەی گەمەو دەستبازیدا بوون، زۆراب خێرا خۆی پێچایەوەو رایکردە بەر دەرگا.

– باوکە..

+ رۆڵە گیان هەرئێستا خۆت بپێچەوەو بگە کورگەلی ئاوایی، مەڕو ماڵاتیان دەرکردوەو وا لەچەمەکە دەپەڕنەوە.

– بەڵام ..

+ بەڵام‌و مەڵامی چی.. زریانەکە گەیشتوەتە ئاوایی کوێرەکانی، شەبەق دەدەنە سەر ئێرەداو پێویستە گەنجەکان‌و مێگەل‌و گاگەلەکە لەئێستاوە دەرباز بن.

زۆراب هەرئەوەندەی گوت بەچاوان هەر ئێستا، گەڕایەوە تەوێڵی نەسرینی ماچ کردو ئامێزی پیاکرد.

– چییە دەڕۆی؟ من هەرزوو ئەمەم دەزانی لە ئێوارەوە دڵم باشی ناگوت!

+ چێشتەنگاو دێمەوە بەشوێنتا.

_ ڕاست ناکەیت تازە ئیتر بۆ هەتاهەتایە یەکتر نابینینەوە ئەگەر بڕۆی، دڵم لە ئێوارەوە ئەوەم پێ دەڵێت بۆ یەك ساتیش ئەوەم لەبیرنەچوە.

+ ئەوەتۆ شێت بووی، کەی ئەوەندە بێورە بوویتە چەتیو؟!

_ توخوا بامنیش لەگەڵ تۆ بێم..

+ ئەتەوێ لەناو ئاواییدا ببمە گەمەجاڕ، تۆ تا دوێنێ ئامۆژگاری منت ئەکرد ئەوە بۆ وا ئەژنۆت شکاوە؟!

دیسانەوە ناوچەوانی ماچ کردو فۆتەکەی لەملی نەسرین کردەوەو کردیە ملی خۆی "ئاگات لە دایەو باوە بێت". بەخێرایی ژورەکەی بەجێهێشت. باوکی کە تائەو ساتە لەناو حەسارەکە چاوەڕوانی دەکرد، تفەنگە سینیەکەی دایە دەستی‌و وتی: ئاگاتان لەخۆتان بێت، لەتەنگانەدا مەڕو ماڵاتو وڵاخەکان لەبیر بکەن‌و خۆتان قوتار بکەن، دەستی باوکی ماچ کردو وتی ئاگات لە نەسرین بێت.

نەسرین تائەو دەمە خۆی پێچابووەوە دەستی برد بۆ لۆکسەکەو ویستی بیکوژێنێتەوە، وتی: ئیتر تۆ بۆ کێ ئیش بکەیتو کێ لەبەر روناکیەکەتا سەیری من بکات! بەڵام ئەوەی بیرکەوتەوە کە زۆراب داوای لێکرد نەیکوژێنێتەوە، نەیکوژاندەوەو هاتە دەرەوە.

_ مامە بابڕۆین.

+ ئەی لۆکسەکە کچەکەم؟

_ خۆی کەمێ تر دەکوژێتەوە مامەگیان.

خانوی هاوسەرگیریان بەجێهێشتو لەو بەرەبەیانە زوەدا گەڕانەوە بۆ ناو دێ.

## 2

بەیانیەکی تر ڕۆژ لە ئاوایی هەڵات، ئەوە یەکەمین بەیانیانی دوای ڕۆیشتنی بەکۆمەڵی گەنجەکان بوو. ڕۆیشتنی گەنجەکان ئاوەدانیو گەرمو گوڕی بەیانیانی ئاوایی لەگەڵ خۆی بردبوو، دەنگی باڕەو باعەو وەلەو وەحەو گدەو یخە لەهیچ کوێی ئاواییەوە نابیسرا، وای لەخەمگینی ئەو بەیانیە! خوشکان بەرەبەیان خۆی گەیاندە نەسرینو لە ئامێزی گرت.

_ خوا چی نووسی بێت هەر ئەوە دەبێت.

+ ئەترسم ئیتر نەیبینمەوە.

_ خەیاڵ دەکرێ باش بێت نەك خەراپ.

+ لە ڕۆژگارێکا کە مرۆڤەکان بیریان لای کارو کردەوەی خەراپ بێت خەیاڵی باش مەحاڵە.

_ بەڵام خۆ ئێمە باشین، دەکرێ لە باشەکانەوە سەیری دنیا بکەین.

+ تۆ هەمیشە مرۆڤ بۆ ژیان ئامادەدەکەیت.

_ ئەزانی ئەم قسە زلانەی تۆ لە قسەی زۆراب و برزۆی کادیر دەچن؟

دەنگی فڕۆکەکان گفتوگۆکەیان دەشێوێنێتو خوشکان بەپەلە بەرەو ماڵی خۆیان دەگەڕێتەوە، دوای دەتبینمەوە.

نەسرین دڵشکاوو بێتاقەتو لێو بەبارو کزۆڵە دانیشتوە، نازانێ چی بکات. نەدەتوانێت هەستێ نەدەتوانێ دانیشێ، جێ بە خۆی ناگرێت، خەیاڵی لای گوندو زۆرابو دەشتو دەرو کارو بەرخو سەگوو تەنورو کونەڵانو باخو هاوڕێکانیو دایکو باوکو براو خوشکو سەرکانیو هەموو ئەو شوێنانەیە کە رۆژێ لە رۆژان لێی دانیشتوە، یاری لێ کردوە، یان یادگارێکی لەگەڵدا هەیە. خەیاڵی لای دەشتو دەرە، لای بەردو تاوێرو رچەکان.

ئەو لە هەموو کەس زیاتر ئاشنای شتەکانو دەوروبەرو دەشتو دەر بوو، بەلای خەڵکی گوندەوە زۆر مایەی سەرسوڕمان بوو، کە نەسرین ناوی بۆ هەموو مەڕو مانگاو بزنو کارو بەرخی گوند دانابوو، هەموشیان دەنگی نەسرینیان دەناسیو لێی حاڵی دەبوون. ئەو تەنها کەس بوو کە دەیتوانی لەگەڵ دارو درەختو پەلەوەرو مەڕو بزنەکان بدوێ، ئەو تەنانەت لەگەڵ گردو دۆڵەکانیش دەدوا. ناوی هەموو گژو گیاو گوڵو گوڵزاری دەزانیو ناوی لەبێناوەکان دەنا.

سروشتی سورە چنار وابوو هەموو خەڵکی گوند بێئەوەی لای مامۆستا یان لە حوجرە بخوێنن، خوێنەواریەکی سەرەتاییان هەبوو. تەواوی خەڵکی گوند گەورەو بچوك دەیانزانی ناوی خۆیان بنووسنو کتێب بخوێننەوە، هەموو گوند شیعرەکانی قانعو زۆرێك لە بەتەمەنەکانیش شیعرەکانی مەولەویان لەبەر بوو.

نەسرین خۆی ناوی بۆ ئەو شتومەکانە دادەنا کە ناویان نەبوو، برزۆی کادیر نەسرینی ناونابوو فەرهەنگی گوند. برزۆ بە خەڵکی ئاوایی دەگوت: فەرهەنگ واتە ئەو خورجەیەی هەموو شتێکی تیایە، نەسرین بۆ هیچ دانامێنێ، ئیدی ئەوە فەرهەنگ نەبێت چی فەرهەنگە؟
نەسرین لە خەیاڵێکی قوڵدا بوو، کاتێ دەنگو زەنای گوند بەهۆشیان هێنایەوەو مەلای گوند لەمزگەوتەکەوە دەیگوت: خەڵکینە رەحمەتی خواتان لێبێت، ئاگاداری یەکتر بن‌و یەکتر بەجێنەهێڵن، تا ئەتوانن لەگوند دەرچنە دەرەوەو برۆن بۆ کونەکەمتیاری خوار ئاوایی.
کونەکەمتیار یەکێ بوو لە حەشارگەو پەناگەی خەڵکی ئاوایی، لە تەنگانەو ناخۆشیو هێرشی دوژمن. ئەو ئەشکەوتە سەدان ساڵ بوو لە ترسی باو بۆران پەنای بۆ دەبرا، ئەویش ئامێزی بۆ دەکردنەوە. مەلا دەیگوت دوعا بکەن‌و لەبەر خوا بپارێنەوەو نزاتان بەرنە ئاسمان، لەرۆژی وادا خودا زوتر وەڵامی بەندەکانی خۆی دەداتەوە.
نەسرین خەیاڵی لای ئەو داستانە بوو، کە دەڵێت: خودا هەمیشە زۆر نزیکە لە مرۆڤەکانەوەو گوێی لەترپەترپی دڵیانە، هەرکاتێك ترپە ترپی دڵیان زیادی کرد ئەو بەدەنگیانەوە دێتو دەستیان دەگرێت. هەر کاتێك مرۆڤ لەدڵەوە داوا لە خوا بکات، خوا وەڵامیان دەداتەوە، خوا زۆر ئەوانەی خۆشدەوێت کە لە دڵەوە داوای لێدەکەن‌و لەبەری دەلالێنەوە.
نەسرین بڕوای تەواوی بەوە هەیە کە خوداوەند بە دڵی بەندەکانی دەکات، بەلای خوداوە بەندەکانی لە هەموو شت پیرۆزترن. خوشکان

دەیگوت: گەر وانەبا خودا پێغەمبەرەکانی لە مرۆڤ دروست نەدەکردو لە گڕی پیرۆز دروستی دەکردن، گڕی پیرۆزی فریشتەکان. بەلای نەسرینەوە خودا هەرگیز بێدڵی مرۆڤەکان ناکات، ئەو دەیگوت: هەرگیز خودا بەندەکانی خۆی لە ئاگردا ناسوتێنێ.

ئەو پێیوابوو دۆزەخ هەربۆ ئەوە بنیادنراوە تا باشەکان زیاتر بن، دەنا کەس ناچێتە دۆزەخەوە. خوشکان پێیوابوو دۆزەخ کەسی تێناچێت با زۆر زۆر گەورەش بێت. مەلای گوندیش دەیگوت: دۆزەخ هەزار هێندەی ئەم زەوییەی خۆمان گەورەترە، هەزاری چی سەد هەزار هێند زیاتر، بەڵام خوشکان دەیگوت هەزار هەزار هێندیش گەورەتر بێت، هەرگیز دوو پێی مرۆڤێکی تێناچێت. دۆزەخ وانەیەکە بۆ ئەوەی خەراپەکان واز لە خەراپە بێنن‌و بگەڕێنەوە بۆ سەر ڕێگای باشە، دۆزەخ بۆ ئەوە نییە مرۆڤی تێبخرێت.

نەسرین دەیگوت خۆشەویستی خودا بۆ مرۆڤ ئەوەندە زۆرە کە هەرگیز ئەو مت‌و مۆریانەی خۆی ناسوتێنێ. برزۆی کادیریش دەیگوت: خودا دۆزەخێکی تر بۆ مرۆڤ دروست ناکات، ئەو مرۆڤی لەسەر ئەم زەوییە فڕێداوە کە بۆخۆی دۆزەخێکە، ئەرکی ئێمە ئەوەیە ئەم دۆزەخە بکەینە بەهەشت. ئەرکی مرۆڤ زۆر ئەستەمە، مرۆڤ دەبێت بەهەشت دروست بکات، دەبێ دۆزەخ بگۆڕێت بە بەهەشت.

برزۆی کادیر دەیگوت: مرۆڤ بە بیرکردنەوەو ئاوەزی خۆی خودای دۆزییەوە، مرۆڤ لەدۆزینەوەی خودادا کەلەلاو شێت‌و شەپرێو بوو، خودای دۆزییەوەو ئیدی هەرگیز نایەوێت ونی کات. دەیگوت دەشێ

پشتی تێبکات، دەشێ بۆ ماوەیەك لێی یاخی بێتو ئاوڕ لە چاکە زۆرەکانی نەداتەوە. نەسرین لە دڵەوە هیوای دەخواست لەم ساتە ناخۆشەدا خوا بەدەنگیانەوە بێت.

خەڵکی ئاوایی هەموویان پێکەوە بەرەو شوێنی دیاریکراو بەڕێکەوتن، ژمارەی دانیشتوانی گوند بەگشتیو بەو حەوت کەسەشەوە کە لە شارەوە لەدەستی سەربازی هەڵاتبونو بەو چوار پێشمەرگەیەشەوە کە لەگەڵ برزۆی کادیر بوون (233) کەس بوون. بەڵام بەرەبەیانی ئەو رۆژە پێشمەرگەکانو حەوت هەڵاتوەکەو (32) گەنجەکەی گوند ئەوێیان بەجێهێشتبوو، ئەوەی مابوونەوە (188) کەس بوون. گەورەو منداڵ ریش سپیەکان پێشیانکەوتنو بەماوەیەکی زۆر کەم گوند وەك ئەوەی خۆڵی مردوی کرابێت بەسەرا دەنگو زەنای تیا نەما، گوند بوو بەچەند خانویەکی چۆڵو هیچی تر.. لەگەڵ خەڵکەکەدا سەگو پشیلەو پەلەوەرو کەروێشكو کۆترەکانیش گوندیان چۆڵکرد.

دەڵێن هەموو خەڵك ئەوەیان بینیوە کە نەسرین یەکێ لە کۆترەکانی گرتوەو چپاندوویەتیە بن گوێیداو شتێکی وتوە، دوای ئەوە کۆترەکە داویەتی لە شەقەی باڵو هەموو باڵدارو گیاندارەکانی دیکەی دوای خۆی خستوە. خۆ ئەگەر نەسرین ئەوەشی نەکردبا ئیدی ئەوان هەر دەڕۆیشتن، ئەوان هۆگری دەنگو زەناو ئاوەدانی بوون نەك چۆڵەوانی. خوشکان زۆر تکای لە نەسرین کردوە پێی بڵێت چی بە کۆترەکە گوتوە، بەڵام نەسرین وتویەتی بەڵێنم بەو کۆترە داوە ئەوەی لای ئەو گوتومە بە کەسی نەڵێمو لەگەڵ بەڵێنەکەی خۆمدا راستگۆ دەبم.

دوای چەند ساتێکی کەم بڵێسەی ئاگر لەتەواوی خانوەکانی گوندەوە بەرز بوەوە، قرچە قرچی دیرەکو کۆڵەکەو گوێسوانەو پوشو قامیشو حەسیری سەر خانوەکان دەگەیشتە کەشکەلانی ئاسمان. ئەو دەنگە کە زیاتر لە هاواری سروشت دەچوو، بەردی دەهێنایە دەنگ. باوکی خوشکان کە لەدورەوە دەیڕوانیە ئاگرەکە بە ئەوکی پڕ گریانەوە رویکردە ئاسمانو وتی: خوایە خۆ خۆت ئاگاداری ئەمەی. کاتێ ئاگر لە مزگەوتەکە بەرز بووەوە، باوکی خوشکان دیسان وتی ئەوەشماڵەکەی تۆ.

جاشو جەیشەکە لە ئاوایی دورکەوتنەوە، لە سەرو گردەکانی ئاواییەوە سەیری گڕو بڵێسەی سووتانی خانوەکانیان دەکرد. باوکی زۆراب کە بەناو خەڵکەکەدا دەهاتو دەچوو، وتی: ئێمە دەبێ بەرگەی ئەم زریانەش بگرین، لەوەتەی هەین رووبەڕووی زریانو ئافاتو مەینەتی دەبینەوە. کوا ئێمە چ ساڵێکمان هەیە کە تۆزێ روناکی تیابێت؟! ساڵەکانی ئێمە هەموو ساڵی مەینەتین، ساڵی گرانی گەورە، ساڵی کولە زەردەکە، ساڵی لافاوەکە، ساڵی حەرەس قەومیەکە، ساڵی راکە راکەکە، ساڵی مەینەتی، ساڵی بێبارانی، ئەمانە ساڵەکانی ئێمەن، لەگەڵ ئەوەش هەر ماوینو ناکەوین.

کوێخا کە لەدوێنێوە گوندی بەجێهێشتبوو، دەوروبەری نیوەڕۆ بوو کە لەگەڵ چەکدارێکی کوردا هاتەوە، بانگی ئەختیارو بەتەمەنەکانی کردو دەستی کرد بە قسەکردن.

_ گوێتان لێبێت دنیا ئاخر بووه.. هیچ دەرو دەروازەیەك نییە. كەس نازانێ سبەی چی دەبێت.. هەزاران كەس لەتەواوی ئاواییەكانی تر بەر زریانەكە كەوتون، دەنگوباسی ئەوە هەیە كە كوڕەكانی ئێمەش گیرابن، بەكورتیو بەكوردی هەموو گیراون. ئەم پیاوە ڕۆستەم بەگ لەبەر خاتری خزمایەتی ئاواییو من، لەگەڵ مندا ناردویەتی بەدووی ئێوەدا، خوا هەڵناگرێت ئەو هیچی نەویستوەو هیچی ناوێت، بەڵام لە هۆڵی ئێمەدایە. ڕەنگە بەهیچ شێوەیەك كاتی ئەوە نەبێت لەوە زیاتر بیرێ لە خۆمان بكەینەوە، مقۆمقۆو چرپە چرپ دروستبوو، هەریەكەو قسەیەكی دەكرد.. مەلا گوتی: ماڵی ڕۆستەم بەگ ئاوابێت خەڵكینە داڵدەو دەرەتانی ترمان نییەو هەردەبێ ئەمە بكەین، ئێوە دەزانن ئیتر ناتوانین پشت بە برزۆی كادیرو ئەو پێشمەرگانە ببەستین كە لە نیوە شەوەوە پشتیان تێكردوین.

باوكی زۆراب هەڵیدایە.. مامۆستا گیان پیاو نابێ ئاوا هیچی لەبەر چاو نەبێت، برزۆو هاوڕێكانی لەگەڵ كوڕەكانی ئاوایدا ڕۆیشتن.

مەلا تۆزێ ڕوی گرژ كرد.. لالە گیان لای خۆی تۆ پیاوێكی خواناسی ئەوانە دەساڵە هەر دەپەرژێنە سەر ڕاونانی یەكترو كوشتنی یەك، ئەوانە بەناوی شۆڕشەوە منالّی عالەمیان بە كوشت دا.

باوكی خوشكان بۆ ئەوەی ڕێ لە گەورەبوونەوەی گفتوگۆكە بگرێت، وتی خزمینە ئێستا كاتی ئەو هەراو بێنەو بەردەیە نییە، ئێمە دەبێت لەبیری ئەو ژنو منالانەدا بین، كوڕەكانیش خوا دەلیلی داماوە. ئێستا كە ڕۆستەم بەگ ئێمەی بیرە پێویستە چارێكی ئەم خاوخێزانانە بكەین،

کوێخا کارێکی باشی کردوە، بەڵام دەبێ بزانین چۆن دەردەچین‌و چۆن چۆنی دەربازمان دەبێت.

چەکدارەکە کەتا ئەو دەمە هیچی نەگوتبوو، گوتی خاڵە گیان ئەوە لەسەر من، ئێستا تا ئێوارە درەنگ لێرە دەبن‌و ئێوارە ڕۆستەم بەگ ترومبێل‌و پیاوەکانی تر دەنێرێ بە دووتاندا، من لای ئێوە دەمێنمەوە با کوێخا هەواڵەکە بەرێتەوە، دەبێت زۆر ئاگاداری ئەوە بین کەسی تر نەمانبینێت.

مەلا رویکردە چەکدارەکە.. برادەر من هەفتەیەکە ماڵ‌و منداڵ چوونەتە ماڵی خاڵیان ئەکرێ لەگەڵ کوێخادا بڕۆم؟

چەکدارەکە وتی بۆ نا مامۆستا.

باوکی خوشکان: مامۆستا باشتر نییە لە گەڵ خەڵکی ئاوایدا بن؟

_ بەڵام من لێرە بمێنمەوە دەبمە بار بەسەرتانەوە.

+ دەی چۆنت پێباشە وابکە، ئەوەش هەر باوکی خوشکان وتی.

مەلاو کوێخا پشتیان کردە خەڵکەکەو ڕۆیشتن، نەسرین کە لەدورەوە ئەو دیمەنەی بینی، رویکردە سێ چوار کچی ئاوایی‌و وتی: دەبینن مامۆستا چۆن بەجێماندەهێڵێت؟ لای خۆی بەردەوام باسی هاوکاری‌و هەرەوەزو پێکەوەبوونی دەکرد. هێشتا کچ‌و ژنەکان ئەوەیان نەبیستبو کە لەبارەی کوڕەکانەوە باسکرا، یەکێ لە ژنە پێگەیشتوەکان وتی دەی خوا ئاگاداریان بێت. مامۆستاش چەند رۆژێکە خاوو خێزانی لە شارن. بەساڵاچوانی گوند لەناو خۆیاندا بڕیاری ئەوەیاندا بەهیچ شێوەیەك نابێ ژن‌و منداڵ بەمە بزانن.

گوندەکە سەرەڕای ئەوەی هێشتا لە هەندێ شوێنەوە ئاگر بەرز دەبوەوە، بەڵام لەوە دەچوو سەدان ساڵ بێت هیچ ئاوەدانیەکی بەخۆیەوە نەبینیبێت. خانەی هاوسەرگیری کە نزیکەی هەزار مەترێ لە کەنارێکی لای ڕۆژ ئاوای ئاواییەوە بوو، تەنیا شوێن بوو کە بەپێوە بوو، وەك ئەوەی ئەو شوێنە کە زیاتر لە (150) ساڵ بوو هاوسەرەکانی لە شەوی یەکەمی هاوسەرگیریدا کۆدەکردەوە، بیەوێت چیرۆکی دورو درێژی سەدان هاوسەرگیری بپارێزێ.
خوشکان بە کچەکانی وت: ئەوە پەرجووی ئەم گوندەیەو دەیەوێت لەوە دڵنیامان کات کە ئێمە لەناو ناچین. یەکێ لە کچەکانی گوند وتی: لامولیە ئەوە نەفرەتی نەسرینو زۆرابە، بۆیە تەنانەت سوپاو گەلە جاشەکەش لە ئاستی چاویان کوێر بوو. خوشکان بە گاڵتەوە وتی: بەخوا من هیچم پێناخۆش نیەو چکێکیش ناترسم، ئەوەم پێناخۆشە کە کوێخاو مامۆستاش هەرچەند خزمو کەسوکاری خۆمانن، ئەوانیش لەو شوێنەدا هاوسەرگیریان کردوە.. ئا شتێکی تریشم پێ ناخۆشە، ئەوەم پێناخۆشە ئیتر نە منو نەکچانی ئاوایی لەو شوێنەدا دەست لە ملی هاوسەری ئایندەمان ناکەین.
نەسرین کە یەکێ لە کەروێشکەکانی خۆی لە باوەشیا بوو، هێواش هێواش ڕۆی بۆ لای باوکی. ئەو کاتە باوکی دوورتر لە خەڵکی ئاوایی لە شوێنێکەوە دەیڕوانیە بزنە ڕێگاکەی ئەوبەری گوند. ئەو بە باوکی وت: بابە هیچتان لەبارەی برایەلو زۆرابو ئەوانەوە نەبیست؟ باوکی سەیرێکی کردو هیچی نەووت! نەسرین نەیویست خەیاڵو بیرکردنەوەی

باوکی کە نەیدەزانی بیر لە چی دەکاتەوە بشێوێنیّ، بۆیە ویستی بگەڕێتەوە، کاتیّ باوکی پێیوت نەسرین رۆڵە بەژنو ژاڵەکە بلّیّ با خۆیان گرد کەنەوە کەمێکی تر نیشتمان بەجێدێلّین. نەسرین درکی بەوەکرد باوکی چەند بە ناسۆرەوە وتی نیشتمان، بۆیە ویستی بابەتەکە بگۆڕێت، باوکە گیان کەمیّ ئاوت بۆ بێنم؟

ئاوی کام کانیەیە؟ باوکی وتی.

کانی گۆیژ بابە گیان.

بێنەی رۆڵە بێنەی کیّ دەلّێت جارێکی تر لەو ئاوە سازگارە دەخۆمەوە؟!

نەسرین وتی خوانەکات بابە گیان. کاتیّ نەسرین بەڕێوە بوو بۆ هێنانی ئاوەکە، باوکی لەبەر خۆیەوە دەیگوت ئەی گۆڕەکەت چراخان بێت قانع بەخوا راستت دەفەرموو:

ئاوی گۆزەڵەی خاکی کوردستان

خۆشترە لە ئاو سەرچاوەی لوبنان

سەرێکی هەڵبڕی سەیرێکی نەسرینی کرد، یاخوا کچم نائومێد نەبیتو ئەوەی ئەمڕۆ کوێخا ئەژنۆو پشتی ئێمەی پێشکاند، درۆ بێتو هیچی تر.

## 3

نەسرین کەمێك دورتر لەوانی دیکە لەنێو ئەو خەیاڵە قووڵەدا بوو، بیری لە قسەکەی دایکی دەکردەوە، "دەزانی ئەو رۆژەی تۆ هاتیتە دنیاوە ئەو رۆژە براکان بەربوونە وێزەی یەکتر.. ئاخر هێشتا سیّ ساڵ بەسەر پەلاماری حەرەس قەومیەکاندا تێنەپەڕیبوو، کە ئەمان بوونە دوو بەشەوەو بەربوونە گیانی یەكو هەر جارە لایەکیان لایەکەی تریان راودەنا! دوژمنیش بە ئارەزوی خۆی هەر جارەی یەکیانی لە ئامێز دەنا بۆ لێدانی ئەوی تر! ئەوان دەیانگوت ئەمانە سەگی رەشو سەگی سپین، ئەمانیش بە خوێنی یەکتر خەنی بوون! ئەزانی نەسرین ئەیانووت گوایە گەورەکەی ئەوسای بەغدا وتوویەتی با یەك بخۆن سەگی رەشو سەگی سپی بۆ ئێمە یەکن، ئەزانی خەڵك ئیتر پێینەوتن پێشمەرگەو ناویان نان مەلاییو جەلالی"؟!

دایکی نەسرین ئەیوت: پیّو قەدەمی تۆ باش نەبوو.. تۆ لەدایکبویتو شەڕی براکان دەستی پێکرد.. ئەوان بەجۆریّ یەکتریان دەبوغزاند وەك ئەوەی ئیتر هەزار ساڵ بێت دوژمنی یەکتر بن، لەکویّ یەکتریان دیبا یەکتریان کوشتو بڕ دەکرد! ئەوەندەی دوژمنی یەك بوون هەرگیز

ئەوەندە دوژمنی ئەوانە نەبوون، کە خاکو شەرەفی ئەم میللەتەیان ژێر پێ نابوو، بۆ گیانی یەکتر دەتگوت رۆستەمی زاڵن.. هەر دوای ئەوەش ئیتر کورگەلی زۆر دڵیان شکاو گوتیان ئەمە شۆرش نییەو ئەمە هەرایە، ئێمە بۆ شۆرش هاتوین نەک بۆ هەرا. گەلێك لەوان چوونەوە پاڵ دوژمن، داخی گرانم بۆ ئەو بەدبەختیە گەورەیە. ئاخر تۆ ئەو رۆژانە لەدایکبووی، تۆ هاتیتو بەختەوەری رۆی.. هاتیتو ماڵەکەت پارچە پارچە کرد، تۆ لەگەڵ هەموو جوانیەکەتدا، لەگەڵ هەموو ئەو ناسکیو بێدەنگیو سەلاریەتا، لەگەڵ ئەوەدا کەوەکو فریشتە دەچیت، لەگەڵ ئەوەشدا کەلەو رۆژەوەی تۆ فامت کردوەتەوە دڵی منو باوکت نەشکاندوە، بەڵام کارەسات لەگەڵتا لەدایکبوو، وای بۆ ئەو رۆژەی تۆ لەدایکبووی!

ئەوانەی کە تا دوێنێ لەسەر یەك سفرەو خوان بوون، بەربوونە یەکترو گەورەکەی بەغداش وتی سەگی رەشو سەگی سپی هەردووکیان بۆ دۆزەخ. لاڵ بم ئەو رۆژانە چەندین گەنجی جوان تیاچوون، ئەوان وتبوویان دەچین وڵات رزگار دەکەین، دایکی نەسرین هەزاران جار ئەمانەی گوتبوو بەرادەیەك ئیتر نەسرین هەموو چیرۆکەکەی لەبەر بوو، بۆیە هەر کات دایکی وشەیەکی تەنیا وشەیەکی بیرچووبا نەسرین بیری دەخستەوە. ئاخر نەسرین وەك برزۆی کادیر دەیگوت فەرهەنگێ بوو بۆ خۆی، یەکجار شیعرێکی گوێ لێبوایە لەبەری دەکرد، چ جای ئەوەی کە هەزاران جار ئەم چیرۆکەی لە دایکی بیستبوو.

ئەو خەیاڵی لای زۆراب بوو، "ئاخۆ ئێستا لەکوێ بێت، تەنانەت فریا نەکەوت تۆزێ لەو حەلوایەش بخوات کە خوشکان بۆی دانابووین"..

زۆراب سەرەڕای ئەوەی هەمیشە لە ئازادیو خۆخاوەنی ئینسانا پشتگیری برزۆی کادیری ئەکرد، بەڵام کەسێ بوو سەری چووبا نوێژی ناچوو"تەنانەت نەیانهێشت ئاوێ بکاتە خۆیا"، نەسرین لەو خەیاڵانەدا بوو، خوشکان بانگی کرد.

"نەسرین ئیتر کات درەنگی کرد با بکەوینەڕێ".. ئەوکاتە نزیکەی سێ چارەك بوو خەڵکەکە کەوتبوونە رێ. خوشکان بەوانی تری ووتبوو ئێوە بڕۆن منو نەسرین پێکەوە دێین، خوشکان هیچ کات بێ نەسرین ئۆقرەی نەدەگرت، ئەوان پێکەوە گەورە بوونو خزمو کەسی یەکیش بون، ئەو زۆر بەوریایی دڵی نەسرینی خوێندبووەوە، دەیزانی ئێستا لە چ بارودۆخێکدایەو چۆن لەناوەوە دەکوڵێت.. هەمیشە خوشکان دەیگوت هەر کاتێ دڵ کڵپەی سەند بیر لەوە بکەنەوە ئەقڵ نەبێتە هاوکاری، کارەساتەکان بەو جۆرە روودەدەن. ئەقڵ خۆی دەداتە دەست دڵەوەو ئەویش بە ئارەزوی خۆی کۆتو بەندی دەکات، مرۆڤ بەتەنها دەبێت بۆ کاری باش دڵو ئەقڵی یەکخات، یەکخستنی ئەو دوانە بۆ کاری خەراپ دەبێتە هۆی نەگبەتی. خوشکان چیرۆكو حەکایەتی ئەوانەی دەگێڕایەوە کە دوای دڵ کەوتونو نائومێد بوون، باسی چیرۆکی نائومێدی مەمو زینو شیرینو فەرهادی دەکرد، باسی ئەو حەکایەتانەی دەکرد کە دڵ مرۆڤەکانی تیا لەخشتە دەبەن.

نەسرین ئاورێکی بەلای خوشکانا دایەوە "بچین یان نەچین جیاوازی چییە"؟

هەر خۆی وتی "ئێمە لەچەند سەعاتێکا هەموو شتێکمان لەدەستدا، گوندەکەمان، ژیانمان، یادگارەکانمان، هەموو شتێ، سەیری ئێستاو سەیری دوێنێمان کە، بزانە چۆن هەموو شتێکمان لە کتوپڕێکا لەدەستدا، وای ئەم زریانی نەگبەتیە، چۆن ورودو خاشی کردین"؟!

خوشکان قۆڵی گرت "دە هەستە ئەمڕۆش سبەینێ یادگارییە، وادەزانی ئێستامان بەشێك نیۆە لە یادگاری"؟

نەسرین وتی: بەڵام یادگارییەکی تاڵ هێندە تاڵ کە هەموو شیرنیەکانی ژیان لەبیر مرۆڤ دەباتەوە؟!

خوشکان دەستی خستە سەر شانی: ئەزانی ئەگەر یەك دووساڵی دیکە ئەو برزۆی کادیرە لەناومانا بوایە هەموو دەبوینە کادیر؟! وای ئەو رۆژە چۆن کەس گوێی لە کەس نەدەگرتو هەموو بەردەبووینە یەکتر! ئەودەم کەس ئەویتری بەراست نازانی خۆی نەبێت. ئەم برزۆیە لەبری کاری باش هەموو ئاوایی فێری قسەی زل کرد، ئەوەتا لەناو ئەم بەدبەختیە گەورەیەشدا جگەلە قسەی قەبەو زل هیچی تر شك نابەین.

نەسرین قسەکەی پێبڕی: بەڵام من بۆ چرکەیەکیش بەدگومان نیم لە خوا، دەزانم تۆڵەی شتەکان دەکاتەوە، با ئێمەش بریندارو شکستە باڵ بین‌و ئازیزانمان لەدەست بچێت.

لەوکاتەدا گەیشتنە ئەو ئۆتۆمبیلانەی کەرۆستەم بەگ بەنیازی گواستنەوەیان ناردبووی، ئەوان دڵنیانەبوون ئاخۆ رۆستەم بەگ بەرەو

کوێیان دەبات، بەڵام هیچ چارێکی تریان نەبوو، هەموو خەڵکەکە سەرکەوتن.

نەسرین بیری لای قسەکانی چەند ڕۆژ لەمەوبەری زۆراب بوو "دەبێت چارەنوسمان بەکوێ بگات؟ ڕۆژ نییە چەند گوندێك نەبنە سوتمەڕۆ، نەسرین ئەگەر هەرچیەك ڕوویدا نابێت ئیرادەت لەدەست بدەی، من بمێنم یان نا دەبێ تۆ نەڕوخێیتو بەڵێنم پێبدەیت ئەم ئەشقەمان درێژە پێدەدەی".

زۆراب زۆر لەسەرخۆ ئەو قسانەی دەکردو بەهیچ جۆرێك ئەوە لەڕویدا دیار نەبوو کە نائومێد بووبێت، وەك جاران بزە لە لێوی نابڕاو لەنێو ئەو کارەساتەشدا بەورەوە دەدوا، لەگەڵ ئەوەشدا نەسرین ئەوەی دەخوێندەوە کە ئەمە وەکو وەسیەت وایە بۆیە چەند جارێك داوای لە زۆراب کردئەو قسانە نەکات. ئەوان تازە چەند ڕۆژێکی زۆر کەمیان مابوو هاوسەرگیری بکەن، نەسرین بەو قسانە توشی دڵەخورپە دەبوو، بەڵام کە زۆراب لێی دەپرسی ئەوە دەڵێی دەترسی؟ سەرێکی بادەدا وەك بیەوێت بڵێ نا، نەسرین بابەتەکەی دەگۆڕی "زۆراب پشتوێنی تازەت کڕیوە"؟

_ جا من پشتوێنی تازەم بۆ چییە، تۆ شێتی دەزانی تازەترین تازە لەسەر ئەم گۆی زەوییە بۆمن تۆی ئیتر پشتوێنی تازەی چی؟

+ بەڵام من پشتوێنێکی تازەم بۆ کڕیوی.

زۆراب دەڵێت هەرزوو زانیم بۆ ئەو پرسیارە دەکەیت، من زانیم تۆ منت لەبیر ناچێت، ئەو پشتوێنەی نەسرین بۆ زۆرابی دانابوو پشتوێنی

باوکی زۆراب بوو، بەڵام هەرگیز لەپشتی نەکردبوو. سی ساڵ لەمەوبەر کاتێ دایکی زۆراب شوو دەکات بە باوکی، دایکی ئەمە وەك دیارییەك لە حەمەشینەی بەقاڵ دەکڕێت بۆ باوکی، بەڵام ئێستاو ئەوجا لەڕووی نەهات بیداتێ. دوای سی ساڵ بێئەوەی ئەو چیرۆکە بۆ نەسرین بگێڕێتەوە، وتی "ئەم پشتوێنە بکە دیاری خۆت بۆ زۆراب". نەسرین ئەمەی بەلاوە گران بوو، هەوڵیدا بەناوی دایکی زۆرابەوە ئەوە بکات، بەڵام رازی نەبوو، ئەو وتی "دیارییەك کەهەرگیز دەستی ئەو کەسەی نەبینیبێت، ئیتر دیاری ئەو نییە".

ئەوکاتەی کە نەسرینۆ زۆراب چوونە خانەی هاوسەرگیری، ئەو خانەیەی لەناو هەموو گوندەکەدا بەس ئەو گڕی نەگرتو لەدورترەوە وەك خۆی مایەوە، ئەوکاتە نەسرین بیری چوو پشتوێنەکە بداتە زۆراب تابیکاتە پشتی، ئیتر زۆرابیش ئەو پشتوێنەی نەکردە پشت، ئەوەتا ئێستا هەمان پشتوێن لەناو ئەو بوخچەیەدایە وا بەبن باڵی نەسرینەوە. هەر ئەو بوخچەیە هەندێ ئاڵتونی دایکیو ئەو بڕە پارەکەمەی کە هەیانەو هەندێ متو مۆری خۆیو بڕێکیش سیغارو تووتنی باوکی تیایە.

نەسرین ئەو بوخچەیەی توونـد نوساندوە بەسنگیەوە، ئاخر ئەو بوخچەیە هەموو ناسنامەو وێنەو یادگاری ئەو خێزانەی تیایە. لەکاتی تەنگانەو ناخۆشیدا، مرۆڤ هەموو سەروەتو سامانی لە بوخچە یان پریاسکەیەکدا کۆدەکاتەوەو دەستبەرداری هەموو شتەکانی دیکە دەبێت. ئەو کاتانە هەموو ئەو کەلوپەلانەی کە گەورەن، با زۆر ئازیزیش بنو یادگاری زۆریان لەگەڵدا بێت، بەڵام ئەوانە دەبنە بارو مرۆڤ خۆی

لێیان دەرباز دەکات. لەنێو شتە وردەکانیشدا ئازیزو ئازیزترو ئازیزترین هەیە، تەنگانە بایەخ بۆ شتەکان پەیدادەکات.

لەتەنگانەدا شتە ئازیزەکان شیرینتر دەبن، بەڵام مرۆڤ ناچاری ئەوە دەبێت چی هەڵبژێریءو پشت لە چی بکات. هەموو چیرۆكو یادگاری کەلوپەلە شیرینەکان نوێدەبنەوە، هەموو یادەوەرییەکان دەگەڕێنەوە. راکە ڕاكو بەدبەختی باوكو دایکی نەسرینو هەموو گوندنشینانی فێری ئەوە کردوەو ئەوە یەکێکە لە وانەو پەندو ئەزمونە پڕبایەخەکانی ژیانی گوندنشینان.

ئەو شتە وردانەی ئەمڕۆ لەنێو بوخچەکەی نەسریندان ئازیزترینن، با دایكو باوکی نەسرین یادگاری زیاتریان لەگەڵ ئەو سندوقی بوراقەشدا هەبێت کەسی ساڵ پتر لەمەوبەر بەکۆڵێ کەیفەوە بە پیکابەکەی سەید ئەلی لە شارەوە هێنایانەو ئەو رۆژە خۆشترین رۆژی ئەوان بوو. ئەوەتا ئێستا ئەو سندوقە هیچ بایەخێکی بۆ ئەوان نیەو دەبێتە خۆراکی ئاگر، نەسرین کە لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا بەتەنیشت خوشکانەوە دانیشتوە لەجامی ئۆتۆمبێلەکەوە سەیری دەرەوە دەکاتو دەڕوانێتە هەموو ئەو شوێنانەی کە ماوەیەك لەمەوبەر سەرزەمینی ئازادی بوون، ئێستا ئەوەتا دەبنە سەرزەمینی ترسو تۆقاندنو هەڵاتن.

خوشکان بە لەپی دەستی پێش چاوەکانی نەسرین دەپۆشێو یاری بەلەپی دەستی دەکات "چییە لەکوێی"؟ نەسرین سەیری خوشکان دەکات "ئەزانی خوشکان چەند رۆژ لەمەوبەر ئەم ناوچەیە شوێنی

هەناسەدانی ئازادیو شوێنی دور لە دەستە رەشەکانی ستەمکاری بوون".

سەیارەکان بەڕیز دەڕۆیشتن، هەر سەیارەیەك دوو چەکداری رۆستەم بەگی لەگەڵ بوو، لەناو ئۆتۆمبیلەکەی خوشکانو نەسرین دا کە هەموویان ئافرەت بوون، جگەلە دوو پیرێژنی بەتەمەن ئەوانی تر هەموو کچی گەنج بوون، یەکێ لە چەکدارەکان رویکردە خەڵکەکە "بەڕێزان نیو سەعاتێکی تر دەگەینە ئەو دوو دەواجینەی رۆستەم بەگ، بۆ پشووی کاتی ئێوە بۆ ماوەیەکی کەم تەرخانیکردوە. کوێخا لەوێ چاوەڕێتان دەکات، تا شەو لەوێ دەبنو دوای نوێژی خەوتن دەچنە شارەوەو دەبێت زۆر ئاگاداربن، رۆستەم بەگیش لە خۆی دەترسێت.

خوشکان لەبەر خۆیەوە گوتی "خوا بکەم ئەمە مامەڵەو رەدەڵو بەدەڵ نەبێت". نەسرین کە لە ورتە ورتەکەی خوشکان نەگەیشتبوو، وتی "دەڵێی چی"؟ خوشکان لەدڵی خۆیدا گوتی چانییە ئەمیش وەك سەرۆك جاشەکانی تر لەپێش سوپاوە خۆی ناکات بە ئاواییەکاندا، خۆ هەندێ لەو جاشانە ئەوەتی هەن پێش قەرەوڵی دوژمنن.

ئۆتۆمبیلەکان کە جارجار تاسەیان دەکردو خەیاڵی پڕ لە خەمو ناسۆری خەڵکەکەیان دەشێواند، زۆر لەسەرخۆ رێیان دەکرد. هەندێجار سەرنشینەکان دوو دوو قسەیان دەکردو هەندێ جاریتر کپو بێدەنگ.

دایکی نەسرین کە فاتمەی ناو بوو لەخۆشەویستیدا هەر لەمناڵیەوە پێیاندەگوت "فەتوم"، بە بێدەنگی وایدەگوت "دەڵێی خۆڵی مردو کراوە بەسەریاندا".. ئەم فەتومە باوکی بۆیە ناوی نابوو فاتم، چونکە

دایکی ئەو ناوی فاتم بوو، دەڵێن ژنێکی بەدەمو دوو شارەزاو وتو وریابووەو خەڵك وەك گەورەی خۆیان سەیریان کردوەو پیاوان بە قسەیان کردوەو کەس لە قسەی دەرنەچوە، لەبەر ڕێزو حورمەتی زۆر هەموو خەڵکی پێیان وتوە "یا فاتم".

ئەم یا فاتمە لەکۆتایی (1800)کاندا سێ جار چوەتە حەجو ناوبانگی بەهەر چوار لای ناوچەکەدا بڵاوبوەتەوە، دەڵێن گوایە شیعری نوسیوەو شیعرەکانی زۆر قوڵو پڕمانا بوون. ئەم یافاتمە لە چاخی خۆیدا حسابی بۆ تورکو عەجەمو عەرەب نەکردوەو وتویەتی هەرکەسێ هاتە سەرتان چەکی لێ هەڵگرن. وتویەتی خوا فەرمانی پێکردوین کە ستەم لەکەس قەبوڵ نەکەین، فەتوم لەخۆشی ئەو یافاتمە ناونراوە، هەرچەندە بەمناڵی زۆر خۆشەویستو لەبەر دڵان بووە، بەڵام نەك نەبووەتە یافاتم بگرە هەردەم توڕەو بێحەوسەڵە بووەو لەهەموو شت قەڵس بووە، لە گەڵ ئەوەش ژنێکی دووربینو بەهەستو نەست بووە، توڕە بووە، بەڵام هەرگیز توڕەییەکەی بێهۆ نەبووە.

هەندێجاریش دەبووە گەڕەلاوژە، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو سەرنشینەکان لە سیمایاندا خەمو حەسرەت دەبینرا، تەنانەت چەکدارەکانیش کزو بێتاقەت بوون.. هێشتا کەس هەواڵی کوڕەکانی ئاوابی نەدەزانی، ئەوەش گرێیەکی تر بوو لە سەر دڵی خەڵکەکە، ئاخۆ چیان بەسەر هاتوەو بۆ دەنگیان نییە؟ ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە هەر کەسەو لەبەر خۆیەوە دەیکرد.

نەسرین دڵی لای هەموو شتەکان بوو، نەك هەر زۆراب بگرە کوڕانی گوند، دارو دەوەنەکان، مریشكو قەلو مراویەکان، کۆترو کەروێشکەکان، گردو تەلانو دۆڵو باسكو شیوو جۆگاو کانییەکان. ئەو دڵی لای هەموو شتەکان بوو، زۆراب لەسەروی هەموویانەوە. نەسرین برای نەبوو، تەنیا ئامۆزاو خاڵۆزاو پورزای هەبوو، گوندەکەیان جگەلە مەلا کە لەشوێنێکی دیکەوە هاتبوو، هەمویان کەسی یەکتر بوون، کوێخای گندیش کچی خۆی دابو بە مەلا، ئیتر ئەویش بووبووە بەشێك لەوان. خەڵکی ئاوایی بەتایبەت بەتەمەنەکان، مەلایان وەکو فریادڕەسو دەرگەوانی بەهەشت سەیر دەکرد.

کاتێ گەیشتنە شوێنی دەواجنەکان، چەکدارەکان داوایان لێکردن دابەزن، هەموو خەڵکەکە هاتنە خوارەو لە شوێنێك بە کۆمەڵ دانیشتن. سروشتی مرۆڤ وایە لەکاتی ناخۆشیو نەهامەتیدا لەیەکتر نزیك دەبنەوەو بەتەنیشت یەکترەوە دادەنیشنو سەر دەکەن بەیەکدا، هەموویان بەو جۆرە سەریان کردبوو بەیەکدا. یەکێ لە چەکدارەکان لە سەتڵێکی گەورەدا ئاوی بۆ هێنان، بە جامیلکەیەکی فافۆن کە نەخشو نیگاری لەسەر هەڵکۆڵرابوو ئاوی پێدان.

خوشکان سەتڵەکەی لە چەکدارەکە وەرگرتو خۆی ئاوەکەی دابەشکرد، چەکدارەکە بێئەوەی هیچ پێداگریەك بکات بە شەرمێکەوە سەتڵەکەی دایە دەست خوشکانەوە. لە سیمای چەکدارەکەدا کە کوڕێکی گەنجو جوانکیلە بوو، شەرمەزارییەکی زۆر دەبینرا، وەك ئەوەی بیەوێت بڵێ من شەرمەزارم ئێوە بەو حاڵەوە دەبینم.

پاش ئەوەی  خوشکان ئاوی دایە هەموویان، سەتڵەکەی دایەوە دەست چەکدارەکە. چەکدارەکە وتی "خوشکە گیان بەخوا من کە ئێوە بەو جۆرە دەبینم تف لە خۆم دەکەم"، خوشکان وەك ئەوەی دڵی بداتەوە وتی "خوا گەورەیە کاکە".

خوشکان جامەکەی لەگەڵ خۆی هێنا بۆ ئەوەی تەواو لێی وردبێتەوە، ئەو بەوردی سەیری ئەو هەڵکۆڵینەی دەکرد کە لەنێوان وێنەو نوسیندا بوو. هەڵکۆڵینەکانی لالە سوڵتان کاکەیی بیر کەوتەوە، ئەو پیاوەی کە نەخشی لە سەر گۆزەو هیزەو دیزەو کوپەو شەربەکان دەکردو دێ بە دێ بە ترومبێلێکی دۆجەوە دەگەڕا تا لێی بکڕن.

لالە سوڵتان کە چەندین ساڵە کەس باسو خواسی نازانێ، یەکێ بوو لە دەست ڕەنگینە بەناوبانگەکانی ئاواییەکانی کاکەیی نشین، ئەو سەیدو پیاوچاکو کورد پەروەر بوو، گۆزەو جەڕەو کوپەی زۆر جوانی دەنەخشاندو هەرگیز خەمی ئەوەشی نەبوو پارە لەبری ئەوە وەردەگرێت یان نا. هەندێجار وا ڕێکدەکەوت بۆ چەندین ساڵ پوڵێك لە پارەی ئەو کەلوپەلانە ناچووە گیرفانیەوە.

لالە جگە لەو کارە سەربەرزانەیە، یەکێ لەمەقامزانو هەرە دەنگ خۆشەکانی کورد بوو، هەندێك خەڵك لالەیان بە ئەفسانە دەزانی، ڕۆژگارێك وون دەبوو دوای لەپڕ دەردەکەوتەوە، بەڵام چەند ساڵ لەمەوبەر بەیەکجاری وون بوو. ئەڵێن گوایە لە شوێنێك، ئێوارانێك وتویوتی "دەمەوێ ئەمشەو سەردانی سوڵتانی مەزن بکەم"، لەوە بەدوا هیچ ڕۆژێکی تر دەرنەکەوتوەتەوە، تەنانەت بۆ چەندین ڕۆژ دنیاو بنیای

بۆ گەڕاونو قاسیدیان بۆ ئێرانو توران ناردوە وەك ئەوەی ئەرز قوتی دابێت یان ئاسمان هەڵیلوشیبێت، ئەو چوونە چوو نەگەڕایەوە، خوشكان بێ ئیرادەی خۆی فرمێسك بە چاوەكانیدا جۆگەلەی بەست، كاتێ نەسرین لێی پرسی "ئەوەدەگریت"؟ وتی "ئەزانی ئێستا كە سەیری ئەو جامیلكەیەم دەكرد بیرم لە كێ دەكردەوە"؟ پێش ئەوەی خوشكان قسەبكات، نەسرین وتی "لالە سوڵتان"، وتیەوە خۆزگامان بەو رۆژانە، ئەوە رۆژە جوانەكانی ئێمە بوون.

ئەزانی نەسرین لالە سوڵتان دەرمانی كوردەواریشی دروستدەكرد، بیرتە ئەو پێشمەرگەیەی دوای بەركەوتنی چەند گوللەیەك لە شاخیش كەوتبووە خوارەوە، كەچی لالە سوڵتان وتی بۆ منی دابنێن، بە چل شەو كردییەوە كوڕەكەی جاران. ئەزانی ئەو كوڕە هەر دەتگوت هەرگیز بریندار نەبووە.

نەسرین سەیرێكی كردو وتی "چۆن بیرم نییە، وای بۆ لالە سوڵتانو كوێرایم دایە بۆ ئەو كوڕە بەغیرەتە. ئەزانی هەموو ناو سكی لەو ناوە بوو هێشتا بەورە بوو، بیرتە دایكو خوشكەكانی لە شارەوە هاتن بۆ لایو دایكی كەوتە سەر زەوی، ئێستە نەمردوە هەزار ساڵە، ئەزانی خوشكان ئەو كوڕە ئازایە دواتر لە شەڕێكی ناوخۆدا بە دیل گیراو كوژرا".

خوشكان وتی: ئەو رۆژەی بەدیل گرتیان، هەموو ئاواییەكانی ئەم ناوچەیە چونە تكای بەردانی، بەڵام بەریان نەداو ئێوارەكەی لە شیوی

بێمەحکەمە کوشتیان. وتیان مامۆستاو مەلای گوندەکەی ئەوبەر قورئانی بردوەتە تکایان هەر گوێیان لێنەگرتووە !

نەسرین جامەکەی دەبردەوە بۆ شوێنی خۆی، هاتەوە یادی کە هەر ئەودەم ئەوە بڵاوبووەوە ئەو کەسەی کوڕە لاوەکەی شەهید کرد، ڕۆژێکی لەناکاو کەنێك ڕما بەسەریاو مرد. ئەڵێن چوار پێنج سەعات خەریك بوون تا خۆڵەکەی سەریان لادا، دایکی کوڕە دیلە شەهیدەکە روویکردبوە ئاسمانو یەخەی خۆی دادڕیبوو "خودایە ئەوەی کوڕەکەی منی بەدیلی کوشت، بەزیندوێتی بیخەیتە ژێر گڵەوە". خەڵکی وتیان خوا ناهەقی قەبوڵ ناکات، ئاخر ئەوە بڵاو بوو کە گوایە سەرکردایەتی دیل کوژەکەش نامەیان بۆ ناردبوو کەچی ئەو گوتبووی "ئەمە پشیلەی حەوت روحە، جارێ تر خوا کوشتی کەچی نەمرد"! نەسرین ئەوەی بیستبوو هەر ژنێك منالّی نەبێت، ئەچێتە سەر گۆڕی ئەو کوڕە دیلە کوژراوەو داوا لە خوا ئەکات بەدەنگیەوە بێت، خوای گەورەش کوڕێکی ئەداتێ. تائێستا دەیان ژن ئەوە لێیان روویداوە. برزۆی کادیر ئەیوت ئەوە پەیوەندی بە نیەتی دڵو بڕوای خەڵکەوە هەیە بە پاکی ئەو کەسەوە، خوا چی داوە لە کاری وا.

چەکدارەکان نانێکی سەرپێیان دایە خەڵکەکەو وتیان تۆزێکی تر ڕۆستەم بەگ خۆیشی سەردانتان ئەکات، یەکێ لەکچەکان کە ناوی خونچە بوو لەو ساتەوە گەیشتبوون بەردەوام چاوی چەکدارە شەرمنەکەی لەسەر بوو، خونچە روویکردە خوشکانو پێیووت "ئەمە

چیە"؟ پاروەکەی نیشانی دا، خوشکان وتی ئەوە لەشار پێی دەڵێن "فەلافل"، خونچە وتی: جائەوە نۆکی هاڕراوە.

نەسرینو خوشکانو سێ چوارێ لە کچەکان، بەسەر خەڵکەکەدا دەسوڕانەوەو هەواڵیان دەپرسین، ئاویان بۆ دەهێنانو لەخەمیاندا بوون، هەموویان چاوەڕوانی هاتنی رۆستەم بەگ بوون.

کەسێك لە شارەوە هاتو چەکدارەکانی لە شوێنێ دوورتر لەخەڵکەکە کۆکردەوە، هەندێ چپەچپیان کردو جۆرێك لە مقۆ مقۆو شپرزەیی لەناویاندا دروست بوو. کابرا خەڵکەکەی کۆکردەوەو وتی "خزمینە بەداخەوە ئەمن ئەمڕۆ رۆستەم بەگیان بردو نازانین چی دەبێت، بەڵام بەگ منی راسپارد کە بێمو ئەمشەو دوای بانگی شێوان بتانبەمە ناو شارەوە، داوا دەکەم زۆر وریا بنو لەکاتی گەیشتنە ناوشار دەنگەدەنگو هەرا دروست نەکەن، لە رێگا سەیتەرەیەکی ئەمن هەیە ئێمە دەبێ لەپشت سەیتەرەکەوە بچینە ناو شارەوە، لەوێش دەبێ هەر کەسە خۆی بکاتە ماڵە خزمێکیاو چاوەڕوانی ئەوە بێت چی ڕوودەدا".

خەڵکەکە بە هەواڵی گرتنی رۆستەم بەگ زۆر خەمبار بوون، بەڵام هیچیان لە توانادا نەبوو، جگەلە خەمو نیگەرانی.

چەکدارە تازەکە ئەوەی لە شارەوە هەواڵی گرتنی رۆستەم بەگی هێنا، وتی "کوێخاش نەیتوانی بێت، بەڵام خەمی ئێوەی بوو، تکایە ئێستا بابکەوینە رێ، جگەلە پارەو ئاڵتون هیچی تر لەگەڵ خۆتان مەبەنە شارەوە. ئەگەر شتتان پێیە لێرە دایبنەن، دواتر ئەوە چارەسەر

ئەکەین". خەڵکەکە ئەوانەی هەندێك شتیان بەلاوە زیادە بوو جیایان کردەوەو لە شوێنێکا دایاننا، هەریەکەش نیشانەیەکی لەسەر دانا.

## 4

زۆرابو هاوڕێکانی مەڕو ماڵاتی گوندیان بە دۆڵە درێژی ئەوبەری ئاوایدا دایە پێش، بەو هیوایەی بگەنە شارۆچکە بچوکەکەی دامێنی چیا. لەپێشەوە دوان لە کوڕەکانیان نارد بۆ شارۆچکەکە، ئەوان لەوێ دوو پۆلیسی مەخفەرەکەیان دەناسی، زۆراب بە کوڕەکانی وت "تا ئەتوانن دەمیان چەور کەن، لەرۆژی ئاوادا مرۆڤ ناچارە پەنا بۆ دوژمنیش بەرێت". یەکێ لە کوڕەکان پێش رۆیشتنی، بە هاوڕێکانی وت "هەرچەندی دڵم باش ناڵێت، بەڵام هەر دەچین، ئەگەر تا مەغریب نەگەڕاینەوە خۆتان دەرباز بکەن چش لە مەڕو ماڵات".

چەندجارێك كۆپتەر بەو ناوەدا هاتو هەر لە خۆڕا خومپارەو ناپاڵمی فڕێدەدا، کوڕەکان پێشتر بارودۆخی ئاوایان زۆر دیبوو، بۆیە ئەو شتانە نەیدەترسانن. برزۆی کادیرو هاوڕێکانی بە کوڕەکانی گوندیان وت "ئەم کۆپتەرانە توشی بەزمێکمان ئەکەن بۆیە ئێوە دەرچن، ئێمە هەوڵئەدەین سەرقاڵیان کەین".

برزۆو هاوڕێکانی لەدۆڵێکی دورتر لە کوڕەکان، کۆپتەرەکانیان دایە بەر رێژنەی گولە. یەکێ لە پێشمەرگەکان ئاربیجیەکی نایە کۆپتەرێکەوە،

هێندەی نەمابوو بیپێکێ. کۆپتەرەکان کە چوار کۆپتەری جەنگی بوون لەترسان چونە تاریکایی ئاسمان، ئەمە بۆ دورکەوتنەوەی کوڕەکان زۆر باش بوو.

برزۆو هاوڕێکانی دوای ماوەیەکی کەم لەگەڵ کۆپتەرەکان رووبەڕووبوونەوە، ئەمجارە زۆر بەچڕی ناوچەکەیان دایە بەر خومپارەو تۆپ. دیاربوو بەجیهاز داوای هێزی پیادەشیان کردبوو، بۆیە بەخێرایی لەهەموو لایەکەوە جەیش‌و جاش روویان کردە ناوچەکە. ئەو کاتە زۆراب‌و کوڕانی ئاوایی زۆر دورکەوتبونەوە، ئەوانیش کە کەم نەبوون هەموو چەکیان پێبوو، گفتوگۆی ئەوەیان کرد هەندێکیان لەگەڵ زۆراب بگەڕێنەوە بۆ هاوکاری برزۆو هاوڕێکانی، بەڵام برزۆ بە گۆڕی شەهیدان سوێندی دابوون کە نابێ کەس بگەڕێتەوە، ئەگەر هاتوو بەبەرچاویانەوە ئەوان کوژران نابێ بگەڕێنەوە. برزۆ وتی "من بەڵێنم بە خەڵکی ئاوایی داوە تا لەژیاندا بم نەیەڵم ئێوە بکەونە مەترسیەوە، لێم گەڕێن با بەڵێنەکەم ببەمەسەر". کوڕەکان تکایان کرد یەك دوانێکیان لەگەڵیان بن، بەڵام ئەو سەر سەختانە پێداگری لە قسەکانی خۆی دەکرد "من تائێستا چەندجار لەنزیکی مەرگ گەڕاومەتەوە، ئێوەش رۆڵتان بووە لەوەی کە هێشتا من‌و هاوڕێکانم لە ژیانداین، بیرتان چوو ئەگەر ئێوە نەبوونایە جارێکیان زرپ‌و زندو هەمووومان دەگیراین"، یەکێ لە کوڕەکان وتی، بەڵام خۆ ئێوەش کەمتان بۆ ئێمە نەکردوە.

برزۆ ئارام‌و لەسەرخۆ بەرەو ئاراستەی لاوەکە رۆی "سەیرکە گەنجۆ ئەو ژیانەی ئێمە دەژین لەئێستادا لە زیادەیە، من جارەها دەبوایە ئێستا

لێره نەبام، ئەم هەلە بۆ تاقیکردنەوەی ئازایەتی بەهیچ شتێك ناگۆڕمەوە"، کوڕەکە سەیری برزۆی دەکرد، بێئەوەی هیچ بڵێت.. برزۆ درێژەی دایە "ئەزانی لاوۆ من هەموو هەلێکی تاقیکردنەوە کە لەدەستمداوە زەرەرم کردوە، یەکەمین هەلی خۆشەویستی لە زانکۆ، دڵی کیژێکی تورکمانی زۆر شۆخ و شەنگم شکاند، من پێموت دڵخوازێکی دیکەم هەیە، ئەوکات نیشتمانم لەهەموو شت خۆشتر دەویست، ئەو کچە ئیدی جارێکی تر نەگەڕایەوە ئەو زانکۆیەو خۆی گواستەوە بۆ شوێنێکی تر، هەلێکی گەورەم بۆ هەڵکەوت بچمە ئەروپاو درێژە بە خوێندن بدەم ئەوەشم نەکرد، ئێستا تۆ گەرەکتە ئەم هەلی تاقیکردنەوەی ئازایەتیەم لەدەست بدەی؟".

لەگەڵ کوڕەکان یەکیان لە ئامێز گرت و هیوای دیداری تریان بۆ یەکخواست، زۆراب دەستی لەملی برزۆ کرد "براکەم ئاگاداری خۆت بە".. برزۆ کە بەتوندی زۆرابی گوشیبوو بەخۆیەوە، پێیوت "کوڕی باش ئەوەتۆی دەبێ من پێت بڵێم ئاگاداری خۆت و ئەم کوڕانەو نەسرین–یش بە، دەبینی ئەرکی تۆ زیاترە لە ئەرکی من"، هەردوکیان بزەیەك کەوتە سەر لێویان. زۆراب وتی "هەمیشە تۆ پیاوە سەرسەختەکەی، ئەوی خۆت ووتت هەر ئەوەیە، بۆیە نامەوێ پێداگری بکەم لەوەی یەك دوانێ لەکوڕەکان لەگەڵتا بمێننەوە، بیرت نەچێت هەر بوارێ رەخسا سبەی دو با هەواڵت بزانین"، هەموو ئەمانە بیری کوڕەکان کەوتەوە، بۆیە نەیانویست داواکەی برزۆ بشکێنن، هەرچەند

بینینی ئەو هەموو جەیش‌و جاش و کۆپتەرەش ئازار بەخش بوو، موژدەیەکی خۆشی نادا.

برزۆو هاورێکانی ڕووبەڕووی شەڕێکی سەخت بوونەوە، لەزەوی‌و ئاسمانەوە ئاگریان بەسەردا دەباری، کوڕەکان هەرچەندە دوور بوون، بەڵام ئاگاداری ئەو شەڕە بوون، ئیدی بواری ئەوەش نەمابوو کە سێ چوارێکیان بگەڕێنەوە. ئەو دوو کەسەش کە چووبوونە شارۆچکەکەوە هیچ هەواڵیان نەبوو.

کوڕەکان بەخۆیان‌و مەڕو ماڵاتەکەوە زۆر لە شارۆچکەکە نزیکبونەوە، لەو نزیکە چەم‌و دارێك هەبوو ئەوان گەیشتبوونە ئەوێ. لێرەوە بۆ شارۆچکەکە بە قسەی زۆراب هەر چارەکە ڕێیەك بوو، ئەوە ئەو شوێنە بوو کە دیاریان کردبوو بۆ هاتنەوەی هاورێکانیان، لەو نزیکەش گوندێك لە سەر راستە جادەکە هەبوو، ئەوەش بۆ ئەوان زۆر باش بوو، یەکێ لە کوڕەکان دەیوت "ئێرە باشیەکەی لەوەدایە، وەك ئەوەی خەڵکی ئەم گوندە بین".

زۆراب کەمێك لەولاترەوە فۆتە زەردەکەی نەسرینی بەدەستەوە بوو، تەماشای دەکردو بۆنی پێوە دەکرد "ئاخۆ ئێستا لە کوێن‌و چی دەکەن؟". یەکەمین جار کە چونە خانەی هاوسەرگیرییەوە چەند سات بەر لەچوونیان هەموو شتێ ئامادەکرابوو، نوێنێکی تازەو نەرم‌و نیان.. ژورێك کە تابلێی بۆنێکی خۆشی لێدەهات، هەر کەپێیان خستە ژوورەکەوە ئەو بۆنە خۆشە مەست‌و حەیرانی کردن، تا تینیان تیابوو بۆنی ژورەکەیان هەڵمژی.

دوو ڕۆژ بوو خوشکان لە هەموو جۆرە گوڵەکانی ناوچەکەی کۆدەکردەوە، شەوی پێشوو بۆ ماوەیەکی زۆر کوڵاندی، دواتر ساردی کردەوە. گوڵی گوڵەباخ و ڕێحانەو نێرگزی مێرگەگوڵی ناوچەکەو تەواوی گولیلکەو گژو گیای بۆنداری تێکەڵ کردبوو، دوای سارد کردنەوە، بەنەرمی پڕاندیە سەر جیّو بان‌و نێو ژوورەکەدا، ئەوە جگەلەوەی بەشێکی زۆریشی لە یەکێ لە تاقەکاندا دانا. ئەو هێندە بە شارەزایی ئەو کارەی کردبوو وەخت بوو خۆی لەنێو ئەو بۆن‌و بەرامەیەدا لە هۆش خۆی بچێت، بۆنەکە مرۆڤیان مەستی چێژو راموسان دەکرد، هەر ئەوەش وایکرد لەگەڵ چوونە ژوورەوەدا زۆراب یەکسەرە فۆتەکە لە سەری نەسرین لابەرێت‌و بکەوێتە ماچ‌و موچی لامل‌و گەردنی.

ئەوان لەنێو ئەو بۆن‌و بەرامەیەدا هێندەی نەبرد دوو جەستەی رووت ئاوێزانی یەکتر بوون، لەو دەمەدا هیچ شتێك لەسەر گۆی ئەم زەوییە نەبوو بەلای زۆراب‌و نەسرینەوە جگەلەو ساتە، ساتێك کە کەسیان هەستیان بە بوونی ناکرد. خەیاڵ زۆرابی بەرەو دنیایەکی تر برد، دنیایەك کە هەر خۆی‌و نەسرین بەسەر پشتی بەلەمێکەوە دەریاو زەریاکانیان تەی دەکرد، بەلەمێك کە هەندێجار بە ئاسماندا دەفڕی‌و هەندێجاری دیکە بەنێو دارستانەکاندا لەنێوان دارەکانەوە رێی دەکردو بەهەردوولادا دارەکانی دەخست بۆ ئەوەی تێپەڕێت.

لەگەرمەی ئەو خەیاڵەدا نەسرینیش وەك فریشتە بەشوێنێکدا تێدەپەڕی هەرگیز لەوەناچوو ئەو شوێنە لەسەر زەوی هەبێت، لەو شوێنە دەچوو کە مەلا مامۆستا لە پیاهەڵدانی بەهەشتا باسی دەکات. نەسرین چەند

کیژۆڵەیەکی ژیکەڵەو ناسکو قەشەنگی بێوێنەو باڵدار دەستیان گرتبوو، بەنێو لالەزارێکی دەگمەندا دەیانبردو دەیانهێنایەوە، هەرای هاوڕێکانی زۆراب ئەویان بە ئاگا هێنایەوە، کاتێ هاواریان دەکرد کۆپتەرێك بەر بووەوە، زۆراب فریانەکەوت کۆپتەرەکە ببینێ، بەڵام هەستایە سەر پێو بەخێرایی بەرەو بەرزییەکە هەڵات، لەو شوێنەی هەندێ لە کوڕەکان سەیری شوێنێکی دوورتریان دەکرد، کاتێ زۆراب گەیشتە ئەوێ لە دورەوە گڕو دوکەڵێکی زۆری بینی، لەتەنیشتیەوە دارا وەستابوو رویکردە داراو وتی "کوڕەکان نەهاتنەوە؟".. جارێ دەنگیان نییە، ئەمە وەڵامی دارا بوو.

بۆ زۆراب دارا تاقانە کوڕی خەج بوو، خەج یەکێ لە ژنە ژیرو زرنگەکانی ئاوایی بوو، هاوسەری خەج بەرلەوەی دارا ببینێ لەسەر شیوعیەت، دەستگیر دەکرێتو دوای شەش مانگ لەدار دەدرێ، هەرچەندە ئەو کاتە شیوعیو دەسەڵاتیش زۆر نزیك دەبن لەیەکەوە، بەڵام ئازادەڕەشی باوکی دارا دەبێتە یەکەمین قوربانی دوای پەیوەندییەکی بێماناو خوێناوی.

ئێستا دارا هێشتا شانزەساڵێتی، بەڵام تابڵێی کوڕێکی خوێن شیرینو قسەخۆشو وتو وریاو بەدەستو برد بوو، هەرچیەکیان پێگوتبا دەستبەجێ دەیکردو بۆ کاری باش نایزانی بڵێ نا. ئەو لە شار دەیخوێند، بەڵام چەند مانگێ لەمەوبەر ئەمنەکان تەنگ بەدایکی هەڵدەچنو رۆژانە دەنێرن بەدوویدا تا لە ئەمن ئیمزا بکات، لەو نێوەندەدا هەندێ چڵێسو مشەخۆری هەتیوچەش دەیانەوێت ئەمە بۆ

کاری تر بقۆزنەوە، بۆیە باوکی خەج دەستی کچو کچەزا دەگرێتو دەیانبات بۆ گوند.

خەج تکا لە باوکی دەکات لە شار دوریانخاتەوە"بابە گیان ئەوانە وەك گورگی برسی چاویان لەسەرمەو ترسی ئەوەم هەیە حەیاو شەرەفم بەرنو شەرمەزاری لای خواو تۆو کەسوکارو گۆڕە ونەکەی ئازادەڕەش بم، بمبەرەوە بۆ گوند چی دەبێ بابێت. چانییە لێرە نابێ، بۆ خوێندنەکەی داراش کە وەسیەتی ئازادە خوێندن تەواو کات خوا گەورەیە، خۆ دنیا هەر وانابێت، کێ دەڵێ سبەی لایەك بەلایەکدا ناکەوێت"، باوکی خەج بەم قسانە بست بست باڵادەکاتو هەڵدەستێت تەوێڵی کچەکەی ماچ دەکاتو بەچاوی پڕ فرمێسکەوە روودەکاتە ئاسمان "ئەمساڵی سەبرە کەی کۆتایی دێت، ئێمە هەموو کۆتایمان هات، کەی وەڵامی ئەو هەموو دادو بێدادە دەتەیتەوە، ئێمە هەرچی لەسەرمان بوو کردمان؟".

هەرچەند خەج لەبەر دارا پاڕایەوە کە دەبێت لە یەکتر جیانەبنەوە، بەڵام دارا وتی "دایە گیان ئیتر من پیاوم، تۆ ناتەوێ ئازادەڕەش جێگاکەی چۆڵ نەبێت، دەئیتر لێمگەڕێ باوەك پیاو مامەڵە بکەم"..

دارا لەبەر خۆشیەوە وتی "ئەم ململانێیە جوانترین قۆناغی ژیانی منە، ئێستا هەستدەکەم کە هەم، بۆیە ئامادەنیم سازش لەسەر ئەم بوونە بکەم، مرۆڤ بەردەوام لەکاتی ناخۆشیو خۆشاردنەوەو راکردنو رووبەڕووبونەوەدا زیاتر ژیانی خۆشدەوێتو لە ئامێزی دەگرێت، ئەوەی لەژیانی ئاساییو سادەو بێماناڈا بەهەدەر دەچن، هەرگیز ناکرێ وەك

بەشێکی پڕ بایەخ لە ژیانی مرۆڤەکان سەیر بکرێت". بەدایکی وت "ئەمەوێ ئەوە نیشانبدەم کە هەم لەگوند ئەو بوارەم بۆ نارەخسێ، چونکە هەموویان لەمن شارەزاترن، ئێستا کاتی منە ترسی هیچت نەبێ حسابی پاراستنی خۆیشم کردوە، تۆ ناتەوێ کەسێکی باشتر لە ئێستای من ببینی؟".

دایکی باوشی پیاکرد "ئیتر تۆ گەورەبوویتە، تەنانەت قسەکانیشت زۆر گەورەن، بۆیە رێگریت لێ ناکەم".. بیری لای قسەکانی باوکی بوو، کە هەمیشە دەیوت رۆڵە من نامەوێ ببنەوە من، جیاوازبن‌و وەك ئەوەی خۆتان ئەتانەوێ ئەوەبن، بەڵام مرۆڤبوونی خۆتان بیر نەچێت.

دارا سەیرێکی زۆرابی کرد، زۆراب ئەو کاتە دەمێ بوو لە خەیاڵی قووڵی نەسرین‌و برزۆی کادیرو خەڵکی ئاوایدا ئاگای لە دەوروبەرو دەرەوە بڕابوو، کاتێ دارا وتی "کاك زۆراب تاکەی لێرە بین تۆزێ تر تاریك دایەت؟". زۆراب دوای ئەو قسەیە کوڕەکانی کۆکردەوەو باسی پلانی خۆیانی بۆ کردن، ئەو کاتە تەواوی ران‌و گاڕانی ئاوای دەتگوت لە پەلاماری درندەو بڕندە ترساون، تێکڕا خۆیان لە قولایی چەم‌و دارەکەدا مۆڵ دابوو، بارەو بۆڕەشیان لە خۆیان بڕیبوو، ئەمە بۆ کوڕەکان جێی سەرسامی بوو، یەك دوانێکیش ئەوەیان بەبەختی باش بۆ خۆیان لێکدایەوە.

زۆراب دەستی بە قسەکردن کرد "سەیر کەن کوڕینە راستە ئەمە رۆژێکی زۆر ناخۆشە، رەنگە بۆ من لەهەمووتان ناخۆشتر بێت، ئەوە ناکاتە ئەوەی بەچۆکدا بێین، ئێمە ئێستا ئیتر سی کەسین، دەتوانین

ببینه سێ بەشەوە، لەکاتی ناچاریدا ئەگەر شتێکیش روویدا نابێت هەموو تیاچین.. ئەرکی ئێمە قورسە، هەمووممان ئەمانەتین لای یەکترو سەروەتو سامانی گوندیش ئەمانەتە لای ئێمە، نەکەن پشت بکەنە یەکتر.. دوای ئەو شەڕەی ئەمڕۆ ئیتر دۆخەکە خەراپترەو دەشێ سبەینێ زۆر خراپتریش بێت، نازانین کاك برزۆو ئەو کوڕانەی لەگەڵی بوون ماون یان نا، نازانین ئەو دوانەی خۆمان کە ناردومانن بۆ شارۆچکەکە دێنەوە یان نا، نازانین خەڵکی ئاوایی چیان بەسەرهاتوە، بۆیە بەهەر شێوەیەکە نابێت ئێمە هەموومان لەناو بچین ئەگەر شتێکیش روویدا، ئەوەتان بیر نەچێت".

یەکێ لەکوڕەکان وتی "چۆن دابەش بین؟". زۆراب بە چیلکە دارێك لەسەر خۆڵەکەی بەردەمی سێ خەتی کێشا، وتی: ناکرێ ئاژەڵەکان دابەش بکەین تا نزیکی شارۆچکەکەش دەبێ بە ئەسپایی پێکەوە بین، لە کەناری ئاوەدانی ئەو ڕێیەی پێویستە لێوەی بچینە ناوشارەوە ڕێیەکی ترسناکە، باشترە لەو نزیکە سیان لە هەرە لاوەکان ئەوانەی بەتەمەن لە ئێمەو مانان بچوکترن‌و گومانیان لێناکرێت مەڕو ماڵاتەکە بەرنە شارەوەو خۆشیان وانیشان بدەن کەئەوە مەڕو ماڵاتی ئەوێیە، ترستان نەبێت ئێرە مەڕو ماڵاتی زۆری هەیە، من ناوی سێ خاوەن مەڕو ماڵاتی ئێرەتان ئەدەمێ کە ئەگەر شتێ بوو بڵێن هی ئەوانە. ترسی ئەوەشتان نەبێت ئەوان لەو جۆرەن کە ئەگەر پرسیاریشیان لێ بکرێت، خۆیان دەکەنە خاوەنی‌و هاشای لێناکەن. بۆ ئەو کارە داراو شاسوارو

جەنگی باشترینن، رەنگە تۆزێ دارا لە شوانیو گاوانیدا فرەزان نەبێت، بەڵام کەسێکە پشتی پێدەبەستریّو کوڕی ئازادەڕەشە ئەوە بەسە.
شاسوار ئامۆزای زۆراب بوو، کوڕێکی تا بڵێی دەنگخۆشی گوند بوو. کاتێ ئەو گۆرانی دەگوت هەموو کەس لە ئاوایدا لەوتەو سرتە دەکەوتن، ئەو هەموو گۆانییەکانی حەسەن زیرەکو حەمەی مامڵێو عەلی مەردانو سەید ئەلی ئەسغەری کوردستانی لەبەر بوو، بەڵام بۆ خۆی زۆر سەرسامی حەمەساڵح دیلانو مەزهەری خالقی بوو. جەنگی سەرەڕای منالّیەکەی، کەچی نیشان شکێنێکی بێوێنە بوو، خەڵکی ئاوای دەیانگوت وابڕوا ئەم جەنگیە دەرزی لە حەوادا دەکاتە دوولەتەوە.
زۆراب روویکردە کوڕەکان "ئەمەتان پێباشە، یان پلانی باشتر شك دەبەن؟". بێئەوەی ورتەیان لەدەم بێتەدەر، بە ئاماژە سەری رازی بوونیان بۆ باشی ئەم بەشەی پلانەکە نیشاندا.
زۆراب دەستی بە قسەکردەوە"دوای نیوسەعات لە چونی ئەوانو گەیشتنیان بە ئەو مالآنە، نۆکەس لە کوڕەکان لە قۆڵی خوارووی شارۆچکەکەوە، خۆیان دەکەنە ماڵی ئەوڕەحمانا، سەرپەرشتی ئەم دەستەیە ئەولقادر ئەیکات هەم خزمی ئەوڕەحمانەو هەم ماڵەکە باش دەزانێ". دیسان وتی "سابیر لەگەڵ هەشتی تر لە کوڕەکانا، بەنێوچەمەکەدا دەڕۆن بەرەو مزگەوتی گەورەی شار، دەبێ زۆر وریابن. کاتێك گەیشتنە مزگەوتەکە، هەوڵبدەن لە مزگەوتەکە یان لەیەك دوو ماڵی نزیکی ئەوێ خۆتان حەشاردەن تا بەیانی، ئیتر بە جۆرێ یەك

دەدۆزینەوە. منو کوڕەکانی تریش لەودیوی شارۆچکەکەوە دەچینە ژورەوە.

زۆراب وتی: ئەو کلاشیکۆفو دەمانچانەی پێمانە پێویستە بە ئاگاداری سێ کەسمان لە شوێنێك لەم نزیکە بیشارینەوەو شتێك بکەینە نیشانە، جارێ نیو سەعاتێ تر چاوەڕێی حەمیدو مستەفا ئەکەین. حەمیدو مستەفا ئەو دوو کەسە بوون، کە چەند سەعاتێ بوو چووبوونە شارۆچکەکەوەو تائێستا هەواڵیان نەبوو، ئەوان بۆ ئەوە چون چارەسەرێك بدۆزنەوە، بەلام هیچ دەنگیان نەبوو، کاتیش بەرەو درەنگ دەچوو. شێوەیەك لە ترسو نیگەرانیش بە ڕەنگو رووی هەندێ لە کوڕەکانەوە دیاربوو، ئەو پلانو قسەو باسانەی زۆراب تاڕادەیەکی زۆر ورەی پێبەخشینو ئارامی کردنەوە.

# 5

نەسرینو خوشکان پێکەوە دەڕۆیشتن، چەکدارەکان سێ چوارێکیان لەپێشەوەو سێ چوارێکیان لەدواوە بوون. خەڵکەکە لەسەر یەك ریز دەڕۆیشتن، نەسرین بە خوشکانی وت "بڵێی ئیتر زۆرابو ئەوان ببینینەوە؟". خوشکان کە پێدەچوو لەژێر لێوەوە شتێ بڵێت، سەیرێکی نەسرینی کرد، "بەخوا ئەقڵو دڵم هەریەکە شتێك دەڵێن، خۆیشم سەرم لێدەرناچێت". هەردوکیان کە لەنزیکی پێشی پێشەوە بوون، سەیرێکی خەڵکەکەیان کرد، نەسرین وتی: وای بۆ ئێستاو وای بۆ چەند رۆژ لەمەوبەر؟!

خوشکان وتی "ئەزانی هیچمان پێشبینی ئەوەمان ناکرد؟"، بەرلەوەی نەسرین هیچ بڵێت خۆی دەستی بە قسان کردەوە.. دەبوایە یەك ساڵ لەمەوبەر پێشبینی ئەوەمان کردبا، بیرتە کۆپتەرەکان حەمەشینەیان بە چ دەردێ برد؟ ئەوان پاش ئەوەی لە لاندکرۆزەکەی دەیهێنە خوارەوە، هەموو دەرگاکانی پێدەکەنەوە، هێشتا واز ناهێنن، وتیان روتو قوتیان کردوەتەوە، بەستەزمانە هەموو کەلوپەلەکانی بەری فڕێدەدات، دواتر ئەو بوکە شوشەیەشی پێ فڕێدەدەن کە بۆ کچە تاقانەکەی هێنابووی.

پاشان نیشانیان لێگرتوە، ئاخر لەکوێی دنیا بووە کۆپتەر نیشان لە مرۆڤ بگرێت؟ ئێمە دەبوایە هەر ئەوسا حسابی خۆمان بکردایە، نازانم بۆ کەس ئەقڵی بەوەدا نەشکا؟! هەرکەس دەیگوت زریانەکە نزیکە کەچی کەسمان، بیرمان لەوە نەکردەوە چۆن خۆمان دەرباز بکەین.

نەسرین بیری لە سروشتی مرۆڤ دەکردەوە لە دۆخی ئاوادا، کەس نایەوێت وا خۆی نیشانبدات کە دەترسێ، هەمووشیان چاوەڕێی یەکتر دەکەن، بزانن کێ یەکەم هەنگاو دەنێت، خۆ ئەگەر هیچیش روونەدات دواتر دەکەونە سەرزەنشتکردنی ئەوانەی پێشتر رۆیشتون. زۆرجار کارەسات بەهۆی ئەم کردەوانەوە روودەدات، ئەو چاوەڕێی ئەو دەکات، ئەو چاوەڕێی یەکێ تر تا زریانەکە دەگاتە بەر دەرگا. فەلسەفەی سادەی ئەم خەڵکە ئەوەیە بۆ قوربانیدان هەوڵبدە لەریزی پێشەوە بیت، بۆ کشانەوەو راکردن خۆت دواخەو مەکەوە بەردەم ئەوانی تر، گشت ئەمانە بە خەیاڵو بیرکردنەوەی هەریەك لە نەسرینو خوشکاندا تێپەڕی. رێك ئەو کاتەی نەسرین بەو جۆرە بیری دەکردەوە، خوشکانیش بەهەمان بیرکردنەوەدا تێدەپەڕی، جارەهای جار دوو کەس بەتەنیشت یەکەوە رێدەکەن، لەگەرمەی قسەکردنا، لەپڕ بێدەنگ دەبن، کەچی هەردووکیان بیر لەیەك شت دەکەنەوە.

ریزی خەڵکەکە لەسەرخۆو بێ جوڵە، هێندە لەسەرخۆو بێدەنگو مەلول رێیان دەکرد، هەست بەرۆیشتنەکەیان ناکرا، هەست بەوە نەدەکرا ئەو خەڵکە رێدەکەن. ریزەکە لەتەسبیحێکی قەزوانی پساو دەچوو، پساو، بەڵام پرشو بڵاونەبووەتەوە، هێشتا لە دەزووەکە دەرنەچوە، هێشتا

هەریەکەی نەکەوتوەتە لایەك، دەنکەکان بەو پرشو بڵاوییە هیچماناو ناسنامەیەکیان نیە، ئیتر بەوە ناوتریّ تەسبیح. وەك ئەوەی ئیتر بە سورە چناریش ناوتریّ گوند، زۆر کەم گوێت لە چپەیەك دەبوو، ئەوان هیچیان پێنەبوو بۆ وتن.

مرۆڤ لە رۆژە رەشەکاندا هێندەی بیر لەئایندەو سبەینێی جیاوازتر دەکاتەوە، هێندە قسەی پێنیە بۆ وتن. لەناو ئەواندا لەهەموویان زیاتر نەسرینو خوشکان قسەیان دەکرد، قسەکردنی ئەوانیش لەخۆدزینەوە دەچوو لە ئێستا.

کوڕە چەکدارە شەرمنەکە دەیویست هەرچۆنێکە خۆی لە خونچە نزیك بکاتەوە، تا قسەیەکی لەگەڵ بکات. ترسو شەرم پرزەیان لەبەر بڕیبوو، خونچەش درکی بەو جموجۆڵەی ئەو کوڕە کردبوو، دەشیزانی چی لەدڵدایە، خونچە کەم نەبوو لەوەی دەیتوانی لە چاوی کەسەکاندا نیازەکە بخوێنێتەوە. هەموو کچێك دەتوانن جۆری سەیرکردنەکان بخوێننەوە، کچان لە خوێندنەوەی چاوی بەرانبەردا زۆر زرنگو وریان، هەر بەتەماشایەك لە نیازو مەبەستی ئەوی بەرانبەر تێدەگەن.

کچان دەزانن شێوازی سەیرکردنەکان چۆننو مانایان چیە. سەیرکردنی بەزەییو سەیرکردنی حەزو سەیرکردنی تامەزرۆیانەو سەیرکردنی ئاساییو سەیرکردنی خۆشەویستی، هەموو جۆرە سەیرکردنەکان لێکتر جیادەکەنەوە. خونچەش لەو جۆرانە بوو، ئەویش لەو بارودۆخەدا نەیدەویست شتیّ بکات ببێتە مایەی سەرزەنشت، بۆیە بواری نارەخسان بۆ ئەوەی گیرۆدەی گفتوگۆی کوڕە بێت.

خەج لەنێو ریزەکەدا لەهەموویان زیاتر دەجولآیەوە، خەج پەیتا پەیتا سەیری ئەم لاو ئەولای دەکردو لەدڵی خۆیدا دەیوت "هائێستا نا ها کەمێ تر دارا لە شوێنێکەوە دەردەکەوێت". ئەو لەو کاتانەدا بیری لەهەموو ئەو ئەفسانەو حەکایەتانە دەکردەوە کە لەپڕدا ونبوەکە دەردەکەوێت، هەموو خەڵکەکە هەستیان بەو شپرزەییو نائارامیەی خەج کردبوو، هەقی ئەوەشیان پێدەدا.

خەج بەتەواوی رەنگی پەڕیبوو، مرۆڤ بە تەماشایەك لەو رەنگە پەڕیوە تێدەگەیشت دایکایەتی چیە. ئەو سەری بە هەموو لایەکدا دەسوڕاند، سەیری ئەرزو ئاسمانی دەکرد، کە سەیری زەوی دەکرد وەك ئەوە وابوو بەدووی شتێکی زۆر وردا بگەڕێ، شتێکی ورد وەکو زەنگیانە. کاتێك سەیری ئاسمانیشی دەکرد لەنیگایدا گللەو گازندە دەخوێنرایەوە، سەیرکردنی بۆ ئاسمان لە سەیرکردنی ئەو جوتیارە دەچوو کەکاتی دوا کەوتنی پەڵە دەڕوانێتە ئاسمان. ئەوانیتر ئاگاداری خەج بوون، بەڵام خۆیشیان دەردەدارو خەمبار بوون، ئەوانیش گوندو ئازیزانو یادگارو بیرەوەریان بەجێهێشتبوو. ئەوانیش هەریەکەو خەونو خەیاڵیان لە شوێنێ بوو، ئاخۆ ئەم چارەنووسە بەرەو کوێیان دەبات، ئەمە بەسەر هەموو ناوچەکەو گشت خەڵکەکە هاتبوو.

خەج بیری لە قسەی مامۆستا مەلا دەکردەوە"حەشر لەگەڵ گشتە خەڵك جەژنە". بەخۆی نەبوو سەرباری ئەو هەموو خەمە، دەیویست یەك بە خۆی بەو قسەیە پێبکەنێ. ئەمە جگەلە دابەشکردنی ئازار هیچی

تر نییه، ئەمە دڵدانەوەش نیە، دڵدانەوەی چی، ئەوە چ ویژدانێکە ئازارەکانی خۆی لەگەڵ خەڵکی دیکە دابەش بکات.

کاتێك مرۆڤ دەستەپاچە دەبێت لە کردنەوەی گرێکان، ناچارە بیانوی بۆ بێنێتەوە، وەك ئەو دیکتاتۆرەی بیانوو بۆ کارە خەراپەکانی دێنێتەوە، وەك ئەو پێشمەرگەیەی بیانو بۆ سەرنەکەوتنەکانی دێنێتەوە، مرۆڤ پاڵەوانی بیانوو هێنانەوەیە. بەلای مرۆڤەوە باشترین شت بیانوو هێنانەوەیە، ئەو تەنانەت کەخەراپە دەکات تەقەلای ئەوە دەکات بە بیانوو هێنانەوە چارەسەری کارەکە بکات. مرۆڤ هەمیشە بیر لەوە دەکاتەوە چۆن بیانوویەکی باش بدۆزێتەوە بۆ باوەڕهێنانی ئەوانی تر. خەج دەیزانی ئێستا ئەوانەی ئەم مەینەتیەیان بەسەر ئەم ناوچەیە هێناوە، هەزارو یەك بیانویان هەیە بۆ کارەکەیان، ئەوەشی دەزانی قسەکەی مامۆستا بیانووی بێدەسەڵاتەکانە، ئەگینا شینو زایەڵە لەگەڵ گشتەخەڵك ماڵوێرانیە نەك جەژن.

ریزەکە بەناچاریەکی لەش پروکێنەوە رێیان دەکرد، هەنگاو هەنگاو زیاتر لە شار نزیك دەبوونەوە، شار بە گلۆپەکانیەوە لە ئاسمانێکی دڵشکاو دەچوو، ئاسمانێك لەبری ئەوەی بازو شەهێنو کۆترە باریکەو بیبیسوو کۆترو چۆلەکەو فیسقەگولەو کلاکورەو تیتروواسكو مەلەکانی دیکەی تیا بفرنو گۆرانی بلێنو بای باڵیان بدەن، پۆستاڵ بەسەر سینگو بەرۆکیدا رێی دەکرد، ئاسمانێك کە بەربۆتەوە نێو ئەو دەشتو دەرەو کەس نییە خەمی بخوات.

مرۆڤ هەرگیز خەمی ئەو سەر زەمینە ناخوات کەژیانی تیا دەکات، ئەوە تەنیا مرۆڤە ئەم سەرزەمینە پیس دەکاتو هیچی تر. جگەلە مرۆڤ هەموو شتەکانی دیکە زەوی پاکدەکەنەوە، کەچی ئەوە تەنیا مرۆڤە کەشو فشی ئەوەدەکات لە خەمی زەویو ژینگەدایەو گۆرانی و شیعر بەسەر ژینگەو زەویدا هەڵدەدات.

خەڵکەکە گەیشتنە دامێنی شار، چەکدارەکان خەڵکەکەیان دانیشاند، یەکێ لە چەکدارەکان زۆر بەهێمنی دەستیکرد بە قسەکردن "خزمان ئێمە ئێستا وادادەنەین لەناو شاردایں، تا ئێرە بە سەلامەتی هاتین، لێرە بەدواوە دەچینە ناو شارەوە، بۆ ئێوە باشترە لێرە بەدوا ئێمەتان لەگەڵ نەبێت، لەوەش ببورن کە بەهۆی گرتنی رۆستەم بەگەوە ناتوانین بتانبەینەوە. راستیەکەی پیاوەکانی رۆستەم بەگ لەئێستادا چاویان لەسەرە، بۆیە پێویستە لەئێستاوە بیر لەوە بکەنەوە خانەخوێ بۆ خۆتان بدۆزنەوە تا لایەك بە لایەکدا دەکەوێت، مەرج نییە روو بکەنە ئەو ماڵانەی دەیانناسن، باشترە ماڵی تر هەڵبژێرن، خۆتان ئەزانن کەس دەست نانێت بەرووتانەوە، بۆ یە لەدۆزینەوەی خانەخوێدا خێرا بڕیار بدەن، ئێستا سێ سێو چوار چوار بڕۆن". خەڵکەکە سەری رەزامەندیان نیشاندا، بەم جۆرە خەڵکەکە چوونە ناو شارەوە.

دایکی خوشکانو خوشکانو نەسرینو دایکی نەسرین، چوونە نزیکترین ماڵی دامێنی شارەوە، هەر لەگەڵ لە دەرگادان، پیاوێکی چوارشانەی بەخۆو ریش ماشو برنج لەگەڵ دەرگا کردنەوە بێئەوەی بپرسێ ئێوە کێن فەرمووی لێکردن. ئەوان چوونە نێو حەوشەو کابرا دەرگاکەی

لەپشتەوە داخست، لەکاتی دەرگا داخستنەکەدا سەیرێکی ئەم سەرو ئەو سەری کۆڵانەکەی کرد. دەرگا داخستنەکە هەر چواریانی پەلکێشی ئاوڕدانەوە کرد بۆ لای دەرگاکە، ئەو کاتە خاتونێك بە دەنگێکی نەرم لەبەردەمیاندا دەرکەوتو وتی "یاخوا بەخێربێن فەرمون فەرمون"، یەك یەك دەستی کردە ملیان، ئەوە بەس بوو بۆ ئەوەی هەموویان بەسەر یەکدا دەست بکەن بەگریان، ماتەمیەکی خەمئاوەر ئەو ماڵەی تەنی، بەجۆرێك کەس بیری ئەوەی نەبوو پرسیاری ئەوەبکات کە خەڵکی کوێنو ناویان چییە.

کۆی خەڵکەکەی تریش بەهەمان شێوە چوونە ماڵەکانی دیکەوە، لەزۆربەی زۆری ماڵەکانیش ئەو چیرۆکە دووبارە بووەوە.

## 6

نەسرین ئەو شەوە بۆ چرکەیەکیش خەو نەچووە چاوەکانی، هەزارو یەك خەیاڵی لەمێشکا بوو. بیری لەدوا قسەی زۆراب دەکردەوە "هیچ شتێ تا سەر نابێت، هیچ سبەینێیەکی تازە لە رۆژی رابردوو ناچێت". نەسرین بیری لەوە ئەکردەوە کە سبەینێکانی ئەوان هەمووی لەیەکتر دەچوون، بەڵام هەر دڵیان پێخۆش بوو.

شتەکان دووبارەبوونەوە بوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان تێکەڵترین مرۆڤی سەر ئەم زەمینە بوون لەگەڵ ژیان. بەیانیەکان وەکو یەك بوون، هەمان بارەی مەڕو باعەی بزنو بۆڕەی مانگاو گارەگاری مریشكو جریوە جریوی چۆلەکەو دەنگەدەنگی شوانو گاوانو ئاوازی بەردەوامی گوند، بەڵام گەرمو گوڕیو بەردەوامیو دڵخۆشیو بەختەوەریو نەکەوتن.

نەسرین بیری بۆ قسەکەی برزۆی کادیر دەچوو "جوتیار هەرگیز بەچۆکدا نایەنو کۆتەرەیان قەویە". باوکی نەسرین بە دەنگێکی گڕو لەخۆ رازیبوانەو نێرانە دەیوت "بەڵێ قوربان ئێمە کۆتەرەمان قەویە". نەسرین لەنێو جێگەکەیدا چاوی بڕیبووە بن میچی خانوەکەو خۆزگەی دەخواست ئێستا شەق بەرێتو زۆراب لەوێوە دەرکەوێت.

کاتێ نەسرین لەو خەیاڵانەدا بوو، دەمێ بوو ئەوانی تر نووستبوون. فۆتەکەی لەسەر سەرو ملی لابردو لێوی خستە سەر ملی لە خوار گوێیەکانیەوە. ئەوە ئەو چرکەیە بوو ئیدی پەیوەندی ئەوانی بە دنیای دەرەوە پسان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی بیر نەچووبوو کە دایکی پێیوت "رۆڵە ئامان نووشتەکەت بیرنەچێت، مرۆڤ لەو چرکەساتانەدا زۆر بە ئاسانی دەستی لێدەوەشێنرێ، بۆیە نوشتەکە بخەرە ژێر سەرینەکەتانەوە". نەسرین نوشتەکەی لەژێر سەرینەکەدا بەجێهێشت، وەك چۆن ئەو حەلوایەشیان بەجێهێشت کە خوشکان بە تایبەت بۆی کردبوون.

خوشکان لە حەلوا کردنا وێنەی نەبوو، ئەو بەتایبەت مانگی رەمەزان حەلوای بۆ هەموو ماڵەکانی گوند دەکرد. کەس نەبوو لەگوندا حەلوای دەستی خوشکانی نەخواردبێت، ئەو رێبوارانەش کە بە سورە چناردا تێدەپەرین، وەك چۆن کەسیش نەبوو لەگوندا کولێرەی دەستی دایکی خوشکانی نەخواردبێت.

بەیانیان دوای نوێژی بەیانی هەموو ژنانی گوند کولێرەیان دەکرد، بەڵام کولێرەی دەستی دایکی خوشکان تامێکی تری ئەدا. ژنانی گوند هەموویان بەیانیان نانی گەرمو کولێرەیان ئەکرد، ئەمە نەریتێکی کۆنی گوندەکانی ئەو دەڤەرە بوو. بەیانیان تەنورەکانیان دائەگیرساندو بە ئاوازێکی زۆر خۆش بەدەستەکانیان هەویرەکەیان پان ئەکردەوە.

نەسرین بیری لای ئەوە بوو، ئاخۆ چی لەو نوشتەیەدا نوسراوە کە دایکی هێندە پەرۆش بووە بۆ ئەوەی بیری نەچێت. ئەوان بەمنداڵی

نوشتەکانیان ئەکردەوەو بە وێنەو خەتە ناشرینەکانی پێدەکەنین، گەورەکان کە ئەمەیان دەبینی راویان دەنانو دەیانوت "ئەوە نیشانەی ئاخرزەمانو خراپ بوونی دنیایە". خوشکان گاڵتەی بە نوشتەکان دەهاتو هەموویانی دەکردەوە.

ساڵێکیان خوشکان توشی نەخۆشیەکی ترسناك بوو، تا یەکێ دەیوت دەمێنێ سەت دەیوت دەمرێ. مناڵەکان ترسی ئەوەیان لێنیشت ئەوە غەزەبی کردنەوەی نوشتەکان بێت، بۆیە هەرچی نوشتەی کراوەی گوند هەبوو گردیان کردەوەو چوون لە پەلی گەلاڵیەکان سوتاندیان.

پەلی گەلاڵیەگان پەلێك بوو لەپشتی ئاواییەوە، ئەفسانەو چیرۆکی ئەو پەلە ئەوەبوو کە هەموو نهێنیەك دەشارێتەوەو دەیباتە گڵەوە. هەرکەسێك نهێنیەك ئازاری بدایە دەیانگوت برۆ بۆ پەلی گەلاڵیەکانی بگێرەوە، گەورەکان گوتیان خوا تۆڵەی نوشتەکانی لە خوشکان کردەوە.

کاتێ خوشکان چاك بوو دوو چلێ ئێسقانی مابوو، نووشتەکەی لەژێر سەرینەکەدا بەجێهێشت، ئەوان هێندە بەشپرزەیی دەرچوون فریانەکەوتن هیچ بکەن. زۆراب هەر ئەوەندە فریاکەوت ناوچەوانی نەسرین ماچ بکاتو پێی بڵێت ئاگاداری خۆتان بن، ئەوە هەموو بەیەکگەیشتنی رێگاپێدراوی خواو پێغەمبەر بوو لەنێوان نەسرینو زۆرابا.

نەریتی گوند وابوو کە ئەگەر دوان بریاریاندا بۆ یەکتر بنو کەسوکاریش رازی بوون، ئیدی نابێت دەستیان بەر دەستی یەکتر بکەوێت تاشەوی

چوونە پەردەوە، تا ئەو دەمە بۆ جارێکیش زۆراب‌و نەسرین دەستیان بەر دەستی یەکتر نەکەوتبوو.

خەڵکی گوند پێیانوابوو ئەگەر بەر لە چوونە نێو پەردە بوك‌و زاوا دەستیان بەر دەستی یەکتر بکەوێت، خودا ئەو ساڵە رزق‌و رۆزی کەم دەکات. دەڵێن ساڵەها لەمەوبەر چیرۆکێکی وا روویداوە.. کچ‌و کوڕێك بەر لە چوونە نێو پەردە دەستیان بەر دەستی یەکتر کەوتوە، لەو دەست بەرکەوتنەش شەیتان بواری بۆ رەخساوەو زەفەری پێبردوون، لەوەشەوە کارەساتێك روویداوەو ئەو ساڵە دەغڵ‌و دانی گوند هەمووی کولەو سن‌و کیسەڵە لێیداوەو هیچیان بۆ دەرنەچووە. خەڵکی گوند ئەوە گرێدەدەن بەو روداوەوە، دەوترێ ئەگەر ئەو کچ‌و کوڕە ئەو خەتایەیان نەکردایە، ئەو دیاردەیە روونەدەدا، خەڵکی گوندەکە ئەو ساڵەیان ناونا ساڵی کولەکە. دایکی نەسرین باس لەو ساڵە دەکات کە ئەو تێیدا منالّ بووەو کولەکەی بە چاوی خۆی بینیوە، ئەو دەیوت "کولە وەك باران دەباری، نەدەرمان نەکوشتن‌و نە پەلەوەر لەهەقی نەدەهاتن".

نەسرین بیری لەوە دەکردەوە ئاخۆ زۆراب‌و ئەوان چیان بەسەرهاتوە، "تۆ بلّێی بە سەلامەت گەیشتبنە شوێنێك؟". لە خەمی هەمووشتێکدا بوو، هەوڵیدەدا بۆ چرکەیەك خۆی لەو هەموو خەیاڵە رزگار بکات‌و تاوێك چاو لێك بنێت، بەڵام خەیاڵ‌و غایلەو بیرکردنەوە یەخەیان بەرنادا. ئەوەش تووشی سەر هێشەیەکی گرانی کردبوو، ویستی هەر چۆنێکە ئەوەی لەبیر بچێتەوە.

نەسرین بیری کردەوە لەوەی بە منالّی بۆ ئەوەی شتێکیان لەبیر چێتەوە خۆیان بە شتێکی ترەوە خەریك دەکرد، وەك ئەوەی لەبەر خۆیانەوە گۆرانی بلّێن، نەسرین پێکەنینی بەم بیرکردنەوەیەی خۆی دەهات ئاخر لەنێو ئەم ئازارە گرانەدا پێکەنینی چی؟! ئەو بیری لەو رۆژانە دەکردەوە کە زۆر دلّیان پڕدەبوو لەگەلّ خوشکان لە ئاوایی دور دەکەوتنەوە بە بیانوی هێنانی چیلکەو چوالّەوە، لەوێ پڕ بەگەروی خۆیان گۆرانیان دەچڕیو دەنگیان بە ناو ئەو دەشتو تەلانو پەلو دۆلّو شیوانەدا بلّاودەبووەوە، ئەودەم ئەو خەمو ئازارەیان لەبیر دەچووەوەو تاوێك کامی دلّیان دەشکا.

بیری لەوە کردەوە نینۆکی هەردوو نەستی بەیەکدا بێنێ، بەمندالّی ئەمە بۆ چەند مەبەستو نیازو بەچەند جۆرێك بەکار دەهێنرا، بۆ گەرمکردنی شەڕ لەنێوان دوو کەسدا کە مندالّان پێیان خۆش بوو شەڕەکە ببینن، دواتریش ناچار دەبوون شەڕکەرەکان لێکتر بکەنەوەو ببنە ناوبژیوان. جۆرێکی تر بۆ ئەوە بوو لەنێو جێی نووستندا خەیالّی ناخۆش نەکەن.

نەسرین هەموو جارێك کە دایکی بەزۆر لێفەکەی ئەدایە سەر سەرو چاویدا لەنێو نوێنەکەدا خەریك بوو زیڕە کات، بەلّام لەترسی هەڕەشەی دایکی نایوێرا بەتانیەکە لابات. دایکی نەسرین سروشتێکی سەیری هەبوو، هەندێجار تا بلّێی نەرمو نیان، هەندێجاریش توندو دلّڕەق. ئەو تەنانەت بۆ باوکی نەسرینیش وابوو، ئەوان ئامۆزای یەکتر بوون، ئەوەش بەس بوو بۆ ئەوەی باوکی هەمیشە چاوپۆشی لێبکات. دایکی

سەرەڕای ئەوەش کچی بە نەگبەتیو نامورادبوون دەزانی، لەگەڵ ئەوەش یەکێ لە ژنە ئازاو گورجو گۆڵەکانی گوند بوو. ئەو هەر لە منداڵییەوە واهاتبوو، دەڵێن هێشتا دەساڵی تەواو نەکردبوو کە بەر لە نوێژی بەیانی هەموو ڕۆژێ دەچووە کانی جنۆکانو ئاوی دەهێنایەوە.

کانی جنۆکان لای خەڵکی گوند ناوەکەی بەخۆیەوە بوو، بە ڕۆژی روناکیش ژنانی دیکە نەدەچوونە ئەوێ، بەڵام هەر منداڵێکی کوڕ تازە لەدایکبوایە پیاوی گوند بۆ ئەوەی دەستی لێنەوەشێنرێ لە ئاوی ئەو کانیەیان هەڵدەکێشاو چل شەوو ڕۆژی لەسەر یەکیش ئێشکگریان بەدیارییەوە دەکرد. چلەی ئێشکگری بۆ کچو کوڕیش دەگیرا. دەڵێن دایکی نەسرین ئەوەی بۆ نەسرین نەکردبوو، ئەو وتبووی "کچ چلەی ئێشکگری بۆ چییە؟ جا جنۆکەو جنو شەیتانو ئیبلیس هەیە لەدنیادا بوێرێ دەست لە کچ بوەشێنێ؟".

نەسرین نەیدەزانی چی بکات بۆ ئەوەی تاوێ بخەوێت، یەکەم جاریشی بوو لەو ماڵە بێت، بۆیە لەڕووی ناهات هەستێتو بچێتە دەرەوەو سەیری ئەستێرەکان بکات. ئەو دە دوازدە ساڵ لەمەوبەر نەسرین بۆ ئەوەی خۆی لە خەیاڵو بێخەوی رزگار بکات فێری ئەوە بوو بوو بچێتە حەساری ماڵەکەو بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بڕوانێتە ئاسمان، لەو شەوانەدا کە ئەستێرە هەیە ئەستێرەکان بژمێرێو لەو شەوانەشدا کە ئەستێرە نییە بەدووی ئەستێرەدا بگەڕێتو چاوەڕوانی هاتنی ئەستێرە بکات.

خەڵکی لادێ نشین بۆ ئەوەی پشت بەخۆیان ببەستن هەموو ڕێگەیەك تاقیدەکەنەوە، نەسرین بە تاقیکردنەوە ئەو ڕێگایەی دۆزیبووەوە، لەو شەوانەدا کەمرۆڤ دەیەوێت ڕۆژ بێتەوە شەوگار درێژ دەبێتو گوندیان دەڵێن "شەوی ئاوا بە ساڵ دەڕوات". نەسرین هێشتا خەیاڵی لای ئەوە بوو چۆن لە دەستی ئەم شەوە درێژو بێرو لەش پڕوکێنە دەربازی بێت، کاتێ گوێی لە دەنگی بانگی بەیانی بوو. نەسرین لە خۆشیان خەریکبوو بەهەموو هێزی خۆی چەپڵە لێدات ، خێرا بە هۆش هاتەوەو بانگەکەی بە بیانویەکی باش زانی بۆ ئەوەی لە نوێنەکەی، کەبۆ ئەو وەك تەلبەندی زیندان ناخۆشتر بوو، بێتە دەرێو خوشکانیش هەستێنێ بۆ ئەوەی نوێژەکەی بکات. کاتێ بانگی خوشکانی دەکرد، خوشکان بە بێزاریو بەدەم خەوەوە گوتی "نەسەگیان دەتۆ لەبری خوشکی خۆت نوێژێکیش بۆ من بکە، ئەها من حەلوام بۆ تۆو زۆراب کردبوو، حەیاتم". نەسرین باڵی راکێشا "قسەی هیچ.. جا ئەوەچی ئەدەیتە چاومانا؟ چۆن کردبووت ئاواش جێمانهێشت"!

خوشکان بە ناچاری هەستاو دەستێکی بەسەرو چاویدا هێناو یەك دوو باوێشکی دا "ئەرێ مەلا مامۆستا بانگی فەرمووو؟" نەسرین "کچێ دەهەستە شەقم برد ئەم شەوە لە شەوی یەڵداشی بردبووەوە، ئەزانی هەر نەنووستوم".

# 7

ئەو دوو کوڕەی چوو بوون بۆ ئەوەی هەواڵ بۆ زۆرابو ئەوان بێننەوە، پێش ئەوەی بگەنە بنکەی پۆلیسی شارۆچکەکە، لەلایەن مەفرەزەیەکی جاشی تایبەتەوە دەستگیرکرابوون، ئەمە هەر ئەو بەیانیە روویدابوو.

جاشە تایبەتەکان بریتی بوون لەو کەسانەی کاری زۆر قورسو تایبەتیان بۆ دەسەڵات ئەکرد، ئەو کارانەی هەندێجار ئەمنو سوپاش لەبەردەمیدا دەستەپاچە بوون. لەناو ئەوانیشدا کەمجار رێکدەکەوت، خەڵکێك پشت بکەنە دەسەڵات.

ئەوکاتەی دەنگوباسی کوڕەکان نەبوو، بەناچاری زۆرابو ئەوان رێیەکی تریان هەڵبژارد. زۆراب ئەوەشی بەخەیاڵدا هاتبوو، کە رەنگە کوڕەکان گیرابن، لەبەر خۆیەوە گوتی "رەنگەو ئەگەری ناوێ، نەگیرابان ئێستا لێرەبوون". بیری لەوەش دەکردەوە کە نابێت قسەو باسی گرتنی ئەوان سەر لەمانی دیکە بشێوێنێ. ئەو پێیوابوو پێویستە هەمیشە هەندێك قوربانیدان هەبێت، ئەو دەیزانی ژیان بەهەموو تاڵیەکەوە هەر شتێ خۆشی تیایە تا مرۆڤ پشتی تێنەکات.

جادویەك لەم ژیانەدایە کە گەورەو بچوك دەیانەوێ بۆی بژین، کەس نایەوێت پشت لە ژیان بکات. ئەو کەسانەشی کە خۆیان دەکوژنو گڕ لە جەستەی خۆیان بەردەدەن، مەستی دۆزینەوەی ژیانێکی تازەن، شەڕکەرو پیاوە ئازاکانیش حەز بەمردنو جێهێشتنی ژیان ناکەن. زۆراب بیری لەوەدەکردەوە کە ئەوە قوربانیدانە لەپێناو ئەوانی تردا، "راستە مرۆڤ نایەوێت لە ژیان جیابێتەوە، بەڵام قوربانیدان لەپێناوی کەمکردنەوەی زیانو زەرەردا هەر بووە".

لە گوندەکەی خۆیانو لەناوچەکەو دەوروبەر سەدان چیرۆكو داستانی قوربانیدان لەپێناوی ئەوانی تردا هەبوو، خەیاڵی لای ئەو کەسانە بوو کە لە زیندانا یەك یەك نینۆکەکانیان دەکێشنو ئوتو لە جەستەیان دەدەن تا ناوی یەکێ لە هاوڕێکانی بڵێتو نایڵێ، کە دەشیانبردە بەردەم سێدارە سرودی دەچڕی، کەچی گەر ئەو چرکەیە لێت پرسیبا دەتەوێ بژیت، دەیگوت"ئەگەر لەسەر حسابی کەسانی تر نەبێ، پڕبەدڵ حەز دەکەم بژیم". ئەوان تا دوا چرکەساتی گیان دەرچون لەگەڵ هەموو یادو یادگارییەکانی ژیاندان.

ژیان چێژو خۆشی تایبەتی تیایە، ساتو کاتە ناخۆشو تاڵەکانیش دواتر ئەبن بە یادگاری شیرین لای مرۆڤ. لەدەست چوونی هەرە ئازیزترین چرکەساتی یەکەم کۆستە، رۆژانی دواتر ئازارو ژان، ساڵان دێنو دەچن، ئیدی تەنیا یادگارە شیرینەکان دەمێنەوە. مرۆڤ زیاتر لە بۆنە خۆشەکاندا ئەویدی بیر دەکەوێتەوە، مرۆڤ پەیوەندی توندوتۆڵی

لەگەڵ ژیاندایەو ناچاری نەبێت هیچ شتێك نایبەستێ بەمردنەوە. ڕاستیەکە ئەوەیە کەس نایەوێت بمرێ، بەڵام مردن دێت.

زۆراب لە جەنجاڵیو تەمو مژێکی زۆری بیر کردنەوەی تێکەڵو پێکەڵدا بوو، ئەو لەو ساتە مەستانەی بیرکردنەوەدا گەوجترین گەوجەکانی سەر ڕووی زەمین بوو، بەڵام هێزێك لەناوەوە دەستی دەگرتو دەیهێنایەوە هۆشی خۆی. ئەو هێزەی ناوەوە زۆر بارە بە بناگوێیدا سرەواندوەو تا ساتێکیش گوێی زرینگاوەتەوە، هەندێجاریش بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ گیزە ناسازەکەی گوێی هەراسانی کردووە. ئەو وتویەتی "بخۆ دەردت بێت، ئەگەر بە هۆشو گۆش بیت بۆ وات بەسەر دێ".

ئەو نەخشەیەی زۆراب کێشای پێویستی بە هەندێ قوربانیدان بوو، ئەو لەدڵی خۆیدا وتی ئەگەر ئەو دوو دەستەیەی تر دەرچوون من هەوڵئەدەم لەمانی لای خۆشم زۆرترین کەسیان ڕزگار بکەم. ئەو ئەم پلانەی لە هاوڕێکانی شاردەوە، لالە سوڵتانی کاکەی دەیگوت "ئەگەر بەنیەتی خۆبەخشینو ژیان بەخشینی بەوانی تر، ئەو نیەتە سوك مەکەو باسی مەکە". لالە سوڵتان لای وابوو خودا نایەوێت قوربانیدان بۆ ئەوانیتر کەم بایەخو بێنرخ کرێ.

زۆراب چەند جارێك بیری لەو وتانەی لالە سوڵتان کردەوە، ئیتر بڕیاریدا ئەمە لە هەمووان بشارێتەوە. ئەو ئێوارەیە سەرەڕای ئەوەی جەیشو جاشو جاشی تایبەت ئەوەیان زانی کە ڕەنگە لە شارۆچکەکە شتێ ڕوویدات، بۆیە دەوروبەری شاریان باش تەنی، بەڵام نەخشەکەی زۆراب بۆ دەربازبوونی دوو دەستەکەی پێشوو سەریگرتو ئەوان زوو گەیشتنە

ئەو ماڵانەی کە بۆیان دیاریکرابوو. تەنها شتیّ کە لەو دوو دەستەیەی تر روویدا ئەوەبوو کە یەکیّ لە ئەمنەکان ملی گیسکێکی گرتو بردی، بێئەوەی کوڕەکان لارە ملیو ناڕەزامەندی نیشاندەن. ملنەدانو سەرسەختی نواندن لەکاتی ئاوادا، رەنگە هەموو ریسەکە بکاتەوە بە خوری، ئەمەقسەی یەکیّ لە کوڕەکان بوو، رەنگە ئەوەش بەس بوایە بۆ دروستبوونی دەنگەدەنگو هەراو خڕبوونەوەی جاشەکان، بەوەش دەردەکەوت خەڵکی کوێنو لە کوێوە هاتون، دەنگیان نەکردو گەیشتنە ماڵەکان.

زۆرابو هاوڕێکانی یەکەم قۆناغی قوربانیدانیان بەڕێکرد، بێئەوەی جگەلە زۆراب کەسی تر ئەوە بزانێت. ئێستا ئیتر بیری لەوە دەکردەوە چۆن لەم نۆ کەسەش ژمارەیەکی زیاتر دەربازبن، خەیاڵی بەردەوام لای برزۆی کادیرو نەسرینیش بوو، لەبەر خۆیەوە وتی "نەسرین ببورە رەنگە نەتوانم بتبینمەوە، بەڵام شوێنێکی تر هەیە بۆ ئەوەی تێیدا بگەینەوە بەیەکتر، رەنگە نەشبێت، کەسیش ناڵیّ نییە منیش هەر ئەوەندەی لێئەزانم. لەئێستادا هیواخوازی ئەوەم هەبێت، ئەوەش تەنیا ئاواتی ئێستای منە. ئەو شوێنە لەسەر ئەستێرەکانی ترە یان لە ئاسمان یاخود لە بەهەشت، ئەوەی من دەمەویّ ئەوەیە لەویّ بەیەکتر بگەینو خێزانێکی بچوکو بەختەوەر دروست بکەین"، بەوەش دلگران بوو کە نەیتوانی بگەڕێتەوەو هاوکاری برزۆو هاوڕێکانی بکات کە نایزانی چیان بەسەرهاتووە.

دەستەکەی لەگەڵ زۆراب مانەوە تا نوێژی بەیانی چاوەڕێیان کرد، زۆراب مەمەبەستی بوو سەرنجی بۆسە نێرەوەکان بۆ جموجۆڵێکی نائاسایی رانەکێشێت، ئەمەش نەبێتە هۆی ئەوەی کە درك بەوە بکرێت شتێك روودەدا.

بەرەبەیانو لەکاتی نوێژی بەیانیدا رێك ئەو کاتەی نەسرینو خوشکان هەستان، زۆراب لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەرەو ناو شارۆچکەکە کەوتنەڕێ. ئەوە ئەو کاتە بوو کە نەسرین بە خوشکانی وت "خوشکان کەوتومەتە دڵە خورپەیەکی ترسناکەوە، بە چرکە زۆرابو کوڕەکان لەبەر چاوم وون نابن". خوشکان پێیوت "خەیاڵی خراپ مەکە، خەیاڵی خراپ هەواڵی خەراپی بەدوادا دێت".

زۆرابو هاوڕێکانی بەتەواوی گەیشتبوونە دامێنی شارۆچکەکە، گەیشتبوونە سەری کۆلانێك، کاتێ لەهەر چوار لاوە چەکیان لێراکێشراو قیراندیان بەسەریاندا "نەجولێن". زۆراب لەوکاتەدا نوکتەیەکی بیر کەوتەوە گوایە کۆمەڵێ جاش خورپیویانە بەسەر کەسێکاو وتویانە "بجولێیت کوژراوی.. نەجولێیت کوژراوی"، بەخۆی نەبوو لەناخەوە پێکەنینی دەهات. ئاوڕی لەدواوە دایەوە، هێشتا تەواو ئاوڕی نەدابوەوە کاتێ دەنگێکی ناخۆش وتی "هەمووتان لەجێی خۆتان دانیشن"، بەمە یەکێ لەکوڕەکان ویستی بەرەو دواوە بگەڕێتەوە، بەڵام دوو گوللەیان پێوەناو ناچاری وەستانیان کرد. گولەکان لەبەر پێیدا دایان بەزەویداو ماوەی چەند پەنجەیەك لێوەی دوور بوون، ئەوە ئەو کاتە بوو کە نەسرین ساتمەیەکی کردو بەدەما کەوت، خۆیو خوشکان خەریکی

ئەوەبوون کە هەستێتەوە، وتی "دڵنیام شتێکی ناخۆش روویدا ". لە دڵی خۆیدا بەڵێنی بەخوا دا ئەگەر کوڕەکان هیچیان بەسەر نەیەت، لەسەرو مانگی رەمەزانەوە مانگێ بەرۆژو بێت، کەی جێگیر بوونو شوێنو رێیان دەسکەوت پێنج رۆژ لەسەر یەك نانی بیست هەژار بدات.

کاتێ زۆرابو هاورێکانی بینیان تەقە لە هاورێکەیان کرا، هەموویان بەرەو رووی چوون وایانزانی بەرکەوتوە، ئەو پێیوتن کە بەرنەکەوتوەو خۆیان تووشی گیروگرفتی زیاترو ناجۆر نەکەن. چەکدارەکان لەهەر چوار لاوە لە خانوەکان دابەزینو دەوری زۆرابو ئەوانیان گرت. زۆراب بەهێمنی بە هاورێکانی وت "سەیرکەن ئەم شوێنە شوێنی هیچ سەر شێتیو هەڵگەڕانەوەیەك نییە، بۆیە نابێ هیچی وابکەن کە ببینە هۆی بەگرتدانی خەڵکی تر"، کوڕەکان وەك بڵێی بەبێ ئەوەی ورتەیەکیان لەدەم دەربچێت، بەچاو بڵێن بەچاوان.

کاتێ چەکدارەکان دەستی زۆرابو کوڕەکانیان ئەبەستەوە، پیرە ژنێك دەرگای حەوشەکەی کردەوە، یەکێ لە چەکدارەکان قیژاندی بەسەریا "پیرێژن ئەو دەرگایە پێوەدە"، پیرەژنەکە پێیوت"هەی ئافەرین بۆ ئێوە.. تف لەو شەرەفو کەرامەتەی هەتانە، بە خۆشتان ئەڵێن کورد". بێئەوەی چاوەڕێی هیچ کاردانەوەیەك بکات، تا هێزی تیابوو دەرگاکەی کێشا بە چێوەکەیداو لەدوایەوە بۆ ماوەیەك دەرگاکە زرنگایەوە.

لەکاتی دەست بەستنەوەیان زۆراب بە یەکێ لە چەکدارەکانی وت "ئێوارەو دوێنێ هیچ لێرە روونەداوە؟"، چەکدارەکە بەشەرمێکەوە وتی "دوێنێ دوو کوڕی خەڵکی سوورە چنار گیراون، لەوە دەچێت

ئێوەش خەڵکی ئەویٚ بن؟"، زۆراب سەرێکی بۆ لەقاند، چەکدارەکە وتی "خواگەورەیە".

چەکدارەکان وەك بڵێیت دوژمنی باوەکوشتەی خۆیان گرتبێت، زۆرابو ئەوانیان بەپشتوێنەکانی خۆیان بەستەوە. دوای پشکنین بەدەوریاندا، ئەڵقەیەکیان بەستو بردیانن بۆلای کابرا ئەمن کە بە دەمانچەیەکی رووتەوە لەو سەری کۆڵانەکە وەستا بوو. یەکیٚ لە چەکدارەکان دیاربوو بەرپرسی ئەوانی تر بوو، چوارشانەیەکی بەخۆ بوو، تەمەنی خۆیدەدا لە نزیکەی پەنجا ساڵ، ئەو هەمو سەرو سمێڵی بۆیاغ کردبوو، کڵاوو جامانەکەی لەبن هەنگڵیابوو، سڵاوێکی سەربازی بۆ کابرای دەمانچە بەدەست کردو وتی "سەیدی هەموویانمان گرت". کابرا بێئەوەی سەیری بکات، چاوی هەر لەسەر زۆرابو ئەوان بوو وتی "عەفیٚ عەلێکوم ریجال ئەحسەنتم".

چەکدارەکەی کە پێشتر زۆراب قسەی لەگەڵ کرد، لە زۆراب نزیکبووەوە "تینوتان نییە ئاوتان بۆ بێنم؟"، زۆراب وتی "زۆر". کوڕە چەکدارەکە لەدەرگای یەکیٚ لە ماڵەکانی دا، "تکایە کەمیٚ ئاوی خواردنمان بدەنیٚ". ئافرەتێك بە پەقرەجیٚ ئاوەوە هاتەدەرەوە، پێش ئەوەی کوڕەکە ئاوەکە بگەیەنێتە زۆرابو ئەوان، دەمانچە بەدەستەکە ئاوەکەی لێسەندو لەبەردەم زۆرابو ئەواندا رژاندی.

زۆراب بێئەوەی هیچ بڵێت سەرێکی بەئاراستەی دەمانچە بەدەستەکەدا بەرزکردەوە، لەو چرکەیەدا ئاواتی ئەوەی دەخواست کە لەگەڵ بڕزۆو هاوڕێکانی با، لەدڵی خۆیدا دەیهێناو دەیبرد"باشە مابایەنەوەو ئەم

سوكايەتیەمان پێنەکرایە چ دەبوو؟!". کەمێك بەشانازییەوە سەیری چەکدارە دەمانچە بەدەستەکەی کردو لەدڵەوە وتی: گرنگ ئێمە توانیمان بەشێك لە هاوڕێکانمان رزگار بکەین. تەماشایەکی ئاسمانی کردو وەك بڵێی بیەوێت شتێ بڵێت، بەهێمنی بەوی تەنیشتیەوە وت "دەزانی ئەوڕۆ خەمی ئەوەم بوو نوێژی ئەو بەیانیەم چوو" ئیتر هیچی تریان نەوت، رێك ئەو ساتە بوو کە نەسرین کەوتە سەر زەوی‌و لەهۆش خۆی چوو، خوشکان پڕی پیاکردو سەری لەسەر رانی داناو بەهێوری کەوتە شێلانی شان‌و ملی‌و بانگی دایکی نەسرینی کرد.

_ باجی فەتوم خا فەتێ تا ئێرە نایەن؟

ئەوکاتە هەم ژنەی خانەخوێ‌و هەم پورە فەتوم بەپەلە هاتنە دەرەوە، بێئەوەی بشڵەژێن‌و شپرزەبن دەستیان خستە ژێر باڵی نەسرین‌و بەرەو ژوورەوەیان برد، دایکی نەسرین وتی "خوابکەم زۆراب‌و هاوڕێکانی سەلامەت بن، هەرکاتێ ئەم کچەتیوە دڵی خەبەری بدات شتێکی ناخۆش روودەدات"!

چەکدارەکان‌و دەمانچە بەدەستەکە، زۆراب‌و کوڕەکانیان خستە ناو ئەو سەیارەیەوە کە زیاتر لە سندوقێکی داخراو دەچوو. سەیارەکە لە پاسێکی بچوك دەچوو، جگەلە سایەق کە جامی تایبەتی خۆی هەبوو، هیچ پەنجەرەو شتێکی تیانەبوو کە روناکی بەرێتە ژوورەوە. لەنێوان ئەو شتەی کە بەسندوق دەچوو لەگەڵ ئەو بەشەدا کە سایەقەکەی جیادەکردەوە، بەپلێتێکی پۆڵایین دەرفەت بڕ کرابوو. ئەم ئۆتۆمبیلە سندوقیە تەنانەت هەر لای سایەقەوە دەرگای هەبوو، کوڕەکان ئەوە

یەکەم جاریان بوو شتی وابینن، زۆراب بە هاورێکانی وت "ئەمانە بەو جۆرەش هەر زیرەیان کردوە، سەیرکەن چیان هێناوە بۆ بردنمان؟!".
ئەو چەکدارەی کە پێشتر ویستی ئاویان بۆ بێنێ، روویکردە زۆراب و پێیوت "کاکە ئاگاتان لەخۆتان بێت ئەمانە دڕندەن!"، ئەمەی زۆر بەئەسپایی وت، بەڕادەیەک کە زۆراب سەرەڕای ئەوەی زۆر لێشیەوە نزیک بوو، کەچی یەک دوو ووشە باش حاڵی نەبوو، شتێکیی لەدەستا بوو خستیە نێو گیرفانی زۆرابەوەو نەیهێشت زۆراب هیچ بڵێت.

## 8

درەنگی ئێوارەی دواتر یەکێ لە کۆپتەرەکان تەرمی برزۆی کادیرو هەر چوار هاورێکەی هێنایەوە شار، لە بەرزی چەند سەت مەترێکەوە هەر بە کەلوپەلی بەریانەوە فرێدایە نێو ئەو چاڵەوە، کە پێشتر لەلایەن شارەوانیەوە بۆ هەمان کار ئامادەکرابوو.

خەڵکی دەڵێن یەکێ لەکورەکان بریندارببووە، بەو شێوەیە لە ئاسمانەوە بەردراوەتەوەو خراوەتە ژێر گڵەوە. ئەو پێنج پێشمەرگەیە ئەو رۆژە بەجۆرێك رووبەرووی جەیش‌و جاشەکە بوونەوە کە وەك خەڵك دەڵێن بە قسە باس ناکرێت. یەکێ لە جاشەکان گێڕابوویەوە "ئێمە شەڕمان لەگەڵ پێنج کەس دەکرد، کەچی لە پەنجا شوێنەوە تەقەمان لێدەکرا، ئەوان فریای ئێمەو ئاسمانیش دەکەوتن". جاشێکی تر وتبووی "ئەوانەی ئێمە شەڕمان دەکردن، مرۆڤی ئاسایی نەبوون".

ئەو پێنج کەسە لەو شەڕەدا سێزدە سەربازو ئەفسەرێکی پلەدارو شەش جاشیان کوشتبوو، ئەوە جگەلە خستنە خوارەوەی کۆپتەرێکی جەنگی. جاش‌و جەیشی بەشداربوو لەو شەڕە بەهەزاران شێوە چیرۆکی ئەو پێنج پێشمەرگەیەیان دەگێڕایەوە، ئەڵێن سەربازێك سوێندی خواردبوو ئەوانە پێنج کەس نەبوون‌و بەهەزاران مەلی نادیاری ئاسمانیان

لەگەڵ بووە، لەو مەلانەی خودا لە قورئاندا بە مەلی ئەبابیلە ناویان دەبات. ئەو سەربازە ووتبووی ئاخر پێنج چەکدارو سی مەخزەن بابڵێین هەموو مەخزەنەکان پڕبوون، ئەو کوشتو بڕەیان پێدەکرێت؟!

چیرۆکی کوشتنی پێشمەرگەکان وەك بروسکە بەهەموو شاردا بڵاوبووەوە، شەو خەڵکی شار چوون تەرمەکانیان لە چاڵەکەدەرکردو بە کەلوپەلی بەریانەوە ناشتیانن. کاتێك یەکێ لە پیاوەکان ویستی بە مشتێ خۆڵ یەکێکیان بشوات، مەلاکەی لەگەڵ خەڵکەکە هاتبوو بانگی کرد"کوڕۆ ئەوانە شەهیدنو خۆیان پاکن لێیان گەڕێ". کاتێ مەلا ئەو قسەیەی کرد، هەموو خەڵکەکە بەیەك دەنگ تەکبیریان کردو سڵاواتیان لێدا. تەرمەکان یەك یەك دەرهێنران، پاش نوێژ خوێندن چەند کەسێك تەختی تەوێڵی هەموویانیان ماچ کرد. مەلاکە بە خەڵکەکەی گوتبوو لەهەموو تەمەنما مرۆڤگەلی واجوانم نەبینیوە. یەکێك وتبووی وەك ئەوە وابوو هەموویان پێبخەنن.

لەنێو دەستی یەکێ لەشەهیدەکاندا کە توووند گرتبووی دەفتەرێکی بچوك هەبوو، دەفتەرێك کە یاداشتی رۆژانەی تیا نووسرابوو، بەو شەڕەی ئەو رۆژەشەوە. لەدوو توێی لاپەڕەکانی ئەو دەفتەرەدا وێنەی کچۆڵەیەك زۆر بە هونەری بەلایلۆن پۆشرابوو، لەپشتی وێنەکەوە نووسرابوو "هەر رۆژێ رزگاربووین، دێم داوای دەستت ئەکەم لە باوکت". مامۆستاکە وتی "کەس دەست لە کەلوپەلی ئەو شەهیدانە نەدات، لێیان گەڕێن با هەروا بچنەوە بۆ دیداری خوا".. ئیتر ئەوەی دەفتەرەکەی بەدەستەوەیەو لێکڕا تەماشای دەکات، بەخۆیدا

دەشكێتەوەو دەفتەرەكە ماچ دەكاتو دەیخاتە سەر سینگی شەهیدەكەو یەك یەك دەیانخەنە گۆڕەكانەوە.
كەسێك بەدەنگێكی كەمێ بەرز دەڵێت "برایان ئەمانە شەرەفو كەرامەتی ئەم میللەتەنو ئێمە بەمانەوە هەین، دوعای خێریان بۆ بكەن". كەسێكی تر كە پەیتا پەیتا بۆن بەسەر تەرمەكاندا دەپژێنێ، روودەكاتە ئەویتر "ئەمانە دوعایان ناوێت، ئەوەی بەڕاستی بۆ پاراستنی گەلەكەی گیان ببەخشێت پێویستی بە دوعانیە، خودا خۆی شوێنی شیاوی بۆ داناوە، وانییە مامۆستا؟"، مامۆستا كە بە ئەسپایی سێ چوار دەنكە خۆڵی نێو مشتی فڕێدەداتە سەر گۆڕی یەكێ لە شەهیدەكان دەڵێ "خودا لەهەمووان زاناترەو دەزانێ ئەمانە بۆ ئازادی ئێمە شەهیدبوون".
لەو شەوەدا كوڕە گەنجەكانی نێو ئاپۆرای خەڵكەكە، سەرەڕای ئەوەی كە گورجو گۆڵترین بوون، بەڵام تووڕەییەكی زۆر بەڕوویانەوە دیاربوو، یەكێكیان بەوی تەنیشتیەوە وت "بە ئێمەش دەڵێن پیاو؟!".
شەهیدەكان هەر پێنجیان قاتی خاكی گیرفانداریان لەبەر بوو، تاقمو تفەنگیان لێكرابووەوە. سەرەڕای شەهیدكردنیان هێشتا دەستیان لەپشتەوە بەسترابوو، یەكێ لەگەنجەكان وتی "دوژمن بەمردوویش لێیان دەترسێت". پیاوێكی بەتەمەن كە زۆر بەوردی لەتەرمەكانی دەڕوانی وەك ئەوەی بەدووی كوڕێكی خۆیدا بگەڕێت، گوێی لە قسەی گەنجەكە بوو "بۆ پیاوی ئازا مردوو یان زندو بایەخی نییە، ئازاكان هەمیشە لەژیاندان، ئەوەتا بەردەوام ئیلهامیان لێوەردەگرین". گەنجەكە وتی

منیش وادەڵێم هاپۆ گیان، پیرەکە بەردەوام بوو "ئازاکان پێمان دەڵێن قوربانیدان چییە، ئەوان سەرەڕای بەختکردنی گیانیان بۆ ئێمەو مانانیش دەبنە پەند، راستە ژیان پڕە لە کەندو لەندو ناخۆشی، بەڵام ئازاکان دەڵێن دەکرێ ژیان بۆ ئەوانی دوای خۆمان خۆش بکەین".

بەسەر جلوبەرگی شەهیدەکانەوە خوێن هەبوو، خوێنێك وەك ئەوەی تازە رژابێت، سەرەڕای ئەوەی چەند سەعاتێ بوو لەژێر گڵی ئەو گۆڕستانەدا بوون. مەلاکە روویکردە خەڵکەکە "ئەوەش نیشانەیەکی تری شەهیدی ئەم کوڕانەیە، رۆژی کۆتایی بەو خوێنە گەشەوە دەچنە دیداری خوا". مەلاکە بیری لای ئەوە بوو کە رەنگە ئێستا خەڵکانێکی راپۆرت نووس لەنێو ئەو خەڵکەدابن، بەڵام بەوە دڵی خۆی دایەوە کە خەڵکانی راپۆرت نووس‌و بودەڵە ئامادەی ئەم شوێن‌و کارە نابن، با پێشیان ووترابێت.

یەك یەك کوڕەکانیان ناشت‌و بەکۆمەڵ بەرەو ناوشار گەڕانەوە، دووری نێوان گۆڕستانەکەو کەناری شار لە دە دوازدە هەنگاو زیاتر نەبوو، لە شوێنێکی بەرزەوە درانە بەر رێژنەی گولە، خۆیان گەیاندە پاڵ دیوارەکەو لەگولەکان خۆیان پاراست، لەوێشەوە بڵاوەیان لێکرد.

ئەو شەوە زۆربەی خەڵکی شارۆچکەکە لەنێو خەم‌و ئازارێکی بەئێش‌و ژاندا بوون، باس هەر باسی ئەو پێنج شەهیدە بوو.. پیاوەکان بۆ هاوسەرەکانیان باسی تەرمەکان‌و جوانی رەنگ‌و رووی تەرمەکانیان دەکرد، کوڕان بۆ دایك‌و خوشکیان چیرۆکی ناشتنەکەیان دەگێڕایەوە، هەمووشیان شانازییان بەو کارەی خۆیانەوە دەکرد. باسی ئەوە دەکرا

که یەکێ لە شەهیدەکان کەمێکی مابوو لەڕانی بەرەو خوار لە جەستەی بێتەوە، کەچی تابلێی ڕەنگێکی جوانی هەبوو، ڕەنگێك کە هەمووانی سەراسیمەی جوانیەکەی دەکرد، یەکێك وتی "دەتووت نوستوە".

خەڵکەکە زۆر شتیان دەگێڕایەوە، دەڵێن حەمە قژە نیوە شەوی دوای ناشتنەکە بەوێدا تێپەڕیوە بەچاوی خۆی پێنج گڕی سوری لەشێوەی روناکیدا بینیوە لەو گۆڕانەوە دەرچوونەو بەرەو ئاسمان بەرز بوونەتەوە. خەڵکێك هەبوون پشتگیری ئەو قسەیەی حەمەقژەیان دەکردو دەیانگووت "قژە لەخۆیەوە قسەناکاتو کەس تائێستا درۆی لێنەدیوە".

حەمە قژە کڵاوو جامانەی لە شارەوە بۆ فرۆشتن دەبردە گوندەکان، لەگوندەکانیشەوە هێلکەو مریشکی کوردی دەهێنا بۆ شار بۆ فرۆشتن. کەس لە شەڕو ناخۆشی نێوان حەمە قژەو حەمە شینەی بەقاڵ نەدەگەیشت، ئەوان بۆ یەکتر وەك ئاگرو بەنزین وابوون، ئەگەر گەنجان ویستبایان حەمە قژە توڕەبکەن باسی حەمە شینەو داستانەکانی حەمە شینەیان دەکرد، ئەگەر گەرەکیشیان با حەمە شینە توڕە بکەن حەمە قژەیان دەکردە پاڵەوان.

حەمە قژە سوێندی دەخوارد کە ئەو پێنج روناکییە، گیانی پیرۆزی ئەو پێنج کەسە بووەو لەو شەوەدا براون بۆ لای خوا "خوا خۆشەویستەکانی خۆی دەباتە سەرەوە"، حەمە ئەمەی دەگووتو ئەوانی وەك خۆشەویستی خوا نیشانی هەمووان دەدا.

ئەو شەوە زۆربەی هەرەزۆری ژنانی شارۆچکەکە نوێژیان بۆ شەهیدەکان کرد، لە خودا پاڕانەوە بیانکاتە دۆستی پێغەمبەرانو پیاوچاکان.

خانەخوێکەی نەسرینو خوشکانو ئەوان یەکێ بوو لەو کەسانەی کە ئەو شەوە لە ناشتنی تەرمەکاندا بەشداری کرد، دوای گەڕانەوەی دەستیکرد بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی پێنج شەهیدەکە. ورد ورد وێنەی شەهیدەکانی بەووشە کێشا، لەگەرمەی گێڕانەوەی ئەودا خوشکانو نەسرینو دایكو باوکی نەسرینو دایکی خوشکان دایان لە سەلای گریان، گریانێك کە بەردی دەهێنایە جوڵەو وەك دەڵێن بەردی دەتوانەوە، خانەخوێ واقی وڕماو هەرما بپرسێت "خودایە من چیم کرد؟ ئەو کوڕانە چی ئێوەن؟!".

میوانەکان بێئەوەی بواری یەك بدەن هەر پێنجیان دەستیان بە قسەکرد، پاش کەمێك سەیری یەکتریان کردو دواتر هەموویان بۆ باوکی نەسرین قڕو قەپیان کرد، بەڵام فرمێسكو کڕوزانەوەو دەستشکانو دەردەدڵ بەردەوام بوو.

باوکی نەسرین دەستی کرد بە گێڕانەوەی چیرۆکی برزۆی کادیرو هاوڕێکانی "ئەوان وەك کوڕی خۆمان وابوون، چەندساڵێك بوو لەو گوندەی ئێمە بارەگایەکی بچوکیان هەبوو، لە شارەوە خەڵك دەهات بۆلایانو خەڵکیان بەڕێدەکرد بۆ سەرەوە.. کاروباری دیکەی وەك چارەسەری کێشەی کۆمەڵایەتیو دەمەقاڵو ئەو گرفتانەشیان دەکرد.. هەرچەندە هەریەکەیان خەڵکی لایەك بوون، بەڵام وەك براو کەسی یەك

وابوون، کەس خۆی لەکەس بەگەورەتر نازانی.. ئەوان داوایانکرد هەم لەسەرەوەو هەم لەشارەوە چەندین کتێبیان هێنایە گوندەکەی ئێمەو زیاتر چاویان کردینەوە بۆ ژیان.. ئەو کوڕانە بۆ ئێمە کەسوکارو پشتو پەنا بوون.. تۆ نازانی ئەوان بڕوایان بە براکوژیو یەکتر راونانو تۆڵە لەیەککردنەوە نەبوو، برزۆی کادیر دەیووت با جیاوازیو خاڵی جیاوازیش لەنێوانماندا هەبێت، بەڵام خاڵە هاوبەشو لێکچوەکان زیاترن. هەموومان بەیەك زمان قسەدەکەین، زمانێك کە لەنێو دەممانایە، یەك هەوا هەڵدەمژین، لەسەر یەك گۆی زەوی دەژین، بیردەکەینەوەو دەمانەوێ داهاتوو لە ئێستا باشتر بێت، بۆ ئەوەش مەرج نییە یەك رێ هەڵبژێرین. ئەو زۆر ئاقڵو بەفام بوو، دەیگوت منو مامۆستا مەلاو کوێخا هەریەك بە جۆرێ بیر دەکەینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئینسان بوون کۆمان دەکاتەوە، برزۆ پیاوێکی بە ئاوەزو بیردارو بەتەنگەوەهاتوو بوو، ئەو پیاوی رۆژی رەشو تەنگانە بوو". باسی باڵاو قەدو قەڵافەتو رەنگو رووی کوڕەکانی بۆ خانەخوێ دەکرد، رێك وەك ئەوەی خانەخوێکەیان بینی بووی.

ئێستا تازە یەك دوو رۆژ بەسەر جیابوونەوەیاندا تێپەڕی بوو، هیچ شتێك هیچ نیشانەیەك هی ئەوە نەبوو لەبیر بچێتەوە. نەسرین هێشتا کاریگەری ئەو دڵ داخورپانەی دوێنێ بەیانی هەر بەسەرەوە بوو، کاتێ خانەخوێکە سەری بۆ باوکی دەلەقاندو قسەکانی دەسەلماند، لەوەدا بو ببورێتەوەو لەهۆش خۆی بچێت، خوشکان بە بیانوی پێووتنی قسەیەك بردیە دەرەوە. باوکی نەسرین هەمان وێنەی پێنج شەهیدەکەی بە

چیرۆك بۆ خانەخوێکەیان گێڕایەوە، ئەو شەوە هەموویان تابەیانی لالانەوەو کەس خەو نەچووە چاوی.

نەسرین خەون‌و خەیاڵی لای زۆراب‌و کوڕەکانی گوندبوو، بیریشی لە قسەکانی برزۆی کادیر دەکردەوە. بەچرکە وێنەی زۆراب‌و برزۆو ئەوانیتر لەبەر چاوی وون نابوون، ئەمە بۆ خوشکان‌و ئەوانی دیکەش هەروابوو. تەواوی خەڵکی گوندی سورە چنار لەزاری خانەخوێکانیانەوە مەرگی برزۆو هاوڕێکانیان بیست، ئەو شەوە وەك پرسە لە زۆربەی ماڵەکانی شارۆچکەکە پرسە دانرا.

ئەڵێن بەشێك لە چەکدارەکانی دەسەڵاتیش ئەو شەوە نزیکی بەرەبەیان ئەو پێنج رووناکیەیان وەك پێنج ئەستێرە لە ئاسمان بینیوە، ئەوەشیان بینیوە کە لەو گۆڕستانەوە کشاون. ئەڵێن ئەو شەوە سەرۆك جاشێك سوێندو تەلاقی خواردوە کە ئەوان تۆزقاڵێك شەرەف‌و کەرامەتیان نییەو شایانی بەردە بارانن. ئەو سەرۆك جاشە لەو شەوەوە سەری خۆی هەڵگرتوەو بە ژنەکەی وتوە تا ئەم دەسەڵاتە لەحوکما بن سەر ناکاتەوە بە نیشتیمانا.

چیرۆکێك هەیە ئەڵێت ئەو پیاوە لە سنوری ئێران بینراوە، کاتێ ویستویەتی بپەڕێتەوە لەلایەن پاسداری ئەو وڵاتەوە گیراوە. چەند رۆژ دوای رۆیشتنی ئەو پیاوە، حکومەت بانگی ژنەکەی دەکەن‌و پێی ئەڵێن دەستی منالەکانت بگرەو بۆ کوێ ئەڕۆی برۆ، جگەلە بەرگی بەریشتان بۆتان نییە هیچ لەگەڵ خۆتان بەرن.

خوشکان ئەو شەوە لە نیگەرانیەکی قوڵدا بوو، خوشکان بیری لە نوکتەو قسەکانی برزۆی کادیر ئەکردەوە، برزۆ ئەیووت "خۆی ژیان کوێخاو مەلاو کادیری تیا نەبێت، کێشەی تیانابێت"، ئەم قسەیە مەلاو کوێخای گوندی تورەو قەڵس دەکرد. ئەوان ئەیانووت ئەم کادیرە مارکسیە لەخوا یاخیە، بەدرۆ ناوی کادیریش ئەخاتە تەنیشت ناوی ئێمەو ئەو تەنیا مەبەستی ئێمەیە.

برزۆ هەمیشە لێوی بەخەندەو دەمی پڕبوو لە قسەی خۆش، ئەوەشی ئەووت"جیاوازی منو کوێخاو مامۆستا ئەوەیە من خودام خۆشئەوێتو ئەوان لێی ئەترسن"، خوشکان ئەیوت مرۆڤ نابێ لە باش بترسێ "چما خوا هەرە باشترین نییە، ئیدی بۆ لەبری ئەوەی خۆشمان بوێت لێی بترسین؟". مەلا ئەیووت لەو رۆژەوەی ئەم برزۆی کادیرە خۆی کردوە بەم گوندەدا ئیتر دارو بەردیش فێری قسەی زل بوونە.

رۆژێ برزۆ بە مامۆستا ئەڵێت "مامۆستا کا مەلا ئەگەر مریشکو پەلەوەرەکانتان رازی ئەبنو ئێوەش رازین، ئەوە بیانئنێرن تا فێری خوێندنو نووسینیان بکەم". مەلا بەتووندی لێی تورە دەبێتو بۆی دەچێت، ئیتر خەڵك دەستی دەگرنو ساردی دەکەنەوە. برزۆش لەسەر فەرمانی یەك دوو ریش سپی دەستی ماچ دەکاتو ئاشتی دەکاتەوە.

دوای ئەوەش برزۆ سەید ئەلی پیکاب رادەسپێرێت کە چووە شار دوو قورئانی پیرۆزو یەك دوو کتێبی تازەی ئاینیو شیکاری ئاینی بۆ بێنێت، پێیدەڵێت "تا دەتوانی کتێبەکانی مامۆستا عەلائەدینی سەجادیو شێخ

محەمەدی خاڵۆ مامۆستا مەلا محەمەدی شارەزوری بۆ مامۆستا بێنەو چەندی کرد من بەزیادەوە پارەکەت بۆ ئەگێڕمەوە".

برزۆ بە خەڵکی گوندی دەگوت دەزانن مەلای گەورەی کۆیەو قانع و مەحوی‌و زۆری دیکە مەلا مامۆستا بوون‌و خزمەتی زۆری کوردو کوردەواریان کرد، برزۆ ئەیویست مامۆستای گوندەکەی ئەوانیش وەك ئەو کەسانە بێت، ئەو دەیووت "ئێوە هەموو بەتەمەنەکان شیعری مەولەویتان لەبەرە، دەزانن مەولەوی مامۆستاو زاناو خواناسێکی ئاینی مەزن بووە".

خوشکان چیرۆکی دورو درێژی ئەو ساڵانە دەگەڕانەوە بەر نیگای، لەهەمووشیاندا برزۆی کادیری ئەبینی کە چۆن وەك یەکێ لەکوڕە دڵسۆزو خەمخۆرەکانی گوند بۆ هەموو کارێك لەپێشی پێشەوە بوو. ئەو شەوە هەمووخەڵکی گوند بیریان لە برزۆو هاوڕێکانی دەکردەوەو بۆیان خەمباربوون، ئەڵێن مەلاژن بە ئەسپایی چەند رۆژ دواتر بۆ فەتووم قسەی کردوەو ووتویەتی هەرگیز مەلام نەبینیوە بەشێوەی ئەو شەوە گریابێت "تەنانەت کە باوکی بەهەشتیشی کۆچی دوایی کرد هێندە فرمێسکی نەڕشت"، مەرگی برزۆو هاوڕێکانی کاری زۆر دەکەنەسەر مامۆستاو بەڕادەیەك یەك هەفتە لەجێدا دەیخات.

ئەوانەی برزۆو هاوڕێکانی ئەویان ناشت، ئەو شەوە هەموو حیکایەتخوان‌و چیرۆك گێڕەرەوە بوون، بەڕادەیەك چیرۆکەکانیان دەگێڕایەوەکە هیچ شتێکیان لەبیر ناچوو، جۆری جلوبەرگ، قەڵەمەکانی

قەدیان، پوزەوانەو جامانەکانیان.. نیشانەکانی تر هەموو شتێکیان ئەگێڕایەوە.

ئەو شەوە چیرۆکی ئەو پێنج قوربانیە چیرۆکی نێو هەموو ماڵەکان بوو، وەك ئەوەی ئەو پێنج کەسە لەناو هەموو ماڵەکاندا بن، ئەو شەوە نەکەس سەیری تەلەفیزیۆنی کرد، نە گوێی لە دەنگی ئەمەریکاو لەندەن‌و مۆنتیکارلۆ گرت، تەنانەت منداڵەکانیش ئەوانەی پۆلی یەکەمیش بون، ئەو شەوە بواری ئەوەیان نەبوو کتێبی ئەلف‌و بێکەی ئیبراهیم ئەمین باڵدار بکەنەوەو دوو داری دووردوور بخوێننەوە.

زۆر منداڵ بۆ بەیانی کە لەخەو هەستا بوون، ئەو خەوانەیان گێڕابوەوە کە بەو شەهیدانەوە بینیبویان. هەندێك لەمنداڵەکانیش وتبویان کەی گەورە دەبین تا وەك ئەوان بکەین. دایکێك بە منداڵەکەی ووتبوو رۆڵە گیان کە گەورە بویت تێدەگەیت بۆچی ناتەوێ ئەم خەونەت ببێتە راست، دایکەکە لەبەر خۆیەوە وتبووی "داخی گرانم ئەم کوڕە ئازایانە هەندێجار دەبنە ئاگرو ئافات بۆ گیانی یەکترو دەست لە دیل‌و بێچەکیش ناپارێزن"! ئەو دایکە ئەو دەمە بیری لای بەدیلی کوشتنی ئەو دوو پێشمەرگەیەی خزمیان بوو، کە لەسەر دەستی مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی لایەنێکی ترەوە تیرە باران کرابوون، ئەڵێن سوێندیشیان خواردبوو هەر کەسێ ئەو دووانە بنێژێت هەموو دانەکانی هەڵدەکێشن.

## 9

چەند کۆپتەرێك بەئاسمانی شارەکەدا دەسوڕێنەوە، هەبوون ئەیانگوت دوازدە کۆپتەر بووەو هەشبون دەیانگوت سێزدە کۆپتەر بوونە، لەمزگەوتەکانەوە بانگەواز کرا "هەر ماڵێك داڵدەی خەڵکی غەریب بدات، خانوەکەی بەسەردا ئەڕوخێنین". ئەم بانگەوازە دەیانجار جاڕدرا. سەرەڕای ئەوەی خەڵکەکە لەو بانگەوازە دەترسان، بەڵام کەس ئامادەنەبوو میوانی ماڵەکەی دەرکات.

نەڕەنەڕی کۆپتەرەکانو بانگەوازی مزگەوتەکان، چەکدارێکی رۆستەم بەگی هێنایە پای ئەوەی سی گولەی مەخزەنێکی پڕ بە کلاشینکۆفە سینیەکەی بنێت بەکۆپتەرەکانەوە، ئەمەش بارو دۆخەکەی تەواو شێواند. بەچەند سەعات پێش ئەو روداوەش کۆمەڵێك قوتابیو فێرخواز رژابوونە سەر شەقامە کۆنو چاڵو چۆڵەکانی شارو بەردبارانی ئیڤاو وازقیادە سەربازیەکانیان کردبوو.

تەقو تۆقێکی زۆر لەشاردا دەستپێدەکات، ئەمە وادەکات کە دەسەڵات پاشەکشە لەو هەڕەشەو گورەشەیەی پێشووتر بکات. ئەو رۆژە بارگرژی تا درەنگی ئێوارە دەخایەنێت، کچێکی پۆلی دووەمی ناوەندی کاتێ لەوپەڕی خۆشی ئەوەی کە لەتاقیکردنەوەی ئینگلیزی (48) لە

پەنجا دێنیّو لەهەموو هاوپۆلەکانی نمرەی زیاتر دێنیّ، لەڕێگای گەڕانەوەی بۆ مالّ بە گوللەی یەکیّ لە کۆپتەرەکان بەر دەکەوێتو گیان لەدەستدەدا.

دایکی کچە قژی خۆی دەڕنێتەوەو لە خودا دەپاڕێتەوە "خوایە ئەوەی کچەکەی خەڵتانی خوێن کردم، خەڵتانی خوێنی کەیت، خوایە ئەوەی جەرگی سوتانم جەرگی بسوتێنی". ژنانی شار پۆل پۆل روو دەکەنە ماڵی کچە قوربانیەکە، قایمقامی شار کەسێك بۆ ماڵی کچە دەنێرێت کە "نابیّ بەهیچ شێوەیەك پرسە دابنەن".

پیرێك کە بەلای سیّ چوار قوتابی بەرد لەنێو دەستا تێدەپەڕێت، لەبەر خۆیەوە ئەلّێت "تۆ سەیری ئەمانە ناکەیت ئەیانەوێت بەوردە بەرد ئەم کۆپتەرو دەبابەو جەیشو جاشە بشکێنن، ئەوەیان بیرچوو دوێنیّ تەرمی پێنج قارەمان لە بەرزایی ئاسمانەوە بەردرایەوە". ژنێك گوێی لە قسەی ئەو پیرەمێردە بوو "جا خۆ ناتوانن هەمووما‌ن بکوژن، خۆقەتلّو عامی ئەرمەن نییە". پیرەکە سەیرێکی کرد "دایکەکەم ئەوەی قەتلّو عامی ئەرمەنی کردوە، لەچاو ئەمەوە بە حەوت ئاو شۆراوەتەوە". ژنەکە بێئەوەی ئاوڕی لێبداتەوە بەدەم ڕێوە وتی "لە بری ئەوەی هانیان بداتو دەستخۆشیان لێبکات بۆڵە بۆڵێتی، ئاخر پیرەمێرد تۆ بۆ لەمردن ئەترسی پێم ناڵێیت؟"، پیرە مێردەکە گوێی لە دوا قسەی ژنەکە نەبوو بەسەر بادانێکەوە "وائەزانن ژیان هەروا ئاسانە، منالّی خەلّك هانئەدەن خۆیان بکەنە قوربانی".

نەسرین ئەو رۆژە سەرەڕای ئەوەی لە نیگەرانیو خەمێکی لەشپرۆکێندا بوو، بەڵام بە ئازاری ئەوەشەوە ئەتلایەوە کە چۆن بوونەتە بار بەسەر خەڵکی تریشەوە. باوکی ئەو رۆژە ویستی بچێتو سەردانی خزمان بکات بۆ دۆزینەوەی شوێنو جێیەك، بەڵام خانەخوێکەیان سوێندی گەورەی خوارد کە نابێ پێی لەو ماڵە بچێتە دەرەوە، بەوەش ئیتر نەتوانرا هیچ هەواڵێك لە زۆرابو ئەوانی تر بزانن.

نەسرینو خوشکان ئەو رۆژە تەواوی ئیشو کاری ئەو ماڵەیان بەیەکەوە کرد، خوشکان بەنەسرینی وت "بڕوا ناکەم ئەم بارودۆخە تاسەر وابێت، سەگی هار چل شەوی عومرە"، نەسرین بەبزەیەکەوە بەخوشکانی وت "خوشکێ گیان ئەمە جۆرێکە لە خۆش خەیاڵی، مەگەر تەنها لە حەکایەتەکانا بەو پەلە پەلە ئەمە تەواو بێت". خوشکان خەیاڵی لای ئەو حەکایەتە بوو کە نەنکی شەوانە بۆی دەگێڕانەوە، لەوێدا دێوی سپی لە ئاسمانەوە بەخێرایی دادەبەزیو دێوی رەشی لەسەرچاوەی ئاوی کانی گوند دوردەخستەوەو شەتو پەتی دەکرد "ئای نەنێ ئێستا چەند بە عەزرەتی هاتنی دێوی سپین؟"، باوکی خوشکان کاتی خۆی ئەیگوت "تا جام پڕ نەبێت دێوی سپی پەیدا نابێت".

بەبڕوای برزۆی کادیر پەندی ئەم حەکایەتە ئەوەیە "مرۆڤ پێویستە خۆی خۆی رزگار بکات"، برزۆی کادیر دەیگوت "دێوی سپی شتێکە لەناو خۆماندا، ئەو پێویستی بەوەیە خەبەری کەینەوە، بەئاگاهاتنی ئەو واتە بەئاگاهاتنی ئێمە، ئەودەم ئیتر ستەم لەبەرمان هەرەس دێنێت".

خوشکان بیری لەقسەکانی لالە سوڵتانی کتکەی دەکردەوە، لالە سوڵتان ئەیگوت "پێشینان بەنیازی ئەوە ئەم داستانانەیان هۆنیوەتەوە تا زوڵمو ستەم قەبولّ نەکەین، خوا ئەوانەی خۆشناوێ کە ستەم قەبوڵدەکەن، خوا مرۆڤی دەستەمۆو لارە خوارو کزۆڵەی خۆش ناوێت"، نەسرین پێیوابوو ئەگەر خوا ترسنۆکی خۆشویستبا، ئازایەتی هیچ مانایەکی نابوو.

زۆراب ئێوارانێکیان باسی ئازایەتیو ترسنۆکی بۆ نەسرین دەکرد "بەلای خوداوە ئازا ئەو کەسەیە ستەم لەکەس قەبوڵنەکات، نابێ بۆ خۆشی ستەمکار بێت، ترسنۆکیش ئەو کەسەیە کە ناتوانێ داکۆکی لە خۆی بکات"، زۆراب ئەیووت "ئەوەی نەتوانێ داکۆکی لە خۆی بکات، ناتوانێ داکۆکی لەکەسی تر بکات، ئەوەی نەتوانێ داکۆکی لەکەس بکات، ناتوانێ داکۆکی لەنیشتمان بکات. ئەوەی داکۆکی لە نیشتمان نەکات نابێتە خاوەنی، ئەوەی نیشتمانی نەبێت شەرەفی نییە، خوا مرۆڤی بێشەرەفی خۆشناوێت". نەسرین بیری لەو قسەیە دەکردەوە، بۆیە پێیوابوو داکۆکی لە گوندی سورە چنار داکۆکیە لە شەرەفو کەرامەت، ئەو ئەیزانی ریشەی ئەوان یادو یادگارو بوونو نەبوونیان لێرەیە.

نەسرین بەتەواوەتی دابڕابوو لەدەوروبەر، کاتێ خوشکان دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە، "دیسان گوڕو هوڕ دەستی پێکردەوە"، نەسرین سەیری سەرەوەی کرد. دەبێت ئێستا بارودۆخی سورە چنار چۆن بێت؟ نەسرین بە خوشکانی وت. خوشکان بێئەوەی سەیری بکات: کچێ تۆ تەواوی ئێمە وەك ئاردی ناو دڕکمان لێهاتوە، هەر سێو چوارێکمان

له شوێنێکین، کەس هەواڵی کوڕەکان نازانێت، لەولاوە برزۆو هاوڕێکانی شەهید بوونە، لەولاوە ڕۆستەم بەگ گیراوەو سەرو سۆراغی نییە، ئاسمانی شار پڕبووە لە فڕۆکەو کۆپتەر، تۆش خەیاڵت لای سورە چنارە!

نەسرین وەك ئەوەی سەرزەنشتی بکات سەیرێکی کرد "ئەزانی ئێمەهەموومان بەو شوێنەوە شت بووین، سەیرکە چۆن لەوێ نەماین ئێستا هیچ نین، خۆزگا هەموومان لەوێ لەناوچووباینو ئەمەمان بەسەر نەهاتایە، ئاخر بەرد لەجێی خۆی سەنگینە، ئێستا ئێمە سەنگو بوونمان چیە پێم نالێی؟". خوشکان لەقوڵی ناسۆری نەسرین گەیشت، بۆیە هیچی نەوتو پێکەوە بەرەو ژوورەکە بەڕێوە بوون. کاتێ خانەخوێکەیان خۆی کردەوە بەحەوشەدا، هەر بەدەم ڕێوە وتی "ئەمانە دڕندەن.. ئەمڕۆش کچێکیان کوشتوەو سیان چوارێکیشیان بریندار کردوە، زەرەرو زیانی زۆریشیان بە خەڵك گەیاندوەو هێشتا وازناهێنن".. ڕوویکردە کچەکان "سلاّوتان لێبێت"، بەنەسرینی وت: ئەی کوا باوکت؟ نەسرین وەلامی دایەوە وا لە ژوورەوەیە.

هەموویان لەدەوری خانەخوێکەیان کۆبونەوە، ئەویش دەستی کرد بەگێڕانەوەی ئەوەی دیویەتی "بڕوا ئەکەن خۆم نەمدی.. ئەو خەڵکە بۆیان گێڕامەوە ئەڵێن ئەمڕۆ منداڵو تەلەبە کارێکیان کردووە مەبینە، ئەوان بەدەستی پڕ بەردەوە بەگژ ئەو ئەژدیهایەدا چوونەتەوە. ئەوە جگەلەوەی ئەڵێن هەنێ لە چەکدارەکانی دەسەلاّتیش تەقەیان لە کۆپتەرەکان کردوەو حکومەت لە ترسا زیرەی کردوە.. ئەو کچە

منالەش کە کوژراوە کیژی پیاوێکی چەکدارە، یەکپارچە شار ئەڵێی ڕۆژی حەشرە کەس بە کەس نییە.. هەر سورە چنار نا، خەڵکی دەیان دێی ئەم دەوروبەرە خۆیان کردوە بەشاردا، ئەڵێن لە هەوڵی ئەوەدان شوێنێك بۆ ئەو خەڵکە دابین بکرێت. خەڵکێکی زۆر گیراوە، ئەڵێن حکومەت لە یەك دوو دێ ژەهری ڕژاندوەو خەڵکی زۆری کوشتوە، مەگەر خوا بەگەورەیی خۆی فریامان کەوێت". هەموویان بەم قسانە خەمبار بوون.

باوکی نەسرین کاتێ دەنکی تەسبیحەکەی لەنێوان دوو پەنجەی دەهێناو دەبرد، وتی: ئەمە تاسەر نابێت. فەتووم کوا جاری واهەبوو! بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ قسەی نەدەکردو بێدەنگ دەیڕوانیە ئەوانەی تەکی، بەڕادەیەك کە ئەوانی تر ترسی ئەوەیان لێدەنیشت لە زمان کەوتبێت یان باری دەرونی تێك بچێت، بەبێدەنگیو زۆر لەسەرخۆ وتی "جا کوا؟".

خانەخوێکەیان دەستی پێکردەوە "لەگەرمەی ئەم مەینەتیەشا ئەڵێن هەندێك ئەو هەلەیان قۆستوەتەوەو کەوتوونەتە وێزەی ئەو خەڵکە هەژارەی گوندو لادێکان، مەڕو ماڵاتەکەیان بەهەرزان لەدەست دەرئەکەن، ئێمە چ میلەتێکین لەم بەدبەختیەشدا بەربووینەتە گیانی یەکترو یەکتر لەخشتە ئەبەین؟!"، نەسرین وتی: تۆ بڵێیت میلەتی تر هەبێت لەدنیادا وەك ئێمە؟ خانەخوێکە وتی: باوەڕ ناکەم میلەتێك نییە بەزەیی بەخۆیدا نەیەتەوە، بەڵام خوا ئاگای لە هەموو شتێکەو هیچ بەسەریا تێناپەڕێت.

ڕۆژ بەرەو ئاوا بوون ئەچوو، دەنگی تەقەو کۆپتەر نەما. شار لەنێو خامۆشیەکی مەستا بوو، تەنیا لەسەر لقی دارەکان جریوە جریوی زۆری چۆلەکەکان ئاوەدانیەکی بە شار بەخشیبوو، لە مزگەوتەکانی شارەوە بەشێوەیەکی زۆر حەزین دەنگی بانگی ئێوارە بەرز بووەوە. باوکی نەسرینو خانەخوێکە بەرەو نزیکترین مزگەوت کەوتنەڕێ، ئەوانی تریش خەریکی ئەوە بوون خواردنی ئێوارە ئامادەبکەن، زۆری پێنەچوو خانەخوێو باوکی نەسرین بەدەم جنێودانەوە خۆیان کردەوە بەحەوشەدا "سەگبابینە ئێمەیان کردوەتە پڕ چنگێكو هێشتا خەریکە زیرە بکەن!" ئەمە خانەخوێکە وتی، باوکی نەسرین وتی "ئەمانە خوێڕین خوێڕی". خوشکان پێیوتن "نوێژتان نەکرد؟"، "نەیانهێشت.. لەسەری کۆڵانەکە گەڕاندیانینەوە، زرتە بۆزێکی سەگباب وتی ئەم ئێوارەیە نوێژ نییەو هەشت نۆ کەس بووین هەمووومانی گەڕاندەوە" باوکی نەسرین وایوت.

خانەخوێکە کە لەوکاتەدا دیار بوو زۆر تورەبوو، ئەمە بەڕەنگو روویەوە بەئاشکرا دیاربوو وتی "ئەمانە هەر لێیان گیرکرێت بەئێمەی دەرێژن، ئاخر ئەگەر ئەوانەی خۆمان کەمێك شەرەفو کەرامەتی ئەوەیان هەبا کە یەك قڕ نەکەن، بۆ رۆژمان بەم رۆژە دەگەیشت؟!".

## 10

لاله سولّتانی کاکەی دەمێ ساڵ لەمەوبەر وتبوی رەشەبایەکی بەهێزو توڕەو درِدۆنگ بەرِێوەیە، رەشەبایەك کە دارو بەردی ئەم وڵاتە بەسەر یەکەوە ناهێڵێتو رەزو باخو مێرگو چەمەنەکان وێران دەکات.. زۆراب لەسوچێکی ئەو هۆڵەی تێیدا بەندکرابوون لەوکاتەدا بیری لای قسەکانی ئەو رۆژگارەی لاله سولّتان بوو، ئەو هۆڵەی زۆرابو ئەوانی تری تیابوو زیاتر لە شوێنی بەخێوکردنی پەلەوەرو مریشك دەچوو. هۆڵەکە بەمەزەنەی زۆراب نزیکەی هەشتا کەسێکی تیابوو، هۆڵەکە هەموو پەنجەرەکانی هەڵچنرابوونو تەنیا دەرگایەکی هەبوو، لەبەردەم دەرگاکە دوو سەرباز بەچەکەوە وەستابوون. یەکێك لە هاورِێکانی زۆراب بەنزمێکەوە بەزۆرابی وت "ئەڵێن چوار پێنج قاعەی ئاوا لێرە هەیە"، زۆراب سەیرێکی کرد وتی "خەمت نەبێت ئەوانی تر هەردوو گروپەکە کەسیان نەگیراون، بە شتێ پارە ئەوەم دەسکەوت". زۆراب بە تەواوێك دڵخۆشیو کەیفەوە ئەمەی بە هاورِێکەی وت، وتی: زۆر بە هێمنی بەوانی دیکەش بڵێت با خەمیان نەبێت.

زۆراب خەیاڵی لای پێشبینیو قسە لە جێکانی لاله سولّتان بوو، لەبەر خۆیەوە دەیگووت "ئەو پیاوە هەرگیز بێلێکدانەوە هیچی ناگووت، ئەو

شتەکانی بەچاوێکی تر دەبینی، دەتگوت جگەلەو دوو چاوە چاوی دیکەشی هەیە، ئەو چاوانەی تر کە ئێمە نەماندەبینی".. بە قسەکەی خۆی بزەیەکی کرد، بیری بۆ لای ئەو حەکایەتە چوو، کە کاتی خۆی لەناوچەکەیان لەسەر سەید ئەحمەدەشێت دروست دەکرا.

یەکێ دەیگوت بەچاوی خۆی سەید ئەحمەدی دیوە بە دوو باڵەوە فڕیوە، یەکێ تر دەیگوت ئەو سەید ئەحمەدەم بینیوە وەك شوشە وردو خاش بووەو خۆی خۆی گرد کردوەتەوەو لەپڕ لەو شوێنە ون بووە.. جارێکی هەشت نۆ پێشمەرگە لەسەر خاڵخاڵان دەیبینن، دەڵێن سەید ئێستا چی خۆشە؟ دەڵێ جگەرەی رۆسمەن، ئەوانیش جگەرەیەکی دەدەنێ، ئەویش بەوان دەڵێت ئێستا چی خۆشە؟ دەڵێن کەباب، ئەویش دەڵێ چاوبنوقێنن‌و دوای یەك چرکە دەڵێت چاو بکەنەوە، دەبینن سینیەکی پڕ لە کەبابی گەرم بەهەموو شتێکەوە لەبەردەمیانە.

ئەڵێن سەید بەماری وتووە بوەستە وەستاوە، وتوویەتی بڕۆ رۆیشتووە! لەوە زیاتریش باسی ئەوە دەکەن گوایە وتوویەتی لەبەر خاتر ئەو گامێشانەی خوارەوە نەبێت، بە خاسە دەڵێم ئیتر بوەستێت‌و بەرەو خوار نەڕوات.

بەلای خەڵکی ناوچەکەوە ئەم سەید ئەحمەدە شێتە شتێك بوو لەوێنەی فریشتە، ئەو چەندینجار بۆ ماوەیەکی دورو درێژ ون دەبوو، جاری وا رێکدەکەوت پتر لە یەك مانگی پێدەچوو، کە دەگەڕایەوە دەیگوت: سەردانی پێغەمبەرم کردوە. جارێکیان مەلای گوند زۆر باش لێی تووڕە بوو بوو لەسەر ئەوەی گووتبووی پێغەمبەر سڵاوی بۆ خەڵکی گوند

هەبووە، وتبووشی ئەو هەواڵی مەلای نەپرسیوە، بەمەش مەلا توڕە دەبێتو دەڵێت "ئەم شێتو شوورە زەندیقەو هەر لەخۆیەوە شت دروست دەکات". دەڵێن دوای ئەوەی مەلا زۆری بۆ دێنێ ئیدی دەڕواتو بەمەلا دەڵێت: ئەچم لای پێغەمبەر شکاتت لێدەکەم.. لەو ڕۆژەشەوە ئیتر نایەتەوەو گوایە ئەوانەی سەردانی ماڵی خواو حەجیان کردوە ئەویان لەوێ بینیوە.

ئەم سەید ئەحمەدە کاتی خۆی لە لاویدا حەزی لەکچێکی ئامۆزای خۆی کردووە، بەڵام مامەکەی نەیداوەو سوێندی خواردوە "بیدا بە سەگ نایدا بەو".. دەڵێن کچی مامەکەشی شێتو شەیدای ئەم بووە، کە بیستویەتی مامی نایدا بەئەمو بەتەمایە بیدا بە یەکێ تر، ڕێکو ڕەوان خۆی سووتاندوە.. بەدوای ئەو ڕووداوەشدا سەید شێت بووەو داویەتیە دەشتو دەردا.

ئەڵێن لەناو بڵێسەی ئاگرەکەی کە لەجەستەی گولیزاری ئامۆزای سەید ئەحمەدەوە بەرزبووەتەوە، روناکیەك بەرەو ئاسمان کشاوە، گولیزار کە گڕی لەخۆی بەرداوە تا بەردەم گردەکەی ئەو بەری گوند بەراکردن ڕۆیشتووە، لەوێ بەچنچکەوە دانیشتووە تا کوڵو کۆی دەرچووە.

سەید ئەحمەد بۆ هەتا هەتایە ئیتر سەیری هیچ کچێکی نەکردوە، زۆراب لەنێو ئەو خەیاڵانەدا بوو کە یەکێ لە پاسەوانەکان بەنوکە شەقێ بەهۆشی هێنایەوەو بەزمانەکەی خۆیان پێیووت "هەستە گەورەم تۆی دەوێ"، زۆراب بەو کەمە وشانەی دەیزانی لەم قسەیە تێگەیشت، بۆیە هەستاو کەوتە پێشی.. ئەوانی ناو هۆڵەکە هەموویان چاویان خستە

سەر زۆراب، بەتایبەت کەسوکارو خەڵکی گوندەکەی خۆی، ئەوە ئەو کاتەبوو کە زۆراب قسەیەکی نەسرینی بیر کەوتەوە "زۆراب لەڕێی خوا نەکەی هەرگیز بۆ دوژمن بەچۆکدا بێیت، با هەرچیمان بەسەرهات، بەجوامێری بمرین".

سەربازەکە زۆراب لە هۆڵەکە دەباتە دەرەوە، لەبەردەم دەرگای هۆڵەکە دوو سەربازی دیکەش وەستاون، پاش ئەوەی زۆراب دەبرێت بەتوندی دەرگاکە دائەخەن.. دورتر لە هۆڵەکە لە ژورێکی بچوکدا دوو کەس لەپشت مێزێکی ئاسنەوە دانیشتوون، ژورەکە جگەلەو مێزە وێنەیەکی گەورەی سەرۆکی وڵاتی تیا هەڵواسراوە، چەند کورسیەکی ئاسنیش کە تەختەکانیان بە بەرگێکی رەش پۆشراوە، لە ژوورەکەدا دانراون.

یەکێ لە دووکەسەکە بە کوردی لە زۆراب دەپرسێت: تۆ پێشمەرگە بووی؟

نا پێشمەرگە نەبووم. زۆراب وەڵامی دایەوە، کابرا بێئەوەی دەنگ بەرز بکاتەوە روی کردە زۆراب "سەیرکە کاکە زۆراب ئێمە زۆرباش تۆو تەواوی خەڵکی ئاواییەکەتان دەناسین، ئەوەش دەزانین تۆ پێشمەرگەی پشتگیری بوویتە، پێشمەرگەی پشتگیری یانی ئەوانەی لەهەرکاتێکا پێویست بکات فریای پێشمەرگە بکەون، ئێمە دەزانین کێی تریش لەوێ پێشمەرگەی پشتگیری بووە، حەزدەکەم بزانی زۆرابو هاورێکانی هەموو کوژران، تەنانەت ئەو چەکانەشمان دۆزیەوە کە لەنزیك شارۆچکەکە شاردبووتانەوە، بۆیە نامانەوێ درۆمان لەگەڵ بکەیت".

زۆراب وتی ئەوانە هیچی وانین قوربان.

قوربان قوزەڵقورت! کابرا ئەمەی زۆر بەتوڕەیی وت و هەستایە سەر پێ "تۆ پێت وایە ئێمە گێلین"، یەخەی زۆرابی گرت و وتی "پێشمەرگە بویت بڵێ پێشمەرگە بووم، ئیتر ئەم چەڵتە چەڵتە چیە؟!".
زۆراب چاوی بڕیە ناو چاوی "تۆش کوردی"؟
کابرا تا تینی تیا بوو پاڵێکی بەزۆرابەوە ناو هێندەی نەمابوو زۆراب بە پشتا بکەوێت، بەوەشەوە نەوەستا کەوتە سەرو گوێلاکی زۆراب. ئەویتر کە تائێستا دانیشتبوو، لەنێو چەکمەچەی دۆڵابەکەیدا دارێکی دەرکرد کە نیو مەترێك دەبوو نابوو، دارەکە بە تێپ ئەم سەرو ئەو سەری پێچرابوو، زۆراب بەوردی تەماشای دارەکەی دەکرد کاتێ ئەویتریش بەدارەکەوە کەوتە وێزەی ئەو دووانە تا توانیان لێیاندا، بێ ئەوەی زۆراب نقەی لێوە بێت یان ئای بکات.
پاش ئەوەی کە زۆریان لێداو هەموو سەرو چاویان کردە خوێن، بانگی یەکێکیان کردو داوایان لێکرد ئەمە فڕێداتە بەر هەتاوەکە.. زۆراب هەستی بەشتەکان دەکرد، ئەو ئاگای لێبوو کە لەناوەڕاستی گۆڕەپانی نێوان هۆڵەکان فڕێیان دا، ئەو زۆر بە ئاستەم توانیتی چاوەکانی بکاتەوە، لەدوورەوە نەسرینی بینی کە بە پێکەنینەوە بەرەو رووی ئەهات، نەسرین کراسێکی زەردی لەبەر بوو، ئەوە یەکەم جار بوو زۆراب نەسرین بەو کراسەوە ببینێت. نەسرین زۆر نزیك کەوتبووەوە لێی، کاتێ زۆراب ویستی پێی بڵێت ئەو کراسە زەردە زۆر جوانە لەبەرتا، نەسرین لەبەر چاوی ونبوو، کاتێ هۆشی هاتەوە بینی هەموو ئەوانی ناو هۆڵەکە

بەدیارییەوەن‌و چەند کوڕێکی گوند وا سەرو چاوی دەسڕنەوە، وتی "ئێستا کەیە"؟

یەکێ لە کوڕەکان پێیوت "وا بەرەو رۆژئاوا بوون ئەچین"، زۆراب لە دوو شوێنەوە دەستێکی شکا بوو، چەند پەراسویەکیشی شکابوون، بۆیە زۆر بە زەحمەت هەناسەی بۆ ئەدرا. بەیەکێ لەکوڕەکانی وت: ئەزانی چەکەکان دۆزراونەتەوە، نەکەن خۆتان لەمن بگەیەنن، نەوەك ئێوەش تووش بن.

هاوڕێکەی پێیوت "تازە هیچ شتێك نەما لێی بترسین، بڕیارە ئەمشەو هەموومان بگوازنەوە بۆ شوێنێکی تر، هەندێك باسی شوێنێك دەکەن ناوی سەلمانە، دەڵێن لەو خوارەوەیەو یەکجار لێرەوە دوورە". زۆراب وویست هێز بداتە خۆی هەستێ، بەڵام نەیتوانی، هاوڕێکەی راستی کردەوەو لە پەرداخێکی فافۆندا قومێ ئاوی دایە، زۆراب پرسیاری کرد پێش ئێمە کەسی تر براوە؟ نازانم، بەڵام دەڵێن لە پاسی داخراودا دەمانبەن‌و پاسەوانیەکی چڕ دەکرێین، هاوڕێکەی وایوت. ئەمانە ئێستاش زراویان چووە لە ئێمە، ئەمە قسەی زۆراب بوو کە بە ئاستەم بزەیەکی لەگەڵ کرد.

شەو هەموویانیان لە هۆڵەکان هێنایە دەرەوەو سواری پاسەکانیان کردن، هەر پاسێك چواردە کەسی دەگرت، ئەوان لەو ژمارەیە زیاتریان تێدەخنی. زۆراب هێشتا بارودۆخی تەندروستی زۆرباش نەبوو دەستیان بۆ بەستبوو، هاوڕێیەکی لەژێر باڵیا بوو، بەلای زۆرابەوە ئەم بڕیاری گواستنەوەیە کتوپڕ بوو، ئەو لای وابوو تازە لێپرسینەوە دەست

پێدەکات، ئەو بانگ کردنەش بەوە تێگەیشت، بەڵام لەوە دەچوو شتەکان گۆڕابن، پاسەوانیەکی زۆریان لێدەکرا.

کاتژمێر بوو بووە نزیکەی دوازدەی شەو کە پاسەکان بەڕێکەوتن، خەڵکی گوند نەشەو نەرۆژ بۆ دیاریکردنی کات پێویستیان بە کاتژمێر نییە، ئەوان پێوەری خۆرو مانگو سێبەر بەکاردێنن، هەندێك لەم پێوەرناسانە هێندە وردن وەك کاتژمێر کات دیاری دەکەن. باوکی زۆراب یەکێ بوو لەو کەسانە هەموو کات برزۆی کادیر تاقیدەکردەوە بەوەی لە پڕێکا دەیگووت کات چەندە؟ ئەویش یەکسەر وەڵامی دەدایەوە، کەمجار ڕێکدەکەوت لەنێوان قسەکەی باوکی زۆرابو کاتژمێرەکەدا جیاوازییەکی زۆر هەبێت.

پاسەکان بەدووی یەکدا ڕێیان دەکرد، جگەلە شەبەکەیەکی بچوك کە دەرەوەی لێوە دیار بوو هیچ بوارگەیەکی دیکەی هەواگۆڕکێ لە پاسەکاندا نەبوو، بۆیە سەرنشینی پاسەکان بێتاقەتو هەناسەتەنگ بوون، زۆراب لەوان زیاتر، بەڵام نەیدەویست ئەوە نیشان بدات، یاخود ئەو بێتاقەتیە بەڕوویەوە دیاربێت.

پاش چەندین سەعات ڕۆیشتن پاسەکان لە جادەی قیر لایان دا، هەموو ئەوانەی نێو پاسەکان هەستیان بەو لادانە کرد، ئیدی پاسەکان بەڕێگایەکدا دەڕۆیشتن کە هەندێك هەڵتەك هەڵتەکی دەکرد. نزیکی بەرەبەیان بوو کاتێ هەموو سەرنشینەکانیان داگرت، شوێنەکە لە بیابانێك دەچوو کە زۆر لە ئاوەدانیەوە دوور بێت، لەو شوێنە بە شۆفەڵ چەندین چاڵی لاکێشەیی گەورە ئامادەکرابوو. دەستی هەموو

گیراوەکانیان لەپشتەوە بەستەوەو بەڕیز لەکەناری چاڵەکان بە چنچکەوە دایان نان، لەوکاتەدا زۆراب بێئەوەی نیازی بێت لەبەر خۆیەوە گۆرانییەکی حەسەن زیرەکی دەگووت.

زۆراب دەنگێکی خۆش‌و دڵڕفێنی هەبوو، هەموو خەڵکی ئاوایی دەیانگووت تەنیا زۆراب دەنگی لە دەنگی حەسەن زیرەك دەچێت، بەڵام ئەو کەم رێکدەکەوت گۆرانی بڵێت. هەر کە کەسێك گوێی لەدەنگی بوایە، چەند سوورە بوو ئەوەندەی تر سوور دەبووەوەو لە شەرمان ئارەقی دەکرد. تەنیا کاتێ بەدەنگی بەرز گۆرانی دەگووت کە لە ئاوایی دوور دەکەوتەوە.

برزۆی کادیرو نەسرینیش لەرادەبەدەر حەزیان لە دەنگی زۆراب بوو. ئەو شەوە کاتێ پێکەوە لەگەڵ نەسرین چوونە خانەی هاوسەری گۆرانیەکی فرە خۆشی بۆ نەسرین وت، پاش نیوەرۆکەشی لەو دەشت‌و دەرە هەمان گۆرانی بۆ برزۆ ووتبوو، ئەو کاتە هەمان گۆرانی لەبەر خۆیەوە دەگووت کاتێ دەسترێژی گوللەیان لێکرا.

یەکێ لە سەربازەکان بەدڵ گوێی لە گۆانیەکەی گرتبوو، بەر لەدەسترێژی گوللەکەش خۆی بەزۆرابی وتبوو ئەگەر هەر راسپاردەو خواستێکت هەیە ناونیشانم بەرێ من کەسوکارەکەت ئەدۆزمەوە، بە ئەسپایشەوە پێیوتبوو "من کەمێ کوردی خانەقینی ئەزانم، لە کووت ماڵمان لەتەنیشت چەند ماڵە کوردێکەوە بوو، برایەك‌و مامیشم بە بیانووی پەیوەندییان بە حیزبی دەعوەوە لەسێدارە دراون". زۆراب

لەبارەی هەموو شتێکەوە قسەی بۆ کرد، ئەمە بەخێرایی تێپەڕی تا ئەو کاتەی ئەفسەرێك قیژاندی بەسەر سەربازەکەداو دووری خستەوە.

لەماوەیەکی کورتا هەموو گیراوەکان تیر باران کران، بەهەمان کەلوپەلی بەریانەوە خرانە چاڵەکانەوەو داپۆشران، ئەو کاتە رێك ئەو کاتە بوو کە مەلاکان بانگی بەیانیان ئەدا. ئەو سەربازەی  بووبووە دۆستی زۆراب جزدانەکەی زۆرابی خستە گیرفانیەوە، جزدانەکە یەك دوو وێنەو ناسنامەکەی زۆرابو نزیکەی پەنجا دیناری تیابوو، جگە ە ناونیشانی گوندەکەیانو کەسوکاریان لە شار کە زۆراب بەکوردی نووسیبووی. ئەو کاتەی دەسرێژی گوللە لە زۆرابو ئەوان کرا، لەو کاتەدا نەسرین لەخەو راپەڕیو دڵی کەوتە دڵە کوتەیەکی خێرا.

# 11

دایکی نەسرین کە فەتومیان ناونابوو، بەقەدەر هەموو پیاوی دنیا رقی لە ژن بوو، ئەو دەیگوت "ژن نەگبەتی ئەم سەر زەمینەیە"، بەلای ئەوەوە دنیای بێژن دنیایەکی باشتر دەبوو..

نەسرین ئەو بەرەبەیانە خەوێکی ناخۆشی دیبوو، لەخەونیا کۆمەڵێك کەس بەدەمامكو بەجلوبەرگی سەراپا رەشەوە، خۆیان دەکەن بەئاواییداو هەموو کورەکان راپێچ دەکەن، ئەوان لیستێکیان پێیەو لە تەمەنی پازدە ساڵەوە تا سی ساڵ لەگەڵ خۆیان دەبەن.

نەسرین بەچاوی خۆی دەبینێ کە چۆن زۆراب سەرپێچی دەکاتو رەشپۆشەکانیش دەیدەنە بەر دەسرێژی گوللە. نەسرین لە خەونەکەی رادەپەڕێتو سوێند دەخوات کە زۆرابو ئەوان نەماون، ئەو هەرچەند خوشکان دڵی ئەداتەوەو دەڵێ "بابە خەو درۆیە"، بەڵام نەسرین مان لەخواردنو خواردنەوە دەگرێتو لەسوچێکدا چەندین رۆژ دەگری.

ئەو زەرد هەڵدەگەڕێتو رەنگی مردنی لێدەنیشێ، بەردەوام بیر لە قسەو رەفتارو هەڵسوکەوتی زۆراب دەکاتەوە، بیری نوکتەو قسەکانی، بیری پێکەنینەکەی، هەموو چیرۆکەکانی ژیانی ئەوی دێتەوە یاد. ئەو رۆژانەی منداڵ بوونو پێکەوە دەچونە لای کارو بەرخەکانو بەخۆیان

دەگوت بەرغەلەوان. بیری دەکەوتەوە چۆن جارێکیان رۆنە بەهەنگوین خۆشکراوەکەی پورە حەبەی قسە زلی ئاواییان بردوو، لەو دەشتە قرتەیان لێبڕی، ئێستاش بیرێتی چۆن پورە حەبە دنیای دابەیەکداو تا هیزەیەك رۆنی کۆنەکردەوە دانەنیشت.

جارێکیان زۆراب لە گوێدرێژەکەیان بەربووەوەو دەستی شکا، ئەو دەستەی مەلا وتی "ئیتر هەرگیز وەك خۆی ناگیرێتەوە"، گوێدرێژە هارو هاجەکەی مالّی زۆراب ناوی عەماش بوو، ئەو ناوە چۆن نرابوو، ئەوە کەس نازانێت وەك چۆن کەسیش نەیئەزانی بۆ سەگەکان ناویان گورزەو گۆپالّو بۆرە بوو.

عەماش گوێدرێژێکی شارەزاو رێزان بوو، ئەگەر لە شار ئیزنت داباو بتناردایەتەوە بۆ ئاوایی سورەچنار ئەوە کەسی ناویستو خۆی دەگەیشتەوە. حەمەشینە هەمووجار دەیگوت "ئەگەر عەماشو حەمەقژە پێکەوە لە شارەوە بنێریتەوە بۆ سورەچنار، عەماش دەگەڕێتەوە، بەلاّم حەمەقژە ئێوارە دەبێ هەموو گوند بەدویدا بگەڕێن".

هەموو ئەو شتانەی بیردەکەوتەوەو بەکولّ دەگریا، گریانێك مەگەر هەر خوا بزانێ چەند کاریگەر بوو، بەڕادەیەك ئیدی ئەو دایکە دلّبەردە، ئەو فەتومەی بڕوای بە ژنو کچ نەبوو، بەدرێژایی تەمەنی ئافرەتی وەك غەزەبی خوا دەبینی بەو گریانە کولّی دەسەندو دەگریا. هێز نەبوو نەسرین بێنێتە پای ئەوەی واز لەو گریانە بێنێت، خوشکان کە دەستە خوشكو هاوڕێی ئازیزی ئەو بوو، هیچی بۆ ناکراو دەستە پاچەبوو.

ئەو بۆ زیاتر لە یەك مانگ بەو جۆرە ژیا، فەتومو خوشکانو خزمو کەسوکار لێرەو لەوێ دەیان نوشتەو دوعایان بۆ کرد، هیچ کاری نەکرد. شەوێك لەو شەوانەی نەسرین بۆ ماوەیەکی کەم خەو یەخەگیری دەبێت، لالە سولتان دێتە خەوی‌و پێیدەلێت "ئەوە چییە کچەکەم عەیب ناکەیت؟ ئەی تۆ بەلێنی چیت بە زۆراب دابوو؟!".. لالە تا تواناى قسەکردنی دەبێت قسەی بۆ دەکاتو سەرزەنشتی دەکاتو لێی دلگران دەبێت، تا ئەو دەمەی بەلێنی ژیانێکی تر، ژیانێکی نوێ لە نەسرین وەردەگرێت، تەنیا مەرجی نەسرین بۆ لالە ئەوە دەبێت کە نابێت مافی ئەوەی لێداگیر بکرێت لەگەلٚ یادگارییەکانی زۆرابدا بژێت، لالەش پێیدەلێت "ئەرکی تۆ ئەوەیە گیانی زۆراب بەمانو نەمان ئاسودە بکەیتو ئازاری نەدەیت".

کاتێ نەسرین لەخەوەکەی رادەبێت، بە خوشکان دەلێت "زۆرم برسیە"، ئەوەش سەرەتایەکی دیکە دەبێت لەژیانی نەسرینو لەو رۆژەوە نەسرین بەشێوازێکی تر دەست بە ژیان کردن دەکات. هەموویان بەو گۆڕانە سەرسام دەبن، نەسرین سەرگەرمانە دەکوێتە جولەو هەموو کارێك دەکات.

پاش ماوەیەك تاڕادەیەك بارودۆخەکە ئاسایی دەبێتەوە، خەلکەکە بەرەبەرە دەردەکەونو کەسوکار یەکدەگرنەوە، ناوچەکە بێدەنگی بالی بەسەردا دەکێشێتو هیچ ئاوەدانییەکی دەشتو دەر نامێنێ، وەك ئەوەی هەرگیز ئەو ناوچەیە خەلکی تیا نەژیا بێت.

ئەڵێن دوای کارەساتەکە لەزۆر شوێن سەید ئەحمەد لەپڕ دەرکەوتووە، گوتویەتی ئەچم ئەو ناوە ئاوەدان ئەکەمەوە. جارێك لە دەرکی مزگەوتێك بینیویانەو لەناکاو دیار نامەوە. جارێکیش چەند گەنجێك لە حەسارەکەی بەردەم قەڵای شار بینیوویانە وتوویەتی من بوومەتە شوشەو کەس دەستم بۆ نەهێنێ دوای ئەشکێم، گەنجەکانیش پێی پێکەنیون. ئەویش دوعای لێکردوون هەمیشە لەئاوەدانیدا بتڕن "خوا بتانکات بە پەنی ترو لەناو خەڵکا بەسەر دوای خۆتانا زاڵ نەبن"، ئەڵێن دوعاکەی بەدیهاتووەو هەرچی نووشتەو دوعاو پاڕانەوەیە دادی ئەو گەنجانە نادات.

لێبوردنێك دەردەچێتو خەڵکەکە لەشوێنێکا نیشتەجێدەکرێن، حکومەت بەو شوێنە دەڵێت ئۆردوگا. باوکی نەسرین دەیگوت ئەمە ناوەکەی بەخۆیەوەیەتی "ئۆردی گایە، واتە ئەردی گا".. ئەو دەیگوت "ئەمانە دەیانەوێت بمانبەستنەوەو تەمەڵو تەوەزەلمان کەن".

نەسرین ڕۆژ نەبوو بیر لە زۆراب نەکاتەوە، شەو نەبوو خەوی پێوە نەبینێ. خەڵکی ئاوایی سورەچنار تاڕادەیەکی باش هەموو لەنزیك یەکتر بوون، تەواوی خەڵکی گوندەکە زیاتر لە هەژدە لاویان نەگەڕابووەوە، ئەمە جگەلە برزۆی کادیرو هاوڕێکانی، یەك دوانی تر دواتر گیرابوون. خەڵکەکە هەرچۆنێ بوو هەریەکەو شتێکیان وەك خانوو بۆ خۆیان دروستکرد.

نەسرینو خوشکان ئەو ڕۆژانە دەچونە دەرەوەی شار، بۆ ئەوەی بەرد بۆ بنچینەی خانوەکان کۆبکەنەوە، ئەمە تاڕادەیەك بۆ ئەوان وەکو

جۆرێك لە كاركردنی لێهات. ئەوان لەكاتی ئیشا سەرو چاوی خۆیان دەپۆشیو نایانویست خەڵكو كەسوكار ئەوە ببینن، هەندێجار خوشكان بەنەسرینی دەگوت "وای خوشكم لەكوێوە هاتینە كوێ؟!".. ئیدی دەگەڕانەوە بۆ سورەچنارو هەرچی یادگاری خۆشو ناخۆشە بیردەكەوتنەوە، ئەوان باسی منالّیو هەرزەیی خۆیان دەكردو باسی ئەوەیان دەكرد چۆن خەونیان بەدیتنی شارەوە دەبینی، نەسرین ئەیووت "ئەگەر دەمزانی شار ئەمەیە، ئەمدایە كەژاو ناهاتم".

لەو شوێنەی خۆیان زیاتر وەك ئەوە وابوو لەناو سەربازگەیەكدا بن، كە دەچونە دەشتو دەریش بۆ كار هەر چاویان لەسەر بوو، لە ئۆردوگاكەیاندا سێ بنكەی پۆلیسی گەورە هەبوو، ئەو بنكانە زانیاری تەواویان لەسەر هەموو خەڵكەكە لابوو، لە سجلی گەورە گەورەدا زانیارییەكان تۆمار كرابوون.

لە پۆلیسخانەكان كە خەڵكەكە قشڵەو مەخفەریشیان پێدەگووت ژوری زیندانو لێپرسینەوەش هەبوو، هەندێجار ئافرەتەكانیش بانگ دەكران بۆ پرسیارو لێپرسینەوە. بێ پرسی ئەو بنكانە كەس بۆی نەبوو لەو شوێنەوە بۆ شارێكی تر بڕوات، مەگەر دەمیانت چەور كردایە.

لە پۆلیسخانەكان پۆلیسی كوردو عەرەبیش هەبوون، بەڵام بەردەوام هەر كوردەكان لێپرسینەوەیان دەكرد، خەڵكەكە لەو ژیانە زۆر بێزارو بێتاقەت بوون، بەڵام هیچ دەرەتانێكیان نەبوو.

نەسرینو خوشكان هەموو رۆژ پێكەوە باسی زۆرابو برزۆی كادیرو كوڕەكانی تریان ئەكرد، نەسرین بەخوشكانی وت "ئەزانی مرۆڤ زۆر چاو

قایمە، من لام وابوو دوای ئەو دەردەسەرییە رۆژێ ناژیم".. خوشکان بیری لەوە دەکردەوە تۆ بڵێیت رۆژێ بچنەوە سورەچنارو هەموو شتێ وەك خۆی لێبێتەوە؟!

ئێواران کە دەگەڕانەوە ماندوو شەکەت دەنووستن، کارکردن لێرە وەك کارکردنی سورەچنار نەبوو، کە هەرگیز مرۆڤ تێیدا هەستی بە ماندوو بوون نەدەکرد.

رۆژەکان دەڕۆیشتن‌و چاوەڕوانییەکان تا دەهات زیاتر دەبوون، ستەم‌و ستەمکاریش وەك خۆی بەردەوام بوو. هەندێکجار هەواڵی ئەوەیان دەبیست کە پێشمەرگە هاتوونەتە ئەو نزیکانە، ئەمەش خەڵکەکەی دڵخۆش دەکرد، بەڵام دوای هەر هەواڵێکی ئاوا چەندین کەس دەگیران‌و فەلاقە دەکران‌و هەندێکیشیان ئیدی ناگەڕانەوە، وەك ئەوەی هەر نەبووبن.

خەڵکی دەیانگوت ئەگەر دەتەوێ وابزانی کەسێ هەر نەبووە، بیدە دەست ئەم درندانەوەو هەقت نەبێت. نەسرین کەگوێی لەم قسانە دەبوو تەواو بێزارو بێحاڵ دەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لای وابوو هەموو شتێ کۆتایی دێت. بەبڕوابوونی تەواوەوە دەیووت: مرۆڤ تا بمێنێ بارودۆخی جیاجیا دەبینێ، ئەمەش دەڕوات.

خانوەکەی ماڵ نەسرین دوو ژورو هەیوانێك بوو، یەکێ لە ژورەکان سندوقێکی تەختەو دوو دەست نوێنی تیابوو، فەرشێکی کۆنیش لەژورەکەدا راخرابوو. بەم بەرو بەوبەریشەوە دوو بەڕەی پەڕۆی دەستچن هەبوو، ئەو بەڕانە نەسرین‌و خوشکان‌و خەج چنیبوویان. خەج

لەو کارانەدا وت‌و وریاو کارامە بوو، زۆربەی کچانی سورەچناری فێری ئەم کارە کردبوو.

ژورەکەی تر هەندێك قاپ‌و کەلوپەلی سادەو کەنوویەکی تیابوو، نەسرین لەو ژورەی دووەمدا سەرەڕای ناڕازیبوونی دایکی، بەڵام دوو کەروێشك‌و هەندێك مریشکی لەسوچێکدا بەخێودەکرد. نەسرین دەیویست لەو شوێنە کەمەدا دۆخێکی وەك دۆخی سورەچنار دروست بکات. ئەو بەردەوام لەگەڵ کەروێشك‌و مریشکەکانی خەریکبوو، وەك ئەوەی قسەیان لەگەڵ بکات.

بەلای نەسرینەوە بەردەوامی زۆر پێویست بوو، ئەو دەیووت مرۆڤ نابێ هەرگیز بکەوێت‌و خۆی بدا بەدەستەوەو ئەژنۆی بشکێ، ئەو لای وابوو هەموو ئەو کارەسات‌و نەهامەتی‌و ناخۆشییانەی بەسەر مرۆڤ دێن بۆ ئەوەن مرۆڤ فێری بەردەوامی‌و نەکەوتن‌و چاو قایمی بکەن.

برزۆی کادیر دەیگوت مرۆڤ تا زیاتر تووشی شەڕ بێت، زیاتر ترسی ئەشکێ. نەسرین ئەم ئەزمونی بەردەوامی‌و نەکەوتنەی لە نەنە گوڵەباخەوە بۆ مابووەوە، ئەو نەنە گوڵەباخەی سەدان حیکایەتی لە ووشە دروستدەکرد، ئەو حیکایەتانەی پڕ بوون لە پەندو حیکمەت. ئەو دەیگووت "گێلن ئەوانەی خۆبەدەستەوە دەدەن، مرۆڤ چۆن دەبێت خۆی بدا بەدەستەوە؟". ئەو هەردەم رقی لە مردن بوو، بۆیە نەیدەویست خۆی بەدەستەوە بدات، زۆر لەوانە تورە و بێزار دەبوو کە دەیانگووت نەنە گوڵەباخ پیاوە "نا.. من هەرگیز پیاو نیم‌و نامەوێ

پیاویش بم. بەم جۆرە وەڵامی دەدانەوە". نەنە گوڵەباخ دەیگوت "خوا چۆنی دروستکردوی ئەوە بە".

ئەو هەمیشە تەسبیحە سەتو یەك دەنكیەكەی بەملیەوە بوو، دەستێكیشی لەسەر دەنكەكان بوو. ئەو بەرماڵەشی بەشانەوە بوو كەساڵی حەرەس قەومیەكە حاجی حەمە حوسێنی ئامۆزای لە كابەی پیرۆز بۆی هێنابوو، ئەیووت ئەمە بەرماڵی نزیك هەناسەی پیرۆزی پێغەمبەرەو نابێ لەشانمی كەمەوەو بۆنی ئەوەی لێدێت.

نەنە گوڵەباخ تەنیا ژنو تەنیا كەسیش بوو كە فەتوم زیرەی چوو بوو لێی، ئەو بەفەتومی دەگوت "سەرو بەچك رشكاوی"، كاتێ لێی تورەدەبوو ئەیووت "ئەم جرپنی بێسەرو بەرەیە نەژن دەرچوو نەپیاو، كەس نازانێ چییە!". نەسرین بیری دەكەوتەوە چۆن لە مناڵیو هەرزەكاریدا هەموو دەم چێژێكی خۆشی لەو جنێوانە وەردەگرت كە نەنە گوڵەباخ بە دایكی دەدا.

نەنە لە سەرەمەرگا خۆی نادایە دەست مردنەوە، ئەوەی خۆی بداتە دەست مردنەوە لە گەوج كەمترە، پێویستە بنیادەم كەلەلاو دەستە ئەژنۆ چاوەڕێی مردن نەكات، پێویستە ئاوا سەیری ژیان كات كە هەموو بەیانییەكی تازە لەدایكبوونێكی نوێیە، ئەمانە قسەی نەنە گوڵەباخ بوون.

ئەو لەحەكایەتەكانیشیا مرۆڤی وا رادێنا كە لەمردن نەترسێ، ئەو بە پێچەوانەی مامۆستا مەلاوە ئەیووت مردن كەی برا گەورەیەو مردن تەڕەماشە. ئەوەی دەگێڕایەوە چۆن مردن لەسەر بەرماڵی نوێژەكە

حاجی حەمە حوسێنی لار کردووەتەوە، ئەیووت "ئاخر ئەمە کەی برا گەورەیە نەیهێشت حاجی ئامۆزام چوار رکات نوێژەکەی ئەو عەسرەی تەواو کات؟".

نەسرین هەموو یادگارییەکانی نەنە گوڵەباخی بیر دەکەوتەوە، ئەوەی بیر دەکەوتەوە چۆن تا نیوە شەو هەموو منداڵو هەرزەی ئاوایی لەدەوری کۆدەبوونەوەو ئەویش حەکایەتی بۆ دەگێڕانەوە. ئەوەی بیر کەوتەوە چۆن رۆژێ دایکی باڵی گرتووەو لەناو ئەوانی دیکەی دەرکردووەو گوێی راکێشاوە "ئیتر توو عازەبی نابێ لەگەڵ هەرزەو مەرزەی ئاوایی دانیشیو گوێ لە تیلتیلەو بیلبیلەی ئەو پیرێژنە بگری".. ئیتر چەند رۆژ دواتر کچان بەجیاو کوڕان بەجیا گوێیان لە حەکایەتەکانی نەنە گوڵەباخ دەگرت.

نەسرین یاری لەگەڵ کەروێشكو مامرەکانی دەکرد، بڕوای تەواوی بەوە بوو پێویستە مرۆڤ نەکەوێت "بنیادەم دەبێ هەموو دەم بجولێ"، ئەمە یەکێ لە قسەکانی نەنە بوو، هەموو ئەم پەندو حیکمەتە سادانە نەسرینیان بەجۆرێکی تر بار هێنابوو. ژیری برزۆی کادیر، ئارامیو ئازایی زۆراب، دڵرەقی دایکیو نەرمو نیانی باوکی، ئامۆژگارییەکانی لالە سوڵتانی کاکەیی، حەکایەتەکانی نەنەو گفتوگۆ هەمیشەو بەردەوامەکانی خۆیو خوشکان لەسەر هەموو شت، ئەوی کردبوو بە کەسێکی تر.

نەسرین بڕیاری ئەوەی دابوو ئیتر بەردەوام بێت، ئەو هەرچەند دڵی هەواڵی مەرگی زۆرابی پێدابوو، بەڵام ئامادەی خۆبەدەستەوەدان نەبوو.

ئەو دەیگووت زۆراب ئەمەی پێخۆشە، لالە سولتان‌و نەنە گوڵەباخیش ئەمەیان پێخۆشە، زۆراب خۆیشی ئەمەی پێخۆش بوو، کەواتە دەبێ وابم. دوا شەوی پێکەوەبوونی خۆی‌و زۆراب باسی ئەوەیان کرد ئەگەر یەکێکیشیان مردن، ئەوەی تر لەبری هەردووکیان بژێت، ئەمە شتێکی تازە بوو، کاتێ کە نەسرین ئەمەی بۆ خوشکان گێڕایەوە خوشکان بە پێکەنینەوە وتی "چیە ئەڵێی ئەو شەوە نەنە گوڵەباخیش لە خانەی هاوسەرگیری لەگەڵتانا بووە، ئەمە قسەی نەنەیە". ئەو کاتە چەندین ساڵ بوو نەنە مردبوو، ئەو نەنە گوڵەباخەی لە سەرەمەرگا وتی "بڕۆن هەندێ رۆنی کوردی‌و هەنگوینم بۆ بێنن، با بەرلەوەی مردن دەمم تاڵ کات، خۆم دەمی خۆم شیرین کەم".

نەسرین دەیگوت ئێستا من بۆ زۆراب‌و بۆ خۆیشم دەژیم، بۆیە ناکرێ خۆم کەلەلاو لارەخوار نیشان بدەم. کێ دەڵێت گیانی زۆراب لەم دەوروبەرەوە چاودێریم ناکات، بەلای نەسرینەو وابوو، رەنگە زۆراب وەك جەستە نەگەڕابێتەوەو نەگەڕێتەوە، بەڵام وەك بوون، وەك بوونێکی بەردەوام لەنێو ژیان‌و چیرۆك‌و قسەو باسی ئەواندا ئامادەیە.

ئەو جارێکیان گوێی لێبوو برزۆی کادیر دەیگوت "راستە بوون ئەوەیە کە هەیە، بەڵام کەسانی تریش بە یادگاری‌و قسەو بیرو بۆچوون‌و خەونەکانیانەوە لەناوماندان"، نەنە گوڵەباخیش شتێکی لەو جۆرەی تێکەڵ بە حەکایەتەکانی دەکرد. لە حەکایەتێکدا کاتێ ئەحمەدی کڵاوقوچ دێوی رەشی بە تەنیا بۆ ناکوژرێ‌و خەریکە دیل‌و داماو بێت بەدەستیەوە، بیری دەکەوێتەوە کە شامیل شەش پەنجەی برادەری

ئێستا لەوێ با بەهەردوکیان دێوەیان شەتو پەت دەکرد، بەڵام شامیل چەند ساڵە مردووە. ئەو کاتە ئەحمەد هێزێکی زۆری دێتە بەدەنیّو دێوەکە پارچە پارچە دەکات، ئەو نازانێ ئەو هێزە کتوپڕە لەکوێوە هات، تا ئەوەی شەو شامیل دێتە خەونیو پێیدەڵێت "برا چاکت وە فریاکەوتم"، نەسرین تێدەگا ئەمە نهێنیەکی تیایە بۆ مانەوەو بەردەوامی بۆیە ئەو بڕیارە دەدات.

دروستکردنی سورەچنارێکی گەورەو فراوانو پڕ رەزو باخو ئاوەدانی، لە لاژورێکی سێ بە چوارداو ژیان کردن لەگەڵ هەموو ئەو چیرۆکو یادەوەرییانەدا مانای ئەوەیە نەسرین ئەگەرچی زۆرابیشی لەتەکەوە نییە، بەڵام تەنیا نییە.

## 12

زریانەکە کۆستی زۆر کەسی خستبوو، نەسرین کۆستەکەی لە کۆستی هەموو ئەوانی تر قورستر بوو. نەسرین نزیکەی هەشت نۆ دە ساڵ بوو خەونی بەرۆژێکەوە دەبینی دور لە هەر شەرمو بەخۆداچوونەوەیەك بەرۆكو سینگی بۆ زۆراب ئاوەڵا کات، ئەو کە تەمەنی گەیشتبووە بیستو پێنج ساڵ، لەمێژبوو لەگەڵ زۆرابدا بەڵێنی بۆ یەکبوونو پێکگەیشتنیان دابوو. ئەوان بەڵێنیان بەیەکتر دابوو، خۆیان لە تەوقەو دەستگوشینیش بپارێزن، تا ئەو ساتەی بەپێی بڕیاری خواو پێغەمبەرو بەپێی دابو نەریتی سورەچنار بەیەکتر دەگەن، ئەمە یەکێ بوو لە نەریتو بڕیارە باوەکانی ئەو گوندە.

ئەڵێن لەمێژوی سورەچناردا یەکجار ئەوە نەکراوەو بەڵێنەکە شکێنراوە، ئەو ساڵە باران نەباریوە، خەڵکی ئاوایی ئەوەیان بە تۆڵەی خودا زانیوە. تەنیا سەید ئەحمەدەشێت وتویەتی "ئەوە قسەی قۆڕە.. خودایەك ئەم هەموو جوانیەی دروستکردبێت لە مرۆڤو سروشتو دەشتو دەر، بۆ دەبێ رقی لە خۆشەویستی بێت؟!".. سەید ئەحمەد وتویەتی "فلاتۆنو ئەرستوو سوکراتو هەموو زاناو داناکانی دنیا، لە رۆژی فرێدانی ئادەمەوە بۆ سەر زەوی تا ئەورۆ کەس نییە باسی

خۆشەویستیو یەکتر خۆشوویستنی نەکردبێت، ئەوەتا من مەلای لێدەرچێت هەموو خەڵکی سورەچنارم خۆشدەوێت". مەلا لە وەڵامدا وتوویەتی "ئەو خۆشەویستیەی تۆ بۆ جەهەنەم".

کۆستی نەسرین کۆستی ئەو بەدبەختیە بوو کە لەگەڵ بەیەکگەیشتنی ئەوو زۆرابدا بەسەر گشت لایەکدا هات نەك هەر خۆی. ئەو لەبەر خۆیەوە دەیگووت "دایکم راست دەکات من نەك سەرە خۆرە، بگرە ئافاتی ئەم سەرزەوییەم".

نەسرین بیری لەو پەیمانو بەڵێنانە دەکردەوە کە لەگەڵ زۆراب بەیەکتریان دابوو، ئەو بەزۆرابی وتبوو: ئەگەر لەسەر ئەم زەوییە بۆ هەتاهەتایە پیاو نەمێنێ جگەلە یەك پیاو، ئەو پیاوەش تۆ نەبیت، ژنیش نەمێنێ من نەبێت، دروستبوونەوەی مرۆڤایەتیش لەسەر ئەوە بەند بێت کە منو ئەو پیاوە هاوسەرگیری بکەین، نایکەم"، زۆراب بزەیەکی بۆ دەکرد "چەتیوو دەڵێی فریوم دەدەی"، بەم جۆرە زۆر قسەو باسیان دەکرد.

ئاوایی سورەچنار سەرەڕای نەبوونی ڕێگاوبانی باش، سەرەڕای نەبوونی کارەباو نەخۆشخانە، بەڵام ئاواییەکی بەختەوەر بوون، بەسادەیی ژیانیان دەکردو کەس رقی لەوی تر نەبوو، هەموویان هاوکاری یەکتریان دەکردو پێکەوە کاری یەکتریان دەکرد. رانو گاڕان دەرکردنیش هەر بەسەرەو بە هەرەوەزی بوو. لەو گوندە کەمتر جێگای نەیاریو نادۆستی دەبوەوە.

شەوان هەموویان لە یەکێ لەماڵەکان کۆدەبوونەوەو بە کڵاوێن‌و کاڵە مستێ‌و حەکایەت‌و هەندێجار باس‌و خواسی ژیان‌و سیاسەتیشەوە شەویان بەڕێدەکرد، بەرۆژیش هەموو سەرگەرمی کاروباری ژیان بوون. ئەگەر گەلە سوپای دوژمن‌و کۆپتەرەکان لێگەڕابان ئەوان بەختەوەرترین مرۆڤی سەر ئەم زەوییە بوون.

پیاوان لەکاتی درەوو گێرەو دەشت‌و دەرو کاردا لەبەر خۆیانەوە گۆرانیان دەگوت، ژنانیش بۆ مریشک‌و قەل‌و قازو مانگاو مەڕو بزنەکانیان بە بێدەنگی گۆرانیان دەگوت. ئەوان جگەلە ئارامی هیچی تریان ناویست، هەمیشە خەونیان بەوەوە دەبینی چۆن چیدی حکومەت نەیەتە سەریان‌و ئیتر بە ئاسودەیی بژین.

نەسرین بڕیاریدابوو لەو گوندەدا لەگەڵ زۆرابدا بۆ هەتاهەتا ژیانێکی ئارام‌و ئاسودە بژین، ئەو گوتبووی ئەگەر وازمان لێبێنن، ئێمە خۆمان دەتوانین ژیانێکی دور لە ستەم‌و چەوسانەوە بژین، با جۆرێك لە مەینەتیشی تیا بێت لەرووی نەبوونی هەموو پێویستیەکەوە.

ماوەیەك بوو ئیتر لەوە راهاتبوون چۆن لەنێو چوار دیواری بلۆکی رەق‌و تەقدا بژین، سەرباری ئەو راهاتنە کۆی ئەو بەدبەختی‌و کوێرەوەریە بە سیمایانەوە دیاربوو. هەموویان رەنگی مردوویان لێنیشتبوو، زەردو لێو بەبارو نیگەران‌و خەمبار، خەونیان بەوەوە دەدی کەی بێت بگەڕێنەوە شوێن‌و ڕێی خۆیان. بردن‌و سەرنگوم بوونی کەسوکارو ئازیزانیش لەو لاوە بوەستێت.

خەمی نەسرین خەمی دابڕان بوو لە ژیان، بۆ ئەوان گوند ژیانو بوون بوو، ئەوان لەگەڵ ئەو مەینەتییەدا راهاتن. مرۆڤ بەناچاری دەبێ لەگەڵ دۆخی نوێدا رابێت، رێگاکان بەو جۆرە بوون: هەندێك وڵاتێکی تریان هەڵبژارد، هەندێکیش ناچار بوون ئەمە قەبوڵ بکەن، هەموویان بۆنی نامۆبوونێکی زۆریان لەم شوێنە دەکرد، کەچی هیچ دەرەتانێکی تریان نەبوو.

گەڕان بەدوای دەرەتانی تردا ئەستەم بوو، خوشکان بە گاڵتەوە قسەیەکی کاریگەری دەکرد، ئەوان گشتیان بیریان لە قسەکەی دەکردەوە"لەهەر شوێنێکی قەفەسەکەدا بیت لە قەفەسەکەدای"..

ئەوان بەناچاری شوێنەکانیان دەگۆڕی، بەڵام هەر لەو شوێنەدا بوون کە بۆیان ببوو بە قەفەسەکە.

یەکجار خونچە ئەو کچەی کاری کردبووە سەر چەکدارە شەرمنەکە، ئەو کچەی چەکدارە شەرمنەکە دوای بینینی ئەو بۆ ماوەی یەك مانگ لەپەل‌و پۆ کەوتبوو، یەك مانگ تووشی تاو لەرزێ بووبوو، یەك ئەیوت ئەژیێو سەت ئەیوت ئەمرێ، مەلاو سەیدو شێخ نەمابوو نوشتەی بۆ نەکات، بردبوویانە سەر هەموو شەخس‌و پیرو مەرقەدێ. لەمزگەوتی کاکەئەحمەدی شێخ نابینایەك پێیووتبوون یاشێخ دەڵێت "بۆ هێناویانە بۆ ئێرە بابییەن بۆ لای غەوسی گەیلانی دەرمانی لەوێیە"..

رۆژێ دواتر دەیبەن بۆ بەغدا، کاتێ دەچنە ئەوێ مامی خونچە کە لە شار دادەنیشت‌و ئۆتۆمبیلی خۆی هەبوو، ئۆتۆمۆبیلێکی پاس کە پێیاندەووت هەژدە نەفەری، لەگەڵ خانەوادەی خۆیان‌و خونچەو دایکیا

له زیارەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەبن. لەوێ هەر کە کوڕە خونچە دەبینێ عەیب‌و ئازاری نامێنێ‌و دەگەشێتەوە، جگەلە خۆی‌و خونچە کەس درك بەو سیحرە ناکەن. هەر لەوێ هەموو دەبنە ئاشنای یەکترو بەپاسەکەی مامی خونچە پێکەوە دەگەڕێنەوە بۆ کەرکوك.
چەکدارە شەرمنەکە لە بوارێك دەگەڕێت خۆی لە خونچە نزیك بکاتەوە، کەمێك بواریان بۆ دەڕەخسێ ئەو کاتەی کە لە خواردنگەیەکی خورماتوو دادەبەزن، بە خونچە دەڵێ "تۆ منت زیندوو کردەوە"، خونچە بە شەرمێکەوە پێیدەڵێت "بەڵام تۆ جاشی ئەم حکومەتەی؟". چەکدارە شەرمنەکە پێیدەڵێ ئیدی من دڵم بەدەستی تۆیە ئەیکەی بەچی بیکە، تۆزێك پێکەوە پێدەکەنن، خونچە ئەڵێت ناوت چییە؟ چەکدارە شەرمنەکە کە ئەو کاتە وەك بی ناو ئاو دەلەرزی‌و هەموو گیانی شەلاڵی ئارەق بوو، ووتی سوارە. خونچە کاتێ درك بەو هەموو شەرمە دەکات لە چەکدارە شەرمنەکەدا، بە بزەیەکی پڕ لە نازەوە دەڵێت: نابێ هێندە شەرم بکەیت خۆ نەهاتووم بۆ داوات.
هەموو کەسوکاری سوارە سەریان لەو گۆڕانە کتوپڕە سوڕ دەمێنێ کە بەسەر سوارە دێت، ئاخر سوارە ئەو کوڕە شەرمنە کە چەند ڕۆژ لەمەوبەر هەموو پێیانوابوو دەمرێت، ئەوەتا دەڵێی هەرگیز نەخۆش نەبووە، نەك هەر ئەوە تاڕادەیەکی زۆر شەرمیشی شکاوەو پێدەکەنی‌و قسەدەکات‌و دێت‌و دەچێ.
دایك‌و باوکی سوارە خەریکە لەخۆشیدا باڵدەگرن، باوکی سوارە بەخێزانەکەی دەڵێت "ئافرەت ئێمە هەردووکمان قەرزاری کاك

ئەحمەدی شێخو غەوسی گەیلانین"، ژنەکەی دەڵێت "بەخوا پیاوەکە لەدڵی خۆمدا بەڵێنمداوە نەزری هەردووکیان دەکەمو سواڵی حەوتماڵیش دەکەم بۆ ماڵی لالەوەیسە".

ئەوان سەرقاڵی ئەو قسانە دەبن، کاتێ مامی خونچە بانگیان دەکات "ناوی خوا بێنین باشە".. سواری پاسەکە دەبنو دەگەڕێنەوە. لە رێگا چیرۆکی سوارە بۆ کەسوکاری خونچە دەگێڕنەوە، ئەوانیش بەو روداوە سەرسام دەبنو لەماوەی چەند رۆژێکی کەمدا چیرۆکەکە بەهەموو شارو شارۆچکەکاندا بڵاودەبێتەوە. پیرەکان دەڵێن بۆ کاک ئەحمەدی شێخو غەوس ئەوە هەر هیچ نییە.

چەند جاری تر سوارەو خونچە یەکتر دەبینن، سوارە شێتو شەیدای خونچە دەبێت، مەرجی خونچە بۆ ئەوەی شوو بە سوارە بکات ئەوەیە کە سوارە واز لە جاشێتی بێنێتو ببێتە پێشمەرگە، بەمەرجێك نابێ کەسوکار هیچیان بەمە بزانن، کە ئەوان چ نیازێکیان هەیە. ئیدی پاش ماوەیەکی زۆر کەم کەسوکاری سوارە هاتنە داوای خونچەو بوونە خزمی یەکتر.

ئەو هاوسەرگیرییە تەواوی کەسوکاری هەردوو لای دڵخۆش کرد، خوشکانو نەسرین لەوانی تر زیاتر، ئەوان ماوەیەکی زۆر بوو ئەو شادیو خۆشیەیان نەبینی بوو. دوای چەند رۆژ سوارەو خونچە دیار نەمان، کەس نەیزانی بۆ کوێ چوون، هەواڵیان لە هیچ لایەك نەبوو، هەموو کەسوکار لە سۆراغی ئەواندا بوون.

بەیانیەکی لەماڵەوە دەردەچن‌و دەڵێن نیوەڕۆ نایەینەوە، ئەوان دەڵێن میوانی برادەرێکی سوارەن نیوەڕۆ، کەس نازانێ ئەو برادەرە کێیەو ماڵیان لەکوێیە، ون دەبن‌و ناونیشانیان دەدرێتە هەموو لایەك، لە مزگەوتەکانەوە بانگەواز دەکرێت.. هەواڵ بە تەواوی پۆلیسخانەکانی وڵات دەدەن، وێنەیەکی هاوسەرگیرییەکەیان دەبەنە لای "خرپنەی وێنەگر"و سەدان دانەی لەبەر دەگرنەوە. خزمێکیان لەرۆژنامەیەك کاردەکات، ئەویش وێنەکە بڵاودەکاتەوە، وەك ئەوەی ئەرز قووتیدابن یان ئاسمان هەڵیکێشابن، دەبنە دڵۆپێك ئاوو شوێنەواریان نامێنێ. هەرچی شوێن هەیە دەگەڕێن، دیسانەوە شێخ‌و سەید نامێنێ نەچنە لای.

رۆژێکیان پاش گەڕان‌و ماندوو بوونێکی زۆر، باوکی سوارە لە نێو مزگەوتی کاك ئەحمەدی شێخ خەوی لێدەکەوێت، لەخەونیا پیاوێکی سەراپا سپی پۆش دێتە ژوور سەری‌و پێیدەڵێت بۆیان مەگەڕێ‌و خۆت ماندوو مەکە، ئەوان ئێستا گەیشتوونەتە لای ئێمەو لەو رۆژانە هەواڵیان دەبیسن، نەکەن شین‌و شەپۆڕیان بۆ بکەن. دەڵێن لە بەغدا کوردێکی ئێرە سەید ئەحمەدی بینیوە، وتویەتی سوارەو خونچە وەك مەم‌و زین جێگاکەیان دەبێتە مەزارگەی عاشقان.

باوکی سوارە کاتێ لەخەوەکەی رادەبێت، دەگەڕێتەوەو چیرۆکەکە بۆ کەسوکارو هاوسەرەکەی دەگێڕێتەوە، ئەوانیش سەرەڕای خەمبار بوون بەتامەزرۆوە چاوەڕێی هەواڵی ئەو دوانە دەکەن، تا یەك دوو رۆژ هەواڵ نابێت، تا ئەو کاتەی دەنگۆی ئەوە بڵاودەبێتەوە تەرمی ژن‌و پیاوێکی

گەنج لە سلێمانی لە پزیشکی دادوەرییە، کەدەچن دەبینن هەمان سوارەو خونچەن.

ئەوان بەڕێوەبوونە بۆ ئەوەی لە سنوورە دەسکردەکەی نێوان عێراقو ئێران بپەڕنەوە، بەڵام چەند سەربازێکی عێراقی دەیاندەنە بەر دەسرێژی گوللەو دەیانکوژنو دەلیلەکەیان هەڵدێت. ئەم هەواڵە هەموو لایەکی کۆستبار کرد، ئەوان ماوەیەکی کەم بوو هاوسەرگیریان کردبوو، کەس نەیدەزانی بۆ ئەمە روویدا جگەلە خوشکان.

خونچە بە خوشکانی ووتبوو ئەوە بەڵێنو پەیمانی منو سوارەیە، خوشکان وتبووی "چەتیو ئەو کارە نەکەن، شتێکتان بەسەردێت!". خونچە بەهیچ پەشیمان ناکرێتەوەو سوارەش هەمان بیروبۆچوونی هەیە. خوشکان نەیوێرا ئەمە بۆ کەس بگێڕێتەوە.

بەدرێژایی ماوەی ونبوونی خونچەو سوارە، ئەو لەهەموویان پەرێشانتر بوو. کاتیٚ کە تەرمی ئەو دوانە هاتەوە ئەوجا چیرۆکی خونچەو سوارەو ئەو بەڵێنەی بۆ نەسرین گێڕایەوە، سوێندی دا کە بۆ کەسی تری باس نەکات، هەردوو تەرمەکە لەنێو دوو تابوتا لەسەر پیکابێك دانرابوون، بەشێك لە کەسوکاری هەردوولا بەملاو ئەولای تابوتەکانەوە دانیشتبون، چەند ئۆتۆمبیلێکیش بەدوای پیکابەکەوە بوون. کەس ناگریا، هەموویان بێدەنگ سەیری تابووتەکانیان دەکرد، کە بەدوو بەتانی ئێرانی داپۆشرابوون، مامی خونچە بەوی تەنیشتیەوە ووت: ئەوان زیاتر لە سی گوللەیان پێوەیە. ئەویتر بیٚ ئەوەی سەر بەرز بکاتەوە یان تەماشای مامی خونچە بکات، وتی: ئەوانم بینی هەر ئەتووت نووستون.

دایكو باوكی سواره باوەشێك گوڵی ڕەنگاو ڕەنگیان پێبوو، بەیەكسانی خستیانە سەر تابووتەكان. دایكی خونچەو دایكی سواره كەدەستیان كردە ملی یەكتر وەك بڵێی شتێكیان بەیەكتر ووت، بەتانیەكانیان هەڵدایەوەو هەردوو تەرمەكەیان ماچ كرد، ئەوە ئەو كاتە بوو كە مەلا وتی "ئێستا كەی كاتی ئەوەیە، دەبێ ئەم ڕاسپاردانە بشارینەوە".

ئەوە تەنیا خوشكانو نەسرین بوون كە بەكپی لەناخی دڵەوە دەگریانو فرمێسكەكانیان لەوانی تر دەشاردەوە. خوشكان هەموو مناڵی خونچە بەبەر نیگایدا تێدەپەڕی، بیری دەهاتەوە چۆن لە ئاوایی بە خونچەیان دەووت "خونچەی هارو هاج".. ئەوە ئەو ڕۆژگارە بوو كە برزۆی كادیر بە پێكەنینەوە ئەیووت "ئەگەر پشیلە حەوت ڕوحی هەبێت، ئەوە خونچە چواردەی هەیە". لەو كاتەدا بەبەرچاوی خوشكانەوە لەنێو تابووتەكانەوە دوو تیشك دوو ڕوناكی كە لە شێوەی دوو مرۆڤدا بوون، بەرەو ئاسمان هەڵدەكشان، خوشكان ئەمەی بەچاوی خۆی دەبینی، ئەو سەری بۆ ئاسمان بەرز كردبووەوە كاتێ پیاوەكان بەیەك دەنگ گوتیان " انا لله وانا الیه راجعون"، ئەوە خوشكانی ڕاچڵەكاندو هێنایەوە هۆش، نەسرینو خوشكان تەنیا دوو كەس بوون كە بە كوڵ دەگریان.

كاروانەكە زۆر لەسەرخۆ كەوتەڕێ، لەسەر ڕێگاكان خەڵكی بەم بەرو بەو بەری شەقامەكەوە تەماشایان دەكردو لەبەر خۆیانەوە دەیانووت "جێگایان بەهەشت بێت".. هەموو ئەو چیرۆكەشیان دەگێڕایەوە كە پێشتر بیستبوویان، یەكێك بەوی تری وت "ئەم دوانە دەبینی، ئەمانە

خوا نای لەدڵی غەوس‌و کاك ئەحمەدی شێخ کە بۆ یەك بن، ئەوجا بشمرن قەیناکە".. ئەویتر وتی "کاکە خوا ئاواتی مرۆڤەکان ناباتە گڵەوە".

نەسرین بیری لەوە دەکردەوە چۆن ئەم ستەمە هەموو دەروازەیەکی لێداخستوون، چۆن نایەڵێت مرۆڤ ئازادانە بژێت. ئەو دەیگووت: چۆن دەبێت مرۆڤ ئەوەی تر بچەوسێنێتەوە، ئاخر مرۆڤ چەند لەسەر ئەم زەوییە دەمێنێتەوە تا هەندێکیان ببنە دڕندەی ئەوانی تر، ئەمانە بۆ وادەکەن؟!

تەرمەکانیان گەیاندەوە شارۆچکەکە، بە ئاپۆرایەکی زۆرەوە خەڵکێکی لەرادەبەدەری شارۆچکەکە بەرەو گۆڕستان کەوتنەڕێ، ماڵ نەبوو کەسێکی نەچووبێت. ژن‌و پیاوو گەورەو بچوك مناڵەکان کە سەرەڕای ئەوەی خەمباری بەڕویانەوەدیار بوو، بەڵام لە راکەڕاك‌و یاری خۆیان ناکەوتن.

مەلای مزگەوتی گەورەی شارۆچکەکە، پیاوێکی تابلێی جوان‌و نورانی‌و لەسەرخۆ، ئەو بەهەڵوێست‌و رەفتارە جوانەکانی حکومەت‌و خەڵکی ناچاری ئەوە کردبوو کە رێزی بگرن‌و بەحورمەتەوە گوێی بۆ رادێرن. ئەو وتی "موسوڵمانەکان ئەم دوو فریشتەیەی خوا، ئەم دوو پەپولەیە ویستی خودا ئەوە بووە بەیەکەوە سەفەری خوا حەزکات بەهەشتی بەرین بکەن، هەر ویستی خوداشە کە دەبێ بەتەنیشت یەکەوە بنێژرێن، ئەمانە حەڵاڵ‌و بەشی یەکترن، خودا هەزارو یەك رێگای کێشا تا ئەم دوو پەپولە ناسکە بەیەکتر بگەن‌و لەیەك رۆژدا بەیەکەوە شەهید بن‌و

بەتەنیشت یەکەوە بنێژرێن.. خوداوەندی مەزن لێرە لەم دنیا بەدە کەمترو لەو دنیا شیرینەی ئەوێ زیاتری پێ بەخشیون، با بەتەنیشت یەکەوە بن‌و خوێنی بەناهەق رژاوی هەردووکیان ببێتە شکاتکار لای یەزدان"، ئەو قسانەی مامۆستا هێندە کاریگەر بوون کە چپە لە کەسەوە ناهات، کش‌و مات خەڵکەکە سەیری دەمی مامۆستایان دەکرد، نەسرین‌و خوشکانیش لە سوچێکی گۆڕستانەکەوە بەکپی دەگریان.

مامۆستا دەنگی بەشێوەیەك بەرزدەکردەوە تا بگاتە هەموو لایەك "ئەمانە دەیان ساڵی تر ئێسك‌و پروسکیان تێکەڵ بەیەکتر دەبێت، رەنگە لێرەدا جوانترین دارو دەگمەنترین دار لەسەر رووی زەوی لێرەدا سەوز بێت، دەشێ ئێرە ببێتە شوێنێکی پیرۆز.

هەردوو تەرمەکەیان ناشت‌و هەموویان فاتیحایان لەسەر گۆڕەکان خوێند، بەرە بەرە بەرەو ماڵەکانی خۆیان کشانەوە. چەند گەنجێك سەرقاڵی رێکخستنی گۆڕەکان‌و کێلی گۆڕەکان بوون، خوشکان‌و نەسرین لای سەری گۆڕەکانەوە کێلی هەردوو گۆڕەکەیان ماچ کردو ئەوانیش بەرەو ماڵ بوونەوە. ئەوانەی زۆر درەنگتر ئەو شوێنەیان بەجێهێشت، جگەلە گەنجەکان دایك‌و باوکی سوارەو دایکی خونچە بوون.

## 13

مەرگی خونچەو سوارە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبو، رۆژنامەنووسێکی بیانی ئەم چیرۆکەی بیستبوو، لە شێوەی کوردێکا لە وڵاتێکی ترەوە خۆی کردبوو بەم دیودا، بە دەردە سەریەکی زۆر گەیشتبووە ئۆردوگاکەو کاتێ ویستبووی ماڵی سوارەو خونچە بدۆزێتەوە، هەندێ کەس هەواڵیان لێدابوو، لە کۆڵانێکا دەدەنە سەریاو دەیگرن. دەڵێن ئەو کابرا رۆژنامەنووسە لەکەرکوك لەدەست چەکدارەکان هەڵاتووەو ئیدی وون بووە.

نەسرینو خوشکانو هەموو ئافرەتە گەنجەکانی ئەو ئۆردوگایە، پایزێکی زۆر سەختیان بەسەربرد، پایزێك کە پڕ بوو لە راکردن بەدووی ناندا، نان ئەو بەهارە چووبووە بەرەی ستەمکارانەوە، ئەویش بە ئاسانی خۆی نادایە دەست ئەو خەڵکە دەستبەسەرو داماوەوە. نان دەتوانێ ئازاری ئینسان بدات، هەر ئەوەندەی خۆی لەچاوان بشارێتەوە بەدبەختیەکی گەورە باڵ دەکێشێت بەسەر مرۆڤەکاندا.

نەسرینو خوشکانو دەستە خوشکەکانیان بەدووی ناندا بەرەو شارەکانی خوارتر ئەڕۆیشتن، بەرەو لای خاوەن کێڵگەی عارەبەکان، رۆیشتن بۆ ئەوێ تا بڵێی ئازار بەخش بوو، لەوێ کاریان دەکرد. نەسرین

لەدڵی خۆیدا دەیگوت "ئای ئێستا زۆراب لە شوێنێکەوە چاوی لێم بێت".. لەنێو ئیشدا دەمو چاوی خۆیان دەپێچاو زۆر کەم لەگەڵ یەکتر دەدوان، ئەوان هەموویان پێکەوە سەرگەرمی چنینی پەموو بوون.

ئەو ساڵە نەبەهاری بەهار بوو، نە هاوینی هاوین، نەپایزی پایز. بەدرێژایی ئەو وەرزانە بەدبەختی یەخەی ئەو ئۆردوگاو ناوچەیەی بەرنەدا. کچەکان هەموو سەرگەرمی کار بوون، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش یەك دوانێك وەستابان بۆ قسەکردن، زرتە بۆزێکی ناشرین کە وەکو پاسەوان بەدیاریانەوە بوو، دەینەڕاند بەسەریاندا تا دەست بکەنەوە بەکارکردن.

نەسرینو خوشکان لەکاتی کاردا هەوڵیاندەدا دووربن لەیەکترەوە، تا لەگەڵ ئەو زرتە بۆزەدا توشی دەمەقاڵەو هەرا نەبن. خوشکان بە نەسرینی دەگوت "ئەگەر یەکجار ئەو سەگبابە بنەڕێنێ بەسەرما، دەمو قەپۆزی وردو خاش دەکەم". نەسرین بەبزەیەکەوە پێیدەووت: کچی باش لەکەیەوە بووی بە بۆکس وەشێن؟!

ئەوان بۆ ماوەی هەشت نۆ سەعات بەردەوام کاریان دەکرد، دەبوایە سەعات حەوتی بەیانی لەسەر کاربانو سەعات چوارو نیو دەستیان بەردەدا، نیوەڕوانیش نیو سەعات بۆ سێ چارەك بەخێرایی شتێکیان دەخواردو دەستیان دەکردەوە بەکارکردن. خواردنی نیوەڕوانی ئەوان بەزۆری یان هێلکەی کوڵاو بوو، یان پەتاتەی کوڵاو، هەندێجاریش برنجیان پێدەبوو. ئەوان شەوان لە ماڵەکانی خۆیاندا خواردنەکەیان ئامادەدەکرد.

باوكی نەسرین‌و هەموو پیاوە بەتەمەنەكانی تری ئەویٚ بەكاركردنی كچەكانیان بێزارو دڵتەنگ بوون، بەڵام هیچ چارەسەرێكی دیكەیان نەبوو، لانیكەم ئەو برە پارەی ئیشكردنە پێویستیەكانی داوودەرمانی بۆ دابین دەكردن. كچەكان لە بانگی بەیانیەوە هەڵدەستان‌و نوێژی بەیانیان دەكردو لەخودا دەپاڕانەوە لەم ژیانە رزگاریان كات.

نەسرین لە پاڕانەوەكانیدا داوای لە خودا دەكرد، بە مان‌و بە نەمان هەواڵی زۆراب‌و ئەوانی تریان بۆ بێتەوە، دەیگوت "خودایە تۆ ئاگاداری كە زۆراب‌و ئەوان خۆیان بەختكردووە لەپێناوی دەربازبوونی كوڕەكانی تردا، تۆش ئەوان دەرباز كە".. ئەو هەموو بەیانیەك بەر لەكەوتنەڕێ پشتوێنەكەی زۆرابی لەپشتی خۆی دەبەست، پشتوێنەكەی دەدواند "بەبۆنەی تۆوە من هەمیشە هەست دەكەم زۆراب لەمنەوە زۆر نزیكە، نامەوێ تۆش لەدەست بدەم".. هەموو رۆژەكان بەم جۆرە دووبارە دەبوونەوە.

كچەكان تاڕادەیەكی زۆر بەو ژیانە راهاتبوون، خۆ ئەگەر رۆژانی هەینی نەچوویان بۆ كار ئەوە نەیاندەزانی چۆن رۆژ بەرێ بكەن، لانیكەم رۆژانی تر یەكتریان دەبینی‌و بۆ ماوەیەكی زۆریش لەو زیندانە دەردەچوون. ئەوان لەسەر كاریش چەندینجار رووبەڕووی قسەی نەشیاو دەبوونەوە، ئەوەشیان دەزانی كەهەندێ لەسەركارو پاسەوانەكانیان تابلێی پیاوی بوودەڵەو سوك بوون، كچەكان لەناو خۆیاندا بەڵێنیان بەیەكتر دابوو هەركاتێ رووبەڕووی كاری نەشیاو بنەوە پێكەوە بەگژیدا بچنەوە.

ئەوان بەیانیان بە دوو پاسی کۆستەر دەچوونە سەر کارەکانیان، هەر بەو کۆستەرانەش دەگەڕانەوە. مرۆڤ لەنێو ئازارو بەدبەختیدا خێرا سەرەداوەکانی راهاتن لەگەڵ ژیان دەدۆزێتەوە، کچەکان ئەو سەرە داوانەیان دۆزیبووەوە. ئەوان هەموویان خەڵکی سورەچنارو گوندەکانی ئەو ناوچەیە بوون، بەدبەختیو وێرانکردنی شوێنەزاو ناوچەکەیانو دابڕان لە ئازادیو بردنی کەسوکاریان بۆ شوێنی نادیار، هەموو شتێکی لێسەندبوون، بەڵام ئەوەی پێبەخشیبوون کە خەڵکی تر بناسن، خەڵکی گوندەکانی تر. کاتێ بواریان بۆ دەرەخسا قسەبکەن، بەتایبەت لەکاتی چوونو گەڕانەوەدا هەریەکەو باسی گوندەکەی خۆیو چیرۆکی خۆی بۆ ئەویتر دەکرد، هەموویان بووبوون بە ئاشناو دۆستو دەستە خوشکی یەکتر.

یەکێ لەرۆژەکان دووان لەو کۆستەرانەی کچەکانیان دەگواستەوە، لەرووداوێکدا کە کەس راستیەکەی نەزانی ئاخۆ چۆن ڕویدا، بەیەکیاندا کێشاو خوێنی هەموویان تێکەڵی یەکتر بوو. ئەو رۆژە زیاتر لە سی کەسیان بوونە قوربانی، سی کچ گیانیان لەدەستداو ئەوانیتریش هەموو بریندار بوون، ئەوە دوارۆژی ئیشکردنی ئەو کچانە بوو، ئیدی نەخۆیان ئامادەبوون بچنەوە بۆ ئەو ئیشەو نە کەسوکار رازی دەبوون.

خوێنی ئەو کچە لاوانە لەپێناوی ناندا لە سەر زەوییەك رژا کە هەرگیز بە بیری کەسیاندا نەدەهات رۆژێ لەرۆژان لەو شوێنە لەناو بچن، بۆ ماوەیەکی زۆر ئۆردوگای دەستبەسەرییەکە تازیەبارو رەشپۆش بوون. نەسرین ئەیووت "نەگبەتی لەدوای نەگبەتی یەخەی ئێمە بەرنادا"،

دایکی بەتوڕەییەوە ئەیووت "چەتیوو ئەوە کوفرو ناشوکرییە، ئێمە کەی ناشکور بووینە ئاخر ئێوە پەیدا بوون بۆیە خودا هەموو دەرگاکانی داخست"!

نەسرین بیّ ئەوەی دایکی گوێی لەقسەکانی بێتو بۆ ئەوەی دایکی توڕە نەکات لەبەر خۆیەوە دەیگووت "بۆ ئێمە چیمان کردووە، تا بەدبەختی یەخەمان بەرنەدات" دایکی بێئەوەی ئاگای لەوەبێت نەسرین لەبەر خۆیەوە چی دەڵێت، وەك ئامۆژگارییەك روویکردە کچەکەی "خودا لەسەر زەوی بەندەکانی خۆی تاقیدەکاتەوە، هەموو جارێك مەلا سەلام وادەڵێت. ئەو ئەیووت خوا دەیەوێت بزانیّ بەندەکانی چەند بەرگەی ئازار دەگرن، خودا پێغەمبەرەکانی خۆشی خستووەتە ئازارەوە، ئیتر ئێمە چین"؟ نەسرین بیری لە ژیانی پێغەمبەرەکان دەکردەوە، بیری بۆ لای ئەو ئازارە دەچوو کە لەژیاندا دەیانبینی، خەیاڵی لای لەخاچدانی مەسیحو خستنە ئاگرەوەی ئیبراهیمو ئازاردانی موحەمەدو زیندانی کردنی یوسف بوو، چەندینجار باوکی چیرۆکی ئەم پێغەمبەرانەی بۆ گێڕابوونەوە، نەسرین ئەیووت "خۆ ئێمەش کەممان نەچەشتووە، ئەوەتا رۆژ نیە ئازارێك هەلاهەلامان نەکات، رۆژ نیە کۆستێکمان نەکەوێت".

خوشکانو نەسرین زوو زوو سەردانی ئەو خزمانەیان ئەکرد کە ئازیزەکانیان لەدەستدابوو، ئەوان کە سەردانی ئەوانیان دەکرد، کاروباری ماڵەکانیان بۆ دەکردن، لەگەڵ ئەوەشدا خوشکانو نەسرین لە دە دوازدە حەوشە باخچەی بچوکی پڕ گوڵی رەنگاوڕەنگیان

دروستکردبوو. ئەو باخچانە بۆ بەساڵاچووەکان بووبووە جێگای گێڕانەوەی حەکایەتی ژیانو بەردەوامیدان بەبوون، چەندین سەعات لەگەڵ گوڵەکان دەدوانو گوڵەکانیش بۆ ئەوان بووبوون بە کوڕو کەسوکار. چۆن نەسرین لەگەڵ هەمو پەلەوەرو مەلو باڵدارێك دەدوا، ئەوانیش ئاوا لەگەڵ گوڵەکان دەدوان.

ئەڵێن گوایە هەندێك لە بەساڵاچووەکان وتویانە هەر کات قسەی خۆشیان بۆ گوڵەکان کردووە، گوڵەکان زیاتر گەشاونەتەوە. گوڵەکان بە قسە خۆشو مەقامەکانی پیرە پیاوەکان گەش دەبوونەوەو بۆنیان خۆشتر دەبوو، پیرە پیاوەکان هەموو شیعرەکانی مەولەویان بە مەقام دەچڕیو لەڕێگای وتنی ئەو مەقامانەوە خەمو مەینەتیەکانی خۆیان دەگێڕایەوە.

هێندێجار پیرەژنو پیرە مێردەکان وەك ئەوەی گوڵەکان گوێیان بۆ رادێرن، بەگەرمی قسەیان بۆ دەکردن، باسی هەموو شتێکیان بۆ گوڵەکان دەکرد. ئەو بەساڵاچوانەی پێشتر بەدەست نەخۆشیو ناخۆشی ژیانەوە گیرۆدەبووبوونو نەیاندەزانی چی بکەن، ئەوانیش بەرە بەرە بەرەو باشتر دەچوون، ئەوانەش کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەبوو ئیتر پێویستیان بەوە نەبوو داو دەرمان بەکاربێنن، ئەوان خۆیشیان لەو گۆڕانە بەردەوامانە سەرسام بوون.

دەبێت نەسرینو خوشکان، چییان بەو گوڵانەوە کردبێ کەوا هەم خەمڕەوێنو هەم دەرمانو هەم دۆستن؟ ئەمە قسەی یەکێ لەوانە بوو، کە پێشتر بەدەست نەخۆشی شەکرەوە دەیناڵاند، بەڵام ئێستا ئیتر ئەو

دەرمانەکانی تورِ داوەو گوڵی ناو باخچەی حەوشەکەیان بووە بە دەرمانی.
بەساڵاچووەکان ئیشیان دەکردو گوڵەکانیان ئاودەداو باخچە بچوکەکەیان پاکدەکردەوە، زۆربەشیان بەتەنیشت گوڵەکانەوە هەندێك سەوزەی وەك کەوەرو کەرەوزو تەرەتیزەیان چاندبوو، ئەوان هەموویان سەرگەرمی ئەوە بوون چۆن بگەڕێنەوە بۆ نێو ژیان.
نەسرینو خوشکان بێئەوەی ئەوە بزانن ئەو بەتەمەنانەیان لەبیرکردنەوەو خەمو خەفەتی ژیان دوورخستەوە، رۆژ بەرۆژ زیاتر ئازاری ئەو بەساڵاچووانە کاڵتر دەبووەوە. ئەوان لەگەڵ ئەم دۆخە نوێیە رادەهاتنو لەگەڵ یەکتر دەدوانو بەدەم یەکترەوە پێدەکەنین، ئەوان پێکەوە باسی باخچەکانیان بۆ یەکتر دەکرد، باسی جۆرو جیاوازی گوڵەکان، باسی خۆیان، جار جارەش یەکێکیان بەیەکجاری سەفەری دەکردو بۆ هەتاهەتایە نەدەگەڕایەوە. بەو سەفەرانە چەند رۆژێك غەم دایدەگرتن، دواتر ژیان ئاسایی دەبوەوە، زیاتر لەهەر کەس خوشکانو نەسرین غەمبار دەبوون، بەڵام بەساڵاچووەکان دەیانگووت "ئەوە سونەتی ژیانە، کاروانەکە هەر بەو جۆرە هاتووەو تازە سەردەکەونو ئەوانی پێشتر دادەبەزن".
کەم رۆژ رێکدەکەوت دایکی خونچەو سوارە پێکەوە نەچن بۆ سەر قەبران، هەموو رۆژ لەدوورەوە کەسێکیان دەدی لەنێوان هەردوو گۆڕەکەدا دانیشتووەو قورئان دەخوێنێ، بەرلەوەی ئەوان بگەن ئەو دەڕۆیشتو ئیدی ئاوڕی لێنادانەوە، هەرچەند بانگیان دەکردو دوای

دەکەوتن ناگەیشتن پێی. یەك ساڵی رێك ئەم چیرۆکە دووبارە بووەوە، هەرچەند ئەو دوو دایکە جەرگسوتاوە زووتر دەهاتن بەو قورئانخوێنە رەشپۆشە نەدەگەیشتن، کابرایەك هەر ئەوەندەی چەند هەنگاو لەوان دوور دەکەوتەوە ئیتر کەس نەیدەزانی چی بەسەردێ و بەرەو کوێ وون دەبێت.

لەسەر گۆرەکان چەندین گوڵی بۆن خۆش روا بوون، دەتووت هەموو گوڵەکان ئامێزیان کردوە بەیەکداو بەرادەیەکی وا تێکەڵ بوو بوون، ئەو گوڵانەی باخچەی بەساڵاچووەکان هەمان ئەو گوڵانە بوون کە لەسەر گۆرەکانی سوارەو خونچە روابوون، بەڵام گوڵی سەر گۆرەکان نەنەسرین و خوشکان لێیاندابوو، نە بەساڵاچووەکان، نە دایکی ئەوان، ئەمەش بۆ ئەوان بووبوو بە نهێنیەکی تر، دایکی خونچە بیری لە قسەیەکی زۆر لەمەوبەری لالە سوڵتانی دەکردەوە "بۆ ئەوانەی کە لای خوا خۆی بە شەهید حسێبن، فریشتەی تایبەت دەنێرێ تا لەسەر گۆرەکانیان درووديان بۆ بنێرن".

ژیان بە شێوازێکی ئارامتر لەسەرەتای بەدبەختیەکە دەگوزەرا، تەنانەت پیرەکانیش بەختەوەرتر بوون لەجاران، ئەمە بێئەوەی خۆشەویستەکانیان بیر بچێتەوە. جارێ لەو جارانەی کە نەسرین و خوشکان بەرێوە بوون بۆ لای یەکێ لە بەتەمەنەکان، کە ناوی پورە حەبە بوو. پورە مەحبوبە، هەر لەمنداڵیەوە پێی دەڵێن حەبەو ئیتر دەبێتە حەبەو بۆ خۆشی ئەوەی بیر دەچێتەوە کە ناوی مەحبوبەیە، پورە حەبە سیان لەکورەکانی بەر زریانەکە کەوتون. ئەو سورەچناری

نەبوو، خەڵكی گوندێكی دیكە بوو، بەڵام نەسرینو خوشكان چەند كەسێكی تریش هەبوو كە خەڵكی ئاواییەكەی ئەوان نەبوونو هەر سەریان لێدەدان، لەڕێگادا خوشكان روویكردە نەسرینو وتی: خوشكێ دەزانی ئێمە زۆر دەمێكە خۆمان لەبیر چوەتەوە؟

نەسرین سەیرێكی سەرزەنشتانەی دەكات "هێشتا شتێك ماوە بەناوی خۆمان؟".. خوشكان وەك ئەوەی هەڵەیەكی گەورەی كردبێت بەخۆیدا دەشكێتەوەو داوای لێبووردن دەكات، ئەوكاتە نەسرین هەست دەكات ئەویش ناهەقی بەرانبەر خوشكان كردووە، لەدڵی خۆیدا دەڵێت ئەوە بەچ هەقێ ئەو مافەم بەخۆمدا بەو جۆرە خوشكەكەم ئازاردەم.

ئەوكاتەی نەسرین لەدڵی خۆیدا ئەم قسانە دێنێتو دەبا، خوشكان لەدڵەوە سەرزەنشتی خۆی دەكات، ئاخر چۆن من بەو جۆرە برینی نەسرینم كولاندەوە؟ دەیەوێت جارێكیتر داوای لێبووردن بكات، پێش ئەوەی دەم هەڵبێنێتەوە نەسرین دەستی دەگوشێتو دەڵێت "خوشكەكەم ببورە بریندارم كردی"، هەردووكیان سەیری یەكتر دەكەنو پێدەكەنن..

## 14

چەند رۆژێ بوو نەسرین شەوو رۆژ بیری لە زۆراب دەکردەوە، پڕ بەدڵ حەزی دەکرد خەونی پێوە ببینێو لە هەواڵی بپرسێ، ئەو چەند رۆژە نەسرین وڕو گێژ دەهاتو دەچوو، هێندە لەخەیاڵی زۆرابدا بوو، هەندێجار دوای ئەوەی چەندینجار بانگیان دەکرد ئەوجا ئاگای لێدەبوو. ئەو بۆ ئەوەی کەمێك لەو خەیاڵانە دور کەوێتەوە خۆی سەر قاڵکرد بە چنینی بەڕەیەکی لە پەڕۆ دروستکراوەوە، کۆمەڵێکی زۆر لە کراسی کۆنی رەنگاو رەنگی هێناو دەستی کرد بەهەڵوەشانەوەو هۆنینەوەیان، جارجار خوشکانیش دەهاتو هاوکاری دەکرد، هەر پێکەوەش سەردانی ماڵەکانیان دەکردو هەنێ لە پێنجشەمەکانیش دەچوونە سەر قەبران بۆ سەردانی گۆڕەکانی سوارەو خونچەو برزۆی کادیرو هاوڕێکانی. هەرکات دەچوونە سەر قەبران زۆرێك لەو شیعرانەیان دەخوێندەوە کە لەسەر گۆڕەکان دەنووسرا، لە یەکێ لەو پێنجشەمانەدا هێشتا لەناو گۆڕستانەکەدا بوون، نەسرین بە خوشکانی وت: خوشکێ ماوەیەکە ئۆقرەو ئارامم نییە، هەڵدەستمو دادەنیشم بیرم هەر لای زۆرابە.

_ خەوی پێوە نابینی؟ خوشکان وتی.

+ خەوی چی خواخوامە بێتە خەوم نایەت.

_ خوا گەورەیە.
نەسرین خەیاڵی لای دوا قسەی زۆراب بوو کاتێ دوعاخوازی لێکرد، نەسرین پێیوت کەی یەکتر دەبینینەوە؟ زۆراب لەوەڵامدا هەر ئەوەندەی وت: خوا گەورەیە. کاتی خۆیشی باوکی هەر هەمان شتی وت کاتێ کە گوندەکەیان بەجێدەهێشت. نەسرین وتی باوکە تۆ بڵێی رۆژێ بگەڕێینەوە؟ ئەویش وتی "خوا گەورەیە"، ئەو لەبەرخۆیەوە وتی "هەمووومان وا دەڵێین، بەڵام ئەم نەگبەتیە هەر درێژەی هەیە". خوشکان بێئەوەی گوێی لەورتە ورتەکەی نەسرین بێت وتی: ئەزانی سەگی هار چل شەوی عومرە، بەڵام سەبری خودا چل ساڵە.
بەدەم رێوە بوون کە لەگۆڕستانەکە بێنە دەرەوە، نەسرین لەدڵی خۆیدا ساڵەکانی دەژمارد، ئەو ساڵانەی کە بەختەوەری خۆی لێشاردبوونەوە. خوشکان وتی "دەزانی مرۆڤ جگەلە گەڕان بەدوای بەختەوەریدا هیچی تر نیە"؟ ئەو بیری لەو قسەیە دەکردەوە کە برزۆی کادیر دەیگوت "مرۆڤ جگەلە گەڕان بەدوای ئازادیدا هیچی تر نیە"، نەسرین بەراوردی نێوان بەختەوەریو ئازادی دەکرد "ئاخۆ کامیان لەپێش کامیانەوەن"؟ ئەوکاتە کە ئەوان دەیانوویست لە دەرگای گۆڕستانەکە بچنە دەرەوە، ئەو کاتە بوو کە سەید ئەحمەدەشێت بە جلوبەرگێکی رەشەوە کە بەسەریدا پاڵتۆیەکی ئاودامان رەشی کردبوو، بەرەو روویان هات، ئەوان هەرسێکیان لەو رێکەوتە سەریان سوڕما، سەید ویستی بەلایاندا تێپەڕێت بێئەوەی قسەیان لەگەڵ بکات، خوشکان بانگی کرد "سەید ناتەوێ سڵاومان لێبکەیت"؟ ئەو بێئەوەی سەیریان کات وتی "با

نەسرین، خوشکان چۆنن، خزمەکان چۆنن، ئیشم بە سوارەو خونچەیە، دەمەوێ بڕۆم.. نەسرین ئەگەر بەو زووانە زۆرابت دی سڵاوی منی پێبگەیەنە، من سێ چوار مانگ لەمەوپێش بینیم ئەو زۆرباش بوو، ئاگات لە باوکیشت بێت باوکت ماندووە، خوشکان تۆش ئاگات لە نەسرین بێت، هەمووتان ئاگاتان لەیەکتر بێت، ئەچم بۆ لای سوارەو خونچە".

بێئەوەی چاوەڕێ بکات ئەوان شتێ تر بڵێن بەخێرایی ڕۆی، نەسرین‌و خوشکان بەلایانەوە سەیر بوو کە ئەوە چۆنە لێرە سەید ئەحمەد دەبینن. لەڕێگادا بەرەو ماڵ لەناو بازاڕە بچوکەکەی شارۆچکەکە دایکی خونچەیان بینی، بەدەم ڕێگاوە دایکی خونچە چیرۆکی کابرا ڕەشپۆشە سەیرە قورئان خوێنەکەی بۆ گێڕانەوە، ئەوانیش پێیانووت کە ئەوە سەید ئەحمەدەو ئەوان کەمێك لەمەوبەر بەچاوی خۆیان بینیویانە، ئەمە تەواوێك دڵی دایکی خونچەی خۆشکردو بڕیاریدا کیسەیەك خورما بە گەڕەکدا ببەخشێنێتەوە.

دوو سێ ڕۆژ دواتر حکومەت تەرمی ڕۆستەم بەگی گەڕاندەوەو بڕیاریشیدا کە نابێت پرسەی بۆ دابنرێت، کەسوکاری ڕۆستەم بەگو چەکدارەکانی بەهێمنی تەرمەکەیان شاردەوەو پرسەیان بۆ نەگێڕا، بەڵام کەسوکارو خزمان هەر سەریان لە خێزان‌و منداڵ‌و براو خوشکەکانی دەدا. ئەو کاتە هەموویان لە ماڵی یەکێ لە خوشکەکانی ڕۆستەم بەگ کۆببوونەوە، کوشتنی ڕۆستەم بەگ بەو شێوەیەو دانەوەی تەرمەکەی

به کەسوکارەکەی خەڵکی لەوە بێئومێد کرد، کە ئەم دەسەڵاتە دەست لەخەڵکی تر بپارێزێ.

ڕۆستەم بەگ ئەوەتی هەبوو پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ بنەماڵەی سەرۆکی وڵاتا هەبوو، باوکی نەسرین بە کوێخای وت "ئەم دەسەڵاتە دەست لە ڕۆستەم بەگ نەپارێزێ، ئیتر ئێمە چاوەڕێی چی لێبکەین"؟ کوێخا بەچپەیەکەوە بە لالە مینەی باوکی نەسرینی وت "لەسەرخۆ خوا ماڵت ئاوا کات دارو دیوار گوێی هەیە"! باوکی نەسرین لەبەرخۆیەوە وتی "دەك زیرە کەیت ئینشائەڵا".

ماوەیەك بوو باوکی نەسرین بەدەست هەناسەبڕکێو تەنگە نەفەسیەکی زۆرەوە دەیناڵاند، ڕۆژ بەڕۆژ باری تەندروستی زیاتر تێکدەچوو، سەردانی چەندین دکتۆری لە بەغداو موسڵو کەرکوك کرد، تا دەهات ئەو تەنگە نەفەسیە زۆری بۆ دەهێناو ئیتر دوای سێ چوار هەفتە لە نەخۆشیەکەی بەتەواوەتی لەزمان کەوتو قسەی بۆ ناکرا. هۆگری نەسرین بەباوکیەوە هەر لە منداڵیەوە وایکردبوو کە نەسرین باوکی هەر باوك نەبێت بۆی، لالە مینە بۆ نەسرین براو باوکو برادەرو هەموو کەسێك بوو.

خزمو کەسوکار سەردانی لالە مینەیان دەکردو دوعای زوو چاکبوونەوەیان بۆ دەکرد، شەوانە نەسرینو دایکی تا بەرەبەیان بەدیار باوکیەوە دادەنیشتن. شەوێکیان کاتێ دایکی زۆری لێکرد تاوێك بخەوێت، نەسرین لەخەویدا لە بیابانێکی چۆڵو قاقڕدا زۆرابی بینی بە سواری ئەسپێکەوە بەرەو ڕووی دەهات، کاتێ گەیشتنە یەکتر

باوەشیان کرد بەیەکترداو بۆ ماوەیەکی زۆر هیچیان نەووت. زۆراب تا بڵێی گەشو جوان بوو، رانکو چۆغەیەکی سپی لەبەردا بوو، دوو جلیکان ئاوی بەمدیوو بەودیووی ئەسپەکەدا شۆڕ کردبووەوە، کاتێ نەسرین لێی پرسی ئەو ئاوە چییە؟ ووتی دەیبەم بۆ هاوڕێکانم، نەسرین لەهەواڵی شوێنەکەیانی پرسی، زۆراب وتی "ئێمە شوێنمان زۆر خۆشە، راستە لەکانییەکی دووری ئەوسەری ئەو بیابانەوە لەو هەڵەتەدا کە دەکەوێتە ئەو دیوی بیابانەکەوە ئاوی خواردنەوە دێنین، بەڵام شوێنەکەمان تا حەز کەی خۆشە". پەیتا پەیتا پێکەوە قسەیان دەکردو دەستیشیان لەناو دەستی یەکتردا بوو، زۆراب بە نەسرینی وت "ئاگاداری باوکت بەو چاودێری بکە"، نەسرین وتی باوکم یەکجار نەخۆشە. بەرلەوەی زۆراب سواری ئەسپەکەی بێتەوە دیسان یەکتریان لەئامێز گرت، نەسرین سڵاوەکەی سەید ئەحمەدی بیر کەوتەوەو بە زۆرابی گەیاند، ئەوکاتەی خۆی هەڵدەدایە سەر پشتی ئەسپەکەی وتی "دڵنیابووم سەیدە پرسیارم دەکات".

کاتێ دایکی نەسرین نەسرینی بەئاگا هێنایەوە وتی "چییە کچم ئەوە چ خەوێکت بینیوە وا بەکوڵ دەگری"؟ کاتێ نەسرین لە خەوەکەی راپەڕی، یەکسەر پرسیاری باوکی کرد، دایکی زانیتی خەوێکی دیوە بۆیە هیچی نەوت، جگەلەوەی بە ئاماژە تێیگەیاند کە باوکی وا لەدیووەکەی ترە.

نەسرین سەرەڕای خەمی باوکیو سەرەڕای لێکدانەوەی رەشبینانەی خۆی بۆ خەوەکە، بەڵام زۆر دڵی خۆش بوو، وەك ئەوەی هەر بەڕاستی

زۆراب گەڕابێتەوە، وەك ئەوەی بەڕاستی دەستی خستبێتە نێو دەستی زۆراب، هەستی دەکرد دەستەکانی بوونەتە دوو چەپك گوڵی بۆن خۆش. ئەو بۆنی دەستەکانی خۆی دەکرد، لای ئەو بۆنی باخێك لە گوڵیان لێدەهات، چوو بۆ لای باوکی لەوکاتەدا خەریکی پێچانەوەی سیغار بوو، نەسرین پێیوت "بابە گیان واز لەو توتنە خەراپە بێنە، تۆ کوژراوی دەستی ئەو تووتنو دوکەڵەی".. باوکی تەماشایەکی کردو وتی: رۆڵە گیان ئەمە تووتنی خۆشناوە، من کوشتەی ئەمە نیم، من کوشتەی دابڕانم لە ئازادیو بوونی خۆم، من لەورۆژەوە لە سورەچنار دابڕاوم، لە بوونی خۆم دابڕاوم.

باوکی نەسرین ئەم قسانەی وەك شیعر دەکرد، بۆیە نەسرین تەواو هەستی بەخشیبووە قسەکانی، باوکی بەردەوام بوو "توتنی چی ئەگەر من ئازاد بامو ئێستا لە هەڵەتەکانی سورەچنار بووما یە، هەموو توتنی دنیا کاریان لێناکردم، بەڵام من ئەوەتا بەقەد هەناسەی خۆم لە مردنەوە نزیکمو جارێکیتر سورە چنار نابینمەوە".. نەسرین دەستی باوکی ماچ کردو وتی: توخوا شتی وامەڵێ، ئەی تۆ هەمیشە باسی ژیانت نەدەکرد؟ پێکەوە لەژورەکە هاتنە دەرەوەو باوکی وتی "نەسرین زۆرم حەز لە کولێرەی تەنوری قوڕە"، ئەویش وتی: بەچاوان باوکە گیان.

نەسرین هەرزوو هەندێك هەویری شێلا بۆ ئەوەی کولێرەکە بۆ باوکی بکات، کات نزیکی عەسر بوو، کاتێ خوشکان خۆی کرد بە حەوشەداو ئافرەتێکی یەکجار جوانی لەگەڵدا بوو، بەرلەوەی سڵاو بکەن، نەسرین

وتی یاخوا بەخێر بێن. خوشکان لەکاتی خۆیدا دەرکەوتی، ئێستا بەنیاز بووم بێم بەدواتاو ئەمەویٚ هەندیٚ کولێرە بۆ باوکم بکەین، خوشکان وتی بەچاوان، بەڵام پێشتر وەرە با دەستی تۆش بگرێتەوە، نەسرین وتی "دەستگرتنەوەی چی؟ کوا من بڕوام بەو شتانە هەیە"!.

ژنە جوانەکە وتی ئەگەر منیش دەستت بگرمەوە هەر بڕوات پێی نیە؟

نەسرین وتی: ئەگەر هەر لەبەر ئەو جوانیە بێت باوەڕم بە تۆ هەیە، هەرسێکیان بزەیەکیان کرد. نەسرین وتیەوە، بەڵام بەخوا خاتون بەرلەوەی دەستم بگریتەوە دەبیٚ تۆش لەگەڵمان ئەو کولێرەیە بکەیت، ژنەکە بەسەر لەقاندنێك تێیگەیاند کە ئەوە دەکات.

خوشکان پرسی: خاڵم چۆنە؟ نەسرین بەدەم هەویر شێلانەوە وتی لەژورەوەیە بۆ سەرێکی لێنادەی؟ ئەویش لەگەڵ ژنەکەدا بەرەو تەنورەکە چوون، کە ئاگرەکە خەریك بوو دادەمرکایەوەو دەبووە پشکۆ. هەردووکیان لەسەر تەنورەکە دانیشتن، هێشتا خوشکان لەژورەوە بوو، نەسرین بە ژنە گەنجەکەی وت: خوشکیٚ ناوت چیە؟ ژنەکە وتی: ناوم گولیلکە، نەسرین وتی بەڕاستی ناوێکی خۆشە، بەڵام بەخوا خۆت لەگوڵو گولیلك جوانتری، ژنەکە بە پێکەنینەوە وتی جا جوانی چی لە ژیان دەگۆڕێت؟ هەرچەند ئەم قسەیەی بە پێکەنینەوە کرد، بەڵام لە شێوازی دەربڕینەکەدا مرۆڤ درکی بەوە دەکرد چ ئازارێك لەپشت ئەو قسە کردنەوەیە. نەسرین لەوە تێگەیشت بۆیە نەیویست لەوە زیاتر لەو بارەیەوە بدوێت.

خوشکان گەڕایەوە بۆ لایانو بە نەسرینی وت: چییە هێشتا دەستت نەخستوەتە بەردەستی؟ نەسرین وتی خۆت ئەوەت کرد؟ خوشکان بەدەستەکانی گونتکی کولێرەکانی دەبڕیو دەیخستە بەردەست نەسرین، وتی خانم تا تۆ وەستا بیت من چۆن ئەو کارە دەکەم؟!
هەرسێکیان پێکەوە کولێرەکانیان دەکرد، بۆنی خۆشی ئەو کولێرانە ئەو ناوەی پڕ کردبوو، کاتێ کولێرەکانیان تەواوکرد، سەر تەنورەکەیان کۆکردەوەو نەسرین کولێرەکانی خستە سەر تیر تەبەقێكو بردی بۆ باوکی، بەرلەوە دوو کولێرەی بۆ گولیلك دانا. هەرسێکیان لەسەر سەکۆ بچوکەکەی حەوشە دانیشتن تا گولیلك دەستی ئەوان بگرێتەوە، نەسرین دەستی خستە ناو دەستی گولیلكو بەری لەپی کردەوە، گولیلك لەکاتێکا سەیری ناو لەپی نەسرینی دەکرد، وتی خاتون گیان چ هەورازو نشێوێکت بڕیوەو چت لەپێش ماوە، بۆ ئەوە مەژی کە هەمیشە ئازارو مەینەتی ببینی بۆ چرکەساتە خۆشەکان بژی با کەمیش بن!
راستە خەمو ئازار ی زۆرت چەشتوەو هەموومان لەوەدا هاوبەشین، بەڵام تەنیا ئەوەیان ژیانە کە تێیدا هەستت بەبوونی خۆت کردوە، ئەوەی دەتەوێ بگەڕێتەوە نایەتەوە، ئەو ساتانە لەبیر مەکە کە لەگەڵ ئەودا لەوپەڕی شادیو بەختەوەریدا بوون، هەموو ژیانی من چەند ساتێکی کەمەو هیچی تر، هەوڵدە وابژیت کە ئەو پێی خۆش بوو، وا بژیت کە ئەو پێی ئاسودە بوو، ئەو ئێستا لە شوێنێکی ترە، کە ئازیزەکانت دەڕۆن بیر لەوە بکەرەوە بەچی بەختەوەر دەبوون ئەوە بکە. ژیانێکی سەیرت هەیە هەمووی خۆڕاگریو بەردەوامیە، رۆژگاری

جیاجیا دەبینی، لەگەڵ ئەو بەڵێنەدا راستگۆ دەبیت کە بە ئەوت داوە، قسەی زۆرتری کرد.

کاتێ ئەو سەرگەرمی ئەو دەستگرتنەوەیە بوو، نەسرین وتی زۆراب ئەزانی باوکم ئەڵێ ئەو پارچە زەوییەی دۆڵپەموو ئەدەمە تۆو زۆراب، زۆراب بەپێکەنینەوە وتی دەی باشە ئێمەش هەڵیدەگرین بۆ یەکەم منالْ، نەسرین وتی جاکێ دەڵێ منالْمان دەبێت؟ گولیلك هێشتا سەیری هێڵەکانی ناو دەستی دەکرد، زۆرت حەز لە منالْ بوو بەلاّم نەبوو، ئەزانی ئەویش زۆری حەز لە منالْ بوو، نەسرینو زۆراب پێکەوە بیریان لە ناوی یەکەم منالْ دەکردەوە، ئەگەر کوڕ بوو نەسرین ئازادە لەوەی ناوی دەنێ چی، ئەگەر کچیش بوو زۆراب ناوی بۆ دادەنێ. زۆراب وتی من ناوی خۆم داناوە ناوی دەنێم "رەز"، نەسرینیش وتی جا منیش کوڕ بێت ناوی دەنێم "بەرسیلە".

گولیلك دەستی نەسرینی بەردابوو، خەریکی خوێندنەوەی دەستی خوشکان بوو، کزەیەکی فێنك بەر دەستو دەمو چاوی ئەوان دەکەوت، نەسرین لەبەرخۆیەوە وتی "بۆنی باران دێت".. ئەوکاتە خەیاڵی لای پێشبینیو بۆچونەکانی لالە سوڵتان بوو، لالە سوڵتان دەیگووت "منو کەروێشك پێش هەموان دەزانین کەی بارانەو کەی تاو، کەی بوومەلەرزەیەو کەی بەفر"..

لالە سوڵتان لە پایزدا باسی سەختی زستان یان وشکەساڵی دەکرد، هێشتا هەر قەرسیل با دەیگوت دەبێ یان نابێ، ئەو بۆ یەکەمجار لەو گوندەدا باسی سربستانو یۆنان و رۆمی کرد. جارێکیان وتبووی وڵاتێك

پەیدابووە ناوی ژاپۆنە، ئەڵێن بەتەمایە شتێك دروستكات وەك مرۆڤ كاربكات، مەلا ووتبووی بەبەرد بێت ئەمە لە درۆ درۆترە، کەچی مەلا محەمەدی ئاوای ئەوبەر وتبووی جا بۆ نا خودا ئەقڵی داوە بە مرۆڤ بۆ ئەوەی هەموو شتێ بكات، مەلا بە ئەویشی ووتبوو بووە بە زەندیق.

لالە سوڵتان باسی ئیڤڵ و پەیکەری ئازادی ئەمەریکاو ئەهرامەکانی میسری دەکرد، ئەو ناوی زۆرێك لە سەرکردەکانی دنیای دەزانی، کەچی کە دەیانووت تورکیای نوێ کەمال ئەتاتورك دروستیکردوە، سەری بادەداو دەیگوت شتی وا نیە لە مێژوودا. جارێکیان وتبووی بمکوژن بەس ناوی ئەو ئەتاتورکە لای من مەهێنن، ئاخر ئەو هەوڵی سڕینەوەی زۆر کەسیدا بۆیە بڕیارم داوە بیسڕمەوە.

نەسرین لەو خەیاڵانەدا بوو کە گولیلك دەستی خستە سەر شانی و وتی خوشکێ دەبێ بڕۆم، نەسرین وتی ئەی بۆ ئەم ئێوارەیە لەگەڵ ئێمە نابیت؟ ئەو وتی نابێ نا، هەرسێکیان پێکەوە بەرەو دەرگای حەوشەکە کەوتنەڕێ، خوشکان وتی شەو لەگەڵ دایەو ئەوان دێمەوە ئەگەر میوانمان نەبوو، ئەو ئێوارەیە باوکی نەسرین زۆر دڵخۆش بوو، چەندجارێك وتی "یاخوا رۆڵە رووتان سپی بێت، بەخوا کولێرەیەکی بەتام بوو".

شەوەکەی ماڵی خوشکان و چەند خزمێکی تر سەریانداو تا درەنگی شەو دانیشتن، باوکی نەسرین بەتەواوەتی رەنگی پەڕیبوو، یەك دوانێ لە خزمان بڕیاریاندا ئەو شەوە بەدیارییەوە بن، نزیکی نوێژی بەیانی لالە مینە وتی "بەخوا حەزم ئەکرد بتوانم دوو رکات نوێژ بکەم"، کاتێ

ویستی هەستێت نەیتوانی‌و وتی"ئا" هەر ئەو "ئا" یە بوو، ئیتر هیچ ووشەیەکی تری نەووت.

## 15

یەك یەك ئازیزەکانی نەسرین سەفەریان دەکرد، جارێکیان مەلا وتی "مردن یەك یەك ئەوانەی دەوروبەرمان دەرفێنێ، بۆ ئەوەی بە ئێمە بڵێ نۆرەتان دێت، کەچی کەس حەز ناکات بمرێ". نەسرین سەیری ئەو دارتووەی دەکرد، کە ماوەیەك لەمەوبەر باوکی لێیداو وتی "نەسرین ئەم دارە دارتوویەکی بەناوبانگەو تووەکەی رەشی قەترانیە".. دارەکە وەك ئەوەی درکی بەمەرگی خاوەنەکەی کردبێت تەواو کزبوو، تەنانەت چۆلەکەکانیش وەك چەند رۆژە لەسەر لقەکانی هەڵنەنیشتبوون.

نەسرین وەك ئەوەی قسە لەگەڵ دارەکە بکات: چییە تۆش کۆست کەوتووی لەدەستچوونی باوەی؟! خۆزگە ئێستا تۆش دڵی خۆت بۆ دەکردمەوە، دەزانم ئێوەش زمانی تایبەتی خۆتان هەیە. من لەگەڵ هەموو کەندو لەندەکانی سوورەچنار، لەگەڵ سەرجەم پەلەوەرو ئاژەڵو گیاندارەکانی سوورەچنار قسەم دەکردو لەیەکتر دەگەیشتین، لە مل لەقاندنێکی ئاسایی مریشکێك دەگەیشتم، ئەوانیش لەزمانی من دەگەیشتن، بە بانگ کردنێك هەموویان لێم کۆدەبوونەوە، وای بۆ ئەو رۆژە خۆشانە.

دوای مردنی باوکی نەسرین چەندینجاری تر گولیلك سەری لەنەسرین داو هەموو جارەکانیش دڵی دەدایەوەو پێیدەوت "مردن وەك ستەمکارێکی ترسنۆك پەلاماری هەموومان دەدات، بۆیە پێویستە بۆی بە چۆکدا نەیەین".

برزۆی کادیر پێیوابوو مردن هی ئەوە نییە مرۆڤ بۆی داخدار بێت، بەڵکو باشترین وەڵام بۆ مردن ئەوەیە خواستو خەونو ئاواتەکانی مردووەکە بۆ ئەوانی ئایندە بێنیتەدی. ئەو دەیووت: گیانی مردوو بەوە ئاسودە دەبێت ئەوەی ئەو تەواوی نەکردووە بۆی تەواو کەیت.

نەسرین هەموو ئەو قسانەی دەهێناو دەبرد، دەیویست خەونو حەزەکانی باوکی تەواو بکات. بیری لەهەموو ئاواتەکانی باوکی دەکردەوە، جارێکیان باوکی ووتبووی خۆزگە یەکجاری تر لە ئاوی کانی پلوسکم دەخواردەوەو ئەوجا دەمردم، جارێکیتر وتبووی ئای تۆ بڵێی جارێکی تر لەژێر دارەکانی میر غەفور چایەکی گەرم بخۆمەوە. نەسرین بەڵێنی بەخۆی دا گەر بمێنیٚ هەموو ئەوانە بکات.

ئەو بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ سەیری ئەو دارەو لقەکانی دەکردو لێڕادەما، تا ئەو کاتەی دایکی پێیووت "رۆڵە گیان ئیتر دەرەوە ساردە".. ئەوە یەکەمجار بوو لە ژیانی فەتوومدا بەو نەرمو نیانیو ناسۆرییەوە بانگی نەسرین بکات.. نەسرین هەوڵیدەدا بیر لەوە بکاتەوە ئاخۆ جاریتر دایکی بەو جۆرە بانگی کردووە، دەیویست جاری دیکەی بیر بکەوێتەوە، هەستاو دوای دایکی کەوت. دایکی وتی "دیووتە ئەو ماڵە چەند چۆڵە، ئەزانی من نزیکەی سی ساڵ لەگەڵ باوکت ژیام،

ئێستا دەزانم ئەو لەدەستچوونە چەند قورسە. هەرکاتێك رۆیشتووەو چەندین مانگی پێچووە زانیوومە دێتەوە، بەڵام ئیتر هەرگیز نایەتەوە، ئەوماڵەکەی چۆڵ کرد"، دایکی ئەم قسانەی بە قوڵپی گریانەوە دەگووت. نەسرین بەخوڕ فرمێسك بەچاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە، نەسرین ئامێزی کرد بەدایکیداو یەکیان لە باوەش گرت، بۆ ماوەیەك هەردووکیان بەسەر یەکدا گریان. شەوێکی دورو درێژ لەگەڵ رابردوودا ژیانو باسی هەموو رۆژەکانی رابردوویان کرد، هەر بەو جۆرە خەو بردنیەوە.

خەج ئەو ژنەی پیاوەکەی لەسێدارەدرا لەگەڵ دارای کوڕیدا لە شارۆچکەکە دەژیان، ئەوان پێشتر لەلایەن کەسێکی دەستڕۆیشتووەوە لەو شوێنەی تر دەرکرابوون. هەرچەند خەج حەزی بەو رۆیشتنە نەبوو، بەڵام نەیتوانی دڵی دارا بشکێنێ، دارا ئیتر کوڕێکی تەواو پێگەیشتو بوو. هەندێك رۆژ لەگەڵ یەکدوانێکی تردا هەندێك لە شار دوور دەکەوتنەوەو باسی زۆر شتیان دەکرد، بارودۆخی شەڕ، ژیانی خەڵكو بیرکردنەوە لەوەی چی بکرێت، بەلای یەکێ لەکوڕەکانەوە هەموو شتێ فشە بوو، ئەو دەیووت: شتێك نییە ناوی باشتر بێت، هەر کەس بێت هەمان شتە ئەوانەی ئێمە بەڕێوەدەبەن جگەلە کۆمەڵێك درۆزن هیچی تر نین، ئێمە درۆزنەکان دەگۆڕین.

ئەم بۆچوونە زۆر بابەتی بەدووی خۆیدا دەهێنا، دارا لێرەو لەوێ کتێبو نامیلکەی پەیدا دەکرد و شەوان دەیخوێندنەوە. جارێکیان رۆمانی مەکسیم گۆرکی لەبەرگەوە بۆ بەرگ بۆ دایکی خوێندەوە، دایکی وتی

ڕۆڵە ئەوە قسەی ناو کتێبەو هیچی تر. دایکی دەیووت ڕۆژێ دێ کەس ئەو کتێبە بە پوڵێ ناکڕێ، دایکی دەیووت ئازار زەدەکان بە قسەی زەردو سور فریوو ناخۆن.

دایکی وەك کوڕەکەی هاوڕێی بیری دەکردەوە، جیاوازییەکە ئەوە بوو خەج ئەزمونو ژیان ئەوەی فێر کردبوو، بەڵام هاوڕێکەی دارا لە دیدی خۆیەوەو وەك بڕوا نەبوونێك بەهیچ فەلسەفەو بیروباوەڕێکی سیاسی. ئەو دەیگووت بزانم یان نەزانم چی لە ژیانم دەگۆڕێت.

داراو خەجی دایکی شەوان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ گفتوگۆیان دەکرد، کەم شەویش ڕێکدەکەوت پێکەوە باسی باوکی نەکەن. هەمیشە لەسەر خوانی نان خواردنی ژەمەکان، قاپو کەوچکی سێ کەس دادەنرا، ئەوا ئەوەیان بیر ناچوو.

دارا لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەنهێنی بەیاننامەو شتی لەو بابەتەیان دەنووسیو باسی ئازادی مرۆڤو مرۆڤی ئازادیان دەکرد، تەنانەت ئەو هاوڕێیەشیان کە بڕوای بەو شتە نەیوو لەوانی تر زیاتر دەجوڵاو زیخو وریا تر بوو، ئەو دەیووت ڕاستە من بڕوام بەو شتانە نییە، بەڵام مادام ئێوە بڕواتان وایە ئەمە لەپێناوی مرۆڤدایە منیش بەشدار دەبم، هەرچەند هەر بڕوام بە مرۆڤیش نییە.

ئەو کارەی داراو هاوڕێکانی لەناو خەڵکدا بەتەواوی بڵاوبووبووەوە، خەڵك بەیاننامەو نوسراوەکانیان دەخوێندەوە. دایکی دارا بەم دەنگوباسە نیگەران بوو، ئەو ترسی ئەوەی هەبوو ئەمە کوڕەکەی توشی کارەساتێك بکات، چونکە ئەو دەیزانی ئەوانەی ئەو کارانە

دەکەن یەکێکیان کوڕەکەی ئەوە، حکومەتیش شەو ڕۆژ لە هەوڵی ئەوەدا بوو ئەو کەسانە بدۆزێتەوە.

خەج بۆ ئەوەی ئیتر دارا لەو کارانە پەشیمان کاتەوە، ناچار بوو پەنا بەرێتە بەر نەسرین، دارا زۆر هۆگری نەسرین بوو بۆیە هەموو باوەڕیان وابوو کە نەسرین تەنیا کەسە کە دارا هەرگیز لە قسەی دەرناچێت. خەج پەنای بۆ نەسرین بردو تکای لێکرد دارا بانگ بکاتو هەندێك ئامۆژگاری بکات، نەسرین بەڵێنی پێدا کە قسە لەگەڵ دارا بکات، بەڵام نەسرین بەختەوەر بوو بەوەی کە دارا ئەو کارە دەکاتو لەدڵی خۆیدا وتی "هەی ئافەرین دارا بەڕاستی لە شوێن باوکی خۆت چوویت".

نەسرین داوای لە خەج کرد بە دارا بڵێت سەری لێبدات، ئەو بیری لەوە دەکردەوە چۆن دەستخۆشی ئەو ئازایەتیەی لێبکاتو داواشی لێبکات کە ئاگایان لە خۆیان بێت. لە دڵی خۆیدا وتی ڕەنگە بۆ ئەمە واباش بێت داوا لە خوشکانیش بکەم هاوکاریم بکات، دواتر هەر خۆی وتی نانا باشترە ئەم کارە بێئاگاداری خوشکان بکرێت، لەوەناچێ داراش پێیخۆش بێت خوشکان بەم کارە بزانێت.

خەج بە نەسرینی وت ئێوارە دارا دەنێرم بۆ ئەوێ، توخوا زوو بینێرنەوە، ئەوەشی پێبڵێ کە بەشەو نەچێتە دەرەوە، چونکە ماوەیەکە فێری ئەوە بووە بە شەویش دەچێتە دەرەوە. خەجو نەسرین پێکەوە باسی زۆرابو برزۆی کادیرو هەموو ئەوانی تریان کرد، پێکەوە ئاواتی ئەوەیان خواست کە ئەو ڕۆژگارە بگەڕێتەوە، خەج وتی "جا

ڕۆژگاریش بگەڕێتەوەو هەموو ئەوانمان لەگەڵ نەبن‌و نەمابن، چ بایەخێکی هەیە؟!".

دوای ڕۆیشتنی خەج نەسرین هەر لەبیری ئەوەدا بوو چۆن ئەو بابەتە لەگەڵ دارا باس بکات. دایکی نەسرین کە ماوەیەك بوو ئیتر ئەو فەتومە توڕەو سەرسەخت‌و درێوە نەبوو، وتی: ڕۆڵە هانیبدە بیر لەدایکی بکاتەوەو بۆ خۆی خێزان پێکەوە بنێت، پێی بڵێ کە باوکی ئەو بەشی ئەویش قارەمانی نواندووە، ئیتر ئەرکی ئەو بەخێوکردنی دایکێتی‌و بەس.

نەسرین لە دڵی خۆیدا وەك بڵێی بەو قسانە هەم نیگەران‌و هەم بەختەوەریش بوو، لەبەرئەوەی دایکی ڕاست دەکات پێویستە دارا بزانێت باوکی لە زیندانا چ پاڵەوانێك بووە. خەج تکای لەنەسرین کرد بە دارا بڵێت ئازایەتی‌و ئەو شتانە قسەی قۆڕن "ئازایەتی چی؟ هەندێك دەبنە قوربانی هەندێکی ترو ئەوانیش لەسەری دەوڵەوەڕێن‌و قوربانیەکان لەبیر دەکەن".. نەسرین دەیووت "ئەوەی قوربانی بەخۆی دەدات لای وایە دوای ئەو دۆخەکە باشتر دەبێت، ئەوەش بۆ مرۆڤ خەونێکی پیرۆزە".

دایکی نەسرین بە نەسرینی وت "ئەوەندە بێنەو بەرەی ناوێ، ڕاست‌و ڕەوان پێی بڵێ ئاقڵ بێت‌و خۆی تووشی دەردەسەری نەکات‌و ئەو ژنەش لەوە زیاتر بەخەفەتەوە نەکوژێت".. نەسرین لە خەیاڵی ئەوەدا بوو لێی بپرسێت ئەوە چۆن ئەو بەیاننامەو نووسراوانە دەنووسن‌و چۆن

چۆنی بلاوی دەکەنەوە، خەج وتی: پێی بڵێ ئەمانە تۆپو تانكو دەبابەو ئاگرو ئاسنیان هەیە، دەتانەوێ بە کاغەزە شڕ بیڕوخێنن؟!

نەسرین بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن کاغەز زۆر شتی پێدەکرێت، جارێکیان برزۆی کادیر وتبووی لە رۆژئاوا بە رۆژنامە حکەمەت دەڕوخێنن، مەلا وتبووی سەیری ئەم درۆیە کەن کێ دیویەتی کاغەز حکومەت بڕوخێنێ! نەسرین ئێستا دەیزانی کاغەز بایەخی خۆی هەیە، ئەوەتا حکومەت لەترسی چوار بەیاننامەی کاغەز زیڕەی کردووە. دایکی نەسرین وتی: ئاخر وەرەقە چیە تا شەڕی ناپاڵم بکات؟ خەج وتی: پێی بڵێ ئێوە چین ئێوە لە هەق ئەو کۆپتەرانە دێن!!

خەج بەتەواوی شپرزەو شێواو بوو، دڵی لەسەر لەپی دەستی بوو، دوو هەنگاو دەرۆیشتو دەگەڕایەوەو قسەیەکی تری بۆ نەسرین دەکرد. پێی بڵێ نامەوێت دوو ئازیزترین کەسم بەیەك جۆر لەدەست بچێت، باوکی بەس نەبوو خۆیشی بێتە سەر، توخوا تەمێی کە با شتی وا روونەدات. دایکی نەسرین وتی "سەیرکە رۆڵە ئەوە دڵی دایکە، دەبینی چۆن لەسەر ئاگرە".

چەند جارێك خەج لەدەرگای حەوشە دەگەڕایەوەو دەستەو دامانی نەسرین دەبوو، نەسرین لە خەیاڵی ئەوەدا بوو کە چۆن رەنگە ئەم کارە فراوانتر بێتو ئیدی بەتەواوەتی حکومەت تەنگەتاوکەن، لەدڵی خۆیدا دەیوت "بۆ نا؟"..

دارا هەموو ئەو شتانەی بۆ نەسرین گێڕابووەوە لەبارەی زۆرابەوە کاتێ سەرپەرشتی کوڕەکانی کردوە بۆ ئەوەی زۆرترینیان دەرباز بن،

پێیوتبوو چۆن ئەوان لەسەر راسپاردەو دەستی زۆراب بووبوون بە سیّ بەشەوەو چووبوونە شارۆچکەکەوە. جارێکیان برزۆی کادیریش باسی ئازایەتییەکی زۆرابی بۆ خەڵکی ئاوایی کردبوو، زۆراب لە خەمی هەمووواندا بوو، ئەو لە خەمی هەموو شتێکدا بوو تەنانەت دارو بەردو کانیو ئاژەڵەکانیش. نەسرین ئەو رۆژەی بیردەکەوتەوەکە چۆن بۆ ماوەی مانگێك زۆراب خەریکی تیمارکردنی گوێدرێژێك بووە، کە پارچەی ناپاڵم تەواوی جەستەی بریندار کردبوو.

نەسرین بەڵێنی بە خەج دا هەموو شتێك وەك خۆی بە دارا بڵێت، نەسرین کەسیّ بوو هەرگیز درۆی ناکرد، بۆیە بڕیاریدا هەموو شتەکان بۆ دارا باس بکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەستخۆشی لێبکاتو داوای لێبکات ئاگایان لە خۆیان بێت.. بەردەوام نەسرین لە خەیاڵی ئەوەدا بوو چۆنو بە چ شێوازێك لەگەڵ دارادا قسەبکات.

ئێوارە بەر لەرۆژ ئاوا بوون دارا بە کراسێکی سپیو شەرواڵێکی رەشەوە خۆی کرد بە ماڵی نەسریندا، دایکی نەسرین بەرلەوەی بەخێرهاتنی بکات، وتی "سەیرکە هەر لە خوالێخۆشبووی باوکی دەچێت، هەمان چاوو برۆ، هەمان قەدو قەڵافەت".

نەسرینو دایکی بەخێرهاتنی دارایان کرد، داراو نەسرین پێکەوە قسەو باسی زۆریان کرد. نەسرین زۆر ئافەرینی داراو هاوڕێکانی کردو داوای لێکردن بەردەوام بن، هەروەها پرسیاری ئەوەی کرد کە چۆن ئەو کارانە دەکەن؟ چۆن ئەو بەیاننامانە دەنووسنو چۆن یەك یەك دایان دەکوتنو

دەياننووسێنن بە ديوارو دارو عەمودەكانەوە؟ يەك يەك وەڵامی پرسيارەكانی نەسرينی دەدايەوە.

دايكی نەسرين دوو چای بۆ هێنان، دارا باسی ئازايەتی هاوڕێكانیو بيروباوەڕی ئەوانی بۆ نەسرين دەكرد، باسی ئەو هاوڕێيەی بۆ كرد كە هيچ بڕوای بەمەسەلەكە نييە، بەڵام دەڵێ منيش هاوكاريتان دەكەم. ئەو كوڕێكی زۆر سەيرە، لەهەموو كارێكدا رای جياوازی هەيە، كەچی دواتر لەهەموومان گورجترە، ئەمە هەڵسەنگاندنی دارا بوو بۆ هاوڕێكەی كە بۆ نەسرينی باس دەكرد، هەمان ئەو هەڵسەنگاندنەی كە برزۆی كادير بۆ زۆرابی دەكرد، يان بيرو بۆچوونی خەڵكی ئاوايی سورەچنارو دەوروبەری لەبارەی لالە سوڵتانی كاكەييەوە، ئەو پياوەی هەميشە سەرسەختانە داكۆكی لە بيروبۆچونەكانی خۆی دەكرد، كەچی ئامادەبوو بۆ هەموو ئەوانەی لەگەڵ بۆچوونەكانی ئەودا دژ بوون، قوربانی بدات.

لالە سوڵتان لە كەس ناچوو، كەسيش نەمابوو ئەو هاوكاری نەكات بەمەلای سورەچناريشەوە كەخۆی داوای ژنی بۆكردو هەرخۆيشی بۆی گواستەوە، ئەو هاوكاری هەمووانی دەكردو هاوكاری كەسی وەرناگرت.

دارا باسی سەيرو سەرسەختيەكانی ئەو هاوڕێيەی بۆ نەسرين دەكردو پێكەوە پێدەكەنين، نەسرين داوای لە دارا كرد، دڵی دايكی نەشكێنیٚو ئاگای لێبێت، پێيووت رێگای باوكت ون مەكە، بەڵام ئاگاداری خۆتيش بە ئەم دەسەڵاتە دڕندەو ترسناكە. باسی ترسناكیو زەبرو زەنگی دەسەڵاتيان كرد، نەسرين باسی ئەوەی بۆ كرد كە چۆن لالە سوڵتان

ئەمەی بە ئاگرو ئافاتو زریانو باو بۆران ناودەبرد. ئەو دەیگووت: ئافاتەکە بەرێوەیە، خەڵکیش لەوە تێدەگەیشتن، کەچی زۆرجار ئەیانووت بابە ئەم لالە سوڵتانە زارەترەکی کردوین.

نەسرینو دارا تادرەنگیٚ پێکەوە قسەیان کرد، تائەو کاتەی دایکی نەسرین بە دارای وت: دەهەستە رۆڵە بگەڕێرەوە بۆ ماڵەوە، هەر دنیاکە خەراپ نییەو بەس، دایکیشت ئێستا چاوی لە دەرگایە.

دارا بەنەسرینی وت: بۆم بکرێت لەم رۆژانەدا خۆمو یەك دوانیٚ لە هاورێکان دێینەوە بۆ ئێرە، ئەو کوڕەش دێنم باخۆت بیبینی، نەسرین بەڵێنی پێدا بۆ ئەو رۆژە ساوەر بە گۆشتێکی زۆر بەتامیان بۆ بکات، لەو ساوەر گۆشتانەی کە سورەچنار پێی بەناوبانگە.

## 16

چەند رۆژێ بوو بارودۆخەکە بەتەواوی شێوابوو، وەك رەشبگیر خەڵك بەرەو زیندانەکان دەبران.. ئەوان لەهەموو شتێ بە گومان بوون، رۆژ بەرۆژ بڵاوکردنەوەی بەیاننامەو راگەیەنراوەکان زیاتر ترسیان ئەخستە دڵی حوکمڕانەکانەوە.

نەسرین زوو دارای ئەبینیو ئامۆژگاری ئەکرد کە ئاگایان لەخۆیان بێت، رۆژێکی خۆرەتاوی خۆش کە دنیا تەواوی تەواو سافو بێگەرد بوو، نەسرین داراو هاوڕێکانی داوەت کرد، ئەو رۆژە بۆ ماوەیەکی دورو درێژ باسی برزۆی کادیرو زۆرابو ئەوانی تری بۆ کردن. ئەو کوڕەی کە بڕوای بە شتەکان نەبوو بەڵام دەیکرد، بە نەسرینی وت: ئەوان هەموو بوونە قوربانی بێئەوەی خەونەکانیان بێتەدی.

نەسرین گفتوگۆیەکی دوورو درێژی لەگەڵ ئەو کوڕە دەستپێکرد، کوڕەکە چیرۆکی یەکێ لە رۆژەکانی هەڵەبجەی بۆ گێڕایەوە کە ئامۆزاکەی وتبووی ئەوان لەبری بەهاناوەچوونی خەڵکەکە، بەدووی پارەو ئاڵتوونا گەڕابوون. ئەم چیرۆکە ماوەیەك هەموویانی بێدەنگ کرد، تا ئەو کاتەی دارا وتی مەرج نیە هەموو چیرۆکەکان وابن.

خوشکان لەو رۆژانەدا خزمێکی خۆیان کە ئەو دەمیّ بوو لەشاردا بوون هەرچەند سەرباز بوو، بەڵام داوای کردبوو، خوشکان بۆ ئەمە پرسی بەنەسرین کردبوو، نەسرین پێیوتبوو جا چی لەوە باشترە؟ خوشکان بەنەسرینی وت "جاریّ نازانین دنیاکە چی بەسەردێت".

دارا ئەو خەیاڵو بیرکردنەوانەی بە نەسرین پساندو پێیوت "بڕوا ناکەم هەموو چیرۆکەکان لەیەك بچن، وانییە دادە نەسرین؟". بەرلەوەی نەسرین هیچ بڵێت، یەکیّ لەکوڕەکان وتی: ناکریّ هەڵەو پەڵەو کەموکوڕی کەسێك بەسەر هەموو ئەوانی تردا ساغ بکەینەوە، دەشیّ کەسێك وایکردبێت. خوشکان بەنەسرینی وت "خۆزگە ئێستا لە سورەچنار دەبووین"..

کوڕەکان ئەو نیوەڕۆیە لەماڵی نەسرین بوون، دایکی نەسرین لەو چپەچپو قسەو باسە بەگومان بوو، بەڵام هیچی نەووت. دوای رۆیشتنی کوڕەکان نەسرین بانگی دارای کردو دوو دە دیناری دایە دەستی، دارا وتی "دادە من پارەم پێیە"، نەسرین وتی ئەزانم بەڵام ئەوە قەرزەو دوایی بمدەوە "ئیتر ئەویش پارەکەی وەرگرتو دوعاخوازی کرد، دوای رۆیشتنی کوڕەکان دایکی نەسرین بەنەسرینی وت "نەسەکە رۆڵە سەرێکی خزمەکان ئەدەم، دڵم گیراوە تۆ نایەی؟" نەسرین هەر بە ئاماژەی سەرلەقاندن وتی نا.

رۆژەکان بەخێرایی تێدەپەڕین، یەك دوو رۆژ بوو ئەوە بڵاوبووبووەوە کە خەڵك بەنیازی راپەڕینو بۆ ئەوە سەرەوەش ئاگادارن. خەڵك لەترسو نیگەرانیدا بوون، هەواڵی ئەوە گەیشتبوو کە لەو خوارە خەڵك

راپەڕیوە. نەسرین خەیاڵی لای ئەوە بوو کە لەگەڵ ڕاپەڕیندا دەرگای زیندانەکان دەشکێن‌و زۆراب‌و کوڕانی ئاوایی دەگەڕێنەوە، هەموو چرکەو سات‌و ڕۆژیان دەژمارد. بەرەبەیانێکی زوو دارا خۆی کرد بە حەوشەکەی ماڵی نەسریندا‌و هەر لەدەرگاوە کەوتە هاوار هاواری "دادە.. دادە"، نەسرین بەپەلە هاتە دەرەوەو وتی: ئەوە چی بووە دارا خۆ هیچ ڕوونەداوە؟ دارا وتی "ئێوە ئاگاتان لە هیچ نییە، حکومەت نەما.. هەموو خەڵك لە شار ڕژاونەتە سەر جادەو بانەکان، هەموو شوێنەکان گیراون".

نەسرین لەخۆشیدا خەریکبوو باڵبگرێت، کاتێ ویستی بڕواتە دەرەوە بینی خوشکانیش بە هەڵهەڵە لێدان بەرەو ئەوێ دێت. لەدوای جێهێشتنی سورەچنار ئەوە یەکەمجار بوو نەسرین خوشکان بەو دڵخۆشیە ببینێ، ئەوان باوەشیان کرد بەیەکتراو تاوێك بەسەریەکدا گریان.

دایکی نەسرین لەگەڵ بەخێرهێنانی خوشکاندا وتی: نەسرین ڕۆڵە هەندێ کولیچە یان ناوساجی یان هەرشتێك بەزوویی ئامادە دەبێت‌و بیکەن بۆ خێرو بەخشینەوە. دارا وتی ئێمە بەنیازین دەستەی پاراستنی داوودەزگاکان پێکبێنین، بەڵام ئەو خەڵکە هەموو چەکیان پێیەو هەموویان بەبێ هۆ دەستیان داوەتە تاڵان‌و بڕۆو کەس بەکەس نییە. نەسرین پێیووت لەئێستادا دەبێ زیاتر ئاگاتان لە خۆتان بێت، ئەوەی تاڵان دەکات لەپێناوی تاڵانەکەدا هەموو شتێ دەکات بۆیە زۆر وریا بن.

هەواڵی ئەو تاڵانو تاڵانکارییە داراو هاوڕێکانی نیگەرانوتوڕەکرد، هەمان ئەو کوڕەی کە پێشتر بێئومێدانە دەیڕوانیە شتەکان وتی: پێمنەوتن پێشتر ئێمە دەمانتوانی پشت بکەینە ئەم شتە، بەڵام ئیتر ئێستا بەناوی شۆڕشەوە شەق لە هەموو شتەکان هەڵدەدرێت.

کوڕەکان سەرەڕای بانگەوازو تکاو پاڕانەوە لە خەڵك، پەنایان بردە بەر ئەوانەش کە چەند ساڵێك بوو لەو دیوی سنورەکان بوونو چاوەڕوانی گەڕانەوە بوون، بەڵام ئەوانیش ئاڵابوونە ئۆتۆمبیلی جوانو داگیرکردنی خانوی پیاوەکانی دەسەڵاتو کاری ترەوە.. کوڕکان جگەلە دڵشکانو نائومێدی هیچی تریان بۆ نەکرا.

دارا دەیووت: نائومێدی بیرکردنەوەی باش لای مرۆڤ دروست دەکات، هەر دەبێت ئەمە چارێکی هەبێت. یەکێ لە کوڕەکان وتی رۆژێ دێت لەنێو ئەم نائومێدیەوە خۆری ئومێد هەڵدێت.

هەندێك لەوان دیسان گەڕانەوە بۆ لای خوێندنەوەی کتێب، پەیتا پەیتا لاپەڕەکانی کتێبە جۆراوجۆرەکانیان ئەمدیوو ئەودیوو دەکرد، هەموو کتێبێکیان دەخوێندەوە، لە کتێبە ئاینیەکانەوە تائەو کتێبانەی هەموو بڕوایەکیان لای مرۆڤ لەق دەکرد. هەمان ئەو کوڕەی کە بڕوای بە هیچ شتێك نەبوو، عەرەبییەکی زۆرباشی دەزانی، ئەمەش وایکردبوو کە لە خوێندنەوەو وەرگێڕانی کتێبە عەرەبیەکاندا هاوکارێکی باشیان بێت. لە کتێبخانە گەورەکەی خاڵیدا کە وەك خۆی دەیوت زیاتر لە (500) کتێبی تیایەو بەردەوام کتێبەکان زیاد دەکەن، کتێبەکانی دەهێناو ئەو رستەو پەرەگرافانەیان دەنووسیەوە کە بەلایانەوە جێی بایەخ بوو.

دارا لەجاران زیاتر گفتوگۆی دەکرد، زۆرجاریش لەگەڵ حزبیەکاندا دەکەوتنە گفتوگۆیەکی توندەوە. یەك دوانێ لە هاوڕێکان ملی ڕێگای هاتو نەهاتیان گرتەبەرو دوعاخوازیان لە برادەرەکانیان کرد. دارا پرسیاری ئەوەی لادروست بووبوو بۆ دەبێت لەسەردەمی ستەمکاریو چەوسانەوەدا مرۆڤ ئامادەی بەرەنگاریو بەگژاچونەوەبێت، لەسەردەمی ئازادیشدا هەمان مرۆڤ پشت بکاتە وڵاتو سەری خۆی هەڵگرێت؟ ئەمە پرسیاری زۆربەی هاوڕێکانی داراش بوو.

ئەوان بەتەواوەتی دڵشکاوی ئەم دۆخە بوون، داراش بڕیاریدا نیشتمان بەجێبێڵێتو بڕوات، هەرچەند دایکیو نەسرینو خزمەکانی زۆر هەوڵی ئەوەیاندا پەشیمان بێتەوە، بەڵام ئەو بڕیاری کۆتایی خۆی دابوو، ئەمەش دایکی دارای تەواو نیگەرانو خەمبار کردبوو. ئەو بەهەمان جلوبەرگی سەراپا ڕەشەوە کە لەوەتەی هاوسەرەکەی لەسێدارە دراوە هەمیشە ڕەشپۆشە، دەتووت تازە لە پرسەدایە، خزمو کەس بەسەریان دەکردەوەو دڵیان دەدایەوە، ئەویش لە تەنیایدا بەدەنگێکی زۆر کاریگەرو بەسۆز خۆی دەلاواندەوەو بۆ خۆی هەرچی بەدڵدا بهاتایە دەیگوت، هەندێجاریش بۆ شیعرو لاوانەوە پەنای دەبردە بەر خوشکان.

خوشکان لەدروستکردنی ئەو بەیتانەدا لەوێنەی نەبوو، ئەو وەك چۆن لە سروشتو دەشتو دەرو ناوی گوڵەکان شارەزابوو، ئاواش لەوەشدا کارامە بوو کە چۆن بەیتە شیعری شیوەنی کاریگەر بهۆنێتەوە، ئەمەش وایکردبوو خزمو کەسوکار بۆ هەموو پرسەو شینو شەپۆڕێك دەیانبردو

ئەوانی تر گوێیان بۆ شل دەکرد. ئەڵێن لالە سوڵتان کاتی خۆی هێشتا خوشکان سێ چوار ساڵ بووە، وتوویەتی ئەمە بلیمەت دەردەچێت.

دارا سەری خۆی هەلگرت‌و خەجیش نەیدەزانی چی بکات، هەر هەفتەی لەماڵی خزمێ بوو. ئەو بەنەسرینی وتبوو: من ناتوانم بۆ یەك چرکە بەتەنیا بچمە ماڵەوە، لەو ماڵە کوێرەوە بوەوەدا سەیری هەر شتێك دەکەم دارام بیر دەخەنەوە. ئەو وتی: نەسرین من هەرچیم هەیە دەیفرۆشم‌و دەچم لە شوێنێ تر نیشتەجێ دەبم، من ئیتر ناتوانم لەو ماڵەدا بژیم، چونکە دارا لە هەموو شوێنێکی ئەو ماڵەدایە. نەسرین تکای لێکرد کە بێت لەگەڵ ئەواندا بژێت‌و پێکەوەبن، ئەو نەیدەزانی چی بلێت.. جارێك دەیووت باشەو جارێکیتر دەیووت نا.

هەندێك دەیانووت ئەو ژنە دەڵێی شێت بووە، هەر رۆژەی شتێ دەڵێت. هەشبوون دەیانووت خەج لەکاتی لەسێدارەدانی هاوسەرەکەشیدا بەم جۆرەی بەسەر نەهاتووە، ئەوان ئەوەیان بیردەکەوتەوە کەچۆن سەید ئەحمەد لەو رۆژەدا بە خەجی وتوە ئێستا تۆ دەبێت ئاهەنگ بگێڕی نەك شین، خۆ پیاوەکەی تۆ لەسەر دزیو پیاو خراپی لەدار نەدراوە، ئەو لێی تورە بووەو پێیووتوە ئیتر نامەوێ گوێم لەدەنگت بێت. دەیانووت خۆزگە ئێستا سەید لێرە بوایە، لەهەموو کەس زیاتر دایکی خونچە دڵی خەجی دەدایەوەو دەیوت تۆ سەیری من کە.

دارا بەدایکی دەوت دایە من بۆ ئایندە دەژیم، ئیتر نامەوێ بۆ دوێنێ بژیم، من چی لەدوێنێ بکەم؟ ئەوەتا ئێوەیان هەموو گیرۆدەی دوێنێ کردوە، گیرۆدەیەك کە ناتوانن بەهیچ شێوەیەك لێی دەرباز بن. دایکی

دەیووت بە خوا رۆڵە من لەو قسە زلانەی تۆ تێناگەم، کە دەڵێی هەموویت لە کتێبەکانەوە هێناوە، بەڵام هەموو ژیانی من لە دوێنێدایە لە ئاوایی، لای باوکت، لای خزمەکان، لای گەنجێتی خۆم، دارا بە پێکەنینەوە دەیووت: ئێ دایە گیان ئیتر تۆ وەك ئەوە وایە نەبی، ناکرێ ئێمە هەر لەو رابردوەدا بین. ئەم گفتوگۆیە لەنێوان دایکیو دارادا درێژەی دەکێشا، بێئەوەی دایکی زۆر بەو قوڵیە لە شتەکان تێبگات.

دایکی دوای رۆیشتنی دارا بیری لەوە دەکردەوە کە ئەو ئیتر بۆ سبەی دەژێت نەك بۆ دوێنێ، ئەو ئیتر دەڕوانێتە بەیانیو ئیشی بە دوێنێ نەماوە، ئەو ئێستا لە ورەو بیرکردنەوەو توانای بەردەوامی نەسرین تێدەگەیشت. دارا دەیووت ئیتر مرۆڤ ناکرێ بۆ دوێنێ بژێت، هەموو ئەمرۆیەك سبەینێ دوێنێیە، کەواتە مرۆڤ دەبێ هەمیشە بۆ سبەینێ بژێت، ئەم قسانە وەك چۆن لەکاتی حکومەتا بڤە بوون، ئێستاش لەم سەردەمەدا کە دەڵێن سەردەمی ئازادییە دیسان بڤەن.

چەندینجار داراو هاوڕێکانی بانگ دەکرانە بارەگا جیاجیاکانو سەرزەنشت دەکران، جارێکیان بەرپرسێك پێیوتبوون "ئێوە دەتانەوێ نەوەکانمان وێران کەنو فێری یاخیبوونیان کەن".. هاوڕێیەکی دارا بە بەرپرسەکەی وتبوو: ئەوە ئێوەن ئێمەتان وەکو مەلەکەی مەلای مەشهورە لێکردوە، ئەوە ئێوەن دەتانەوێ هەموو ئایندە وەك ئێوە بێت، هەموو ئەوەی دێت لەهەمان بازنەو چوارچێوەی ئێوەدا بسوڕێتەوەو دەرنەچێت، ئێوە دەتانەوێ ئێمە هەمیشە لەدەرەوەی مێژودا بین، لەسەر ئەم قسەیە کابرا زۆر پەست دەبێت.

لەبارەی دەرەوەی مێژوو ناوەوەی مێژوو قسەی زۆر دەکەن، هاوڕێکەی دارا بە کابرا دەڵێت: بەتەمای ئێوە بێن هەرگیز نابینە خاوەنی خۆمان، ئەمە بە جارێ کابرا دەبا بەحەواداو دەڵێ: من ئەوە بیست ساڵە خەبات بۆ ئێوە دەکەم، بیست ساڵە دەمەوێ ئێوە رزگار بکەم. کوڕەکە پێیدەڵێت گەروایە بۆچی ناتەوێ من خۆم بم، ئەگەر بۆ من ئەوەت کردووە کەوانییە لێم گەڕێ با خۆم بم.. ئەو رۆژە لەو بارەگایەدا بۆ ماوەی چەند سەعاتێ گفتوگۆی زۆر توند بەڕێوەدەچێت.

دوو رۆژ دواتر دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ، چەند چەکدارێك هاوڕێکەی دارا دەگرنو زۆری لێدەدەن، بۆ سبەینێش خەڵکێك دەڵێن ئەوە خەتای دەم هەراشی خۆیەتی. ئەو هاوڕێیەی دارا بڕیار دەدات ئێرە جێنەهێڵێتو بەهەموو توانایەوە کار لەسەر ئەوە بکات کە خەڵك هۆشیار بکاتەوە.

رۆیشتنی دارا جگەلەوەی کە خەجی وێرانو پەرێشان کردبوو، نەسرینیش بەو رۆیشتنە خەمبار بوو، بۆ نەسرین دارا وەك براو هاوڕێو هاودەم وابوو، زۆرجار دەیووت "دارا ئەزانی قسەکردنی تۆ هەمیشە زۆرابم بیر دەخاتەوە".

خەج سەرجەم کەلوپەلی نێو ماڵەکەی فرۆشت، جگەلە یادگارەکانی هاوسەرەکەی. هات بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ نەسرینو فەتوم ژیا، ئەوان پێکەوە لەو ماڵەدا دەژیان. نەسرین دەیگوت هێواش هێواش خێزانەکانی ئێمە لەیەك شوێندا کۆدەبینەوە، ئەوەش وەك ئەوە وایە ئیتر نیشتمانێکی بچکۆلە دروست بکەین.. بەردەوام بیری لەوانە

دەکردەوە کە بەجێیانهێشتون، ئەوانی هەریەك بەجۆرێ لەم ژیانە دابڕان هەندێك بە بردنو ونکردنو هەندێك بەمردنو هەندێك بەڕۆیشتنو سەر هەلگرتن.

ڕۆیشتنی دارا بۆشاییەکی گەورەی بۆ ئەوو بۆ خەج دروستکردبوو، هەربۆیە هەریەك بەجۆرێ باسی دارایان دەکرد، نەسرین هەموو ئەوانەی بۆ گێڕایەوە کە کاتی خۆی بەدارای گوتبوو، پێیووت چۆن هانیداوە بەردەوام بێت، داواشی لێکردوە ئاگایان لە خۆیان بێت.

دارا ماوەیەکی زۆر بوو دەنگی نەبوو، تا ئەو ڕۆژەی یەکێ لە هاوڕێکانی نامەیەکی ئەوی هێنا کە گەیشتبووە ولاتی سوید، لە نامەکەیدا بۆ دایکی نووسیبووی "دایە گیان.. ئێستا من شوێنم زۆرباشە، بەلام ئەم ولاتە هەمیشە ئەلێی چلەی زستانە، ئێستا لە کەمپام، ماوەیەکی تر لێرە نامێنمو ڕەنگە شوێنم باشتر بێت، ئەوکاتە هەولئەدەم زوو زوو پەیوەندیتان پێوە بکەم".

ئەو نامەیە بەتەواوی دلی خەجی خۆشکرد، لەخۆشیدا هێندەی نەمابوو بفڕێ، بە نەسرینی وت: ئیتر بیشمرم قەیناکە.

# 17

ڕۆژانە شارەکە لەلایەن دوژمنەوە تۆپباران دەکرا، کەم ڕۆژ ڕێکدەکەوت چەند تۆپێك نەنرێت بە شارەکەوە. ڕۆژانە خەڵك دەکوژراو بریندار دەبوو، بۆیە بەشێك لە خەڵکی شارەکە بەناچاری ئەوێیان بەجێدەهێشتو بەرەو شارەکانی تر دەڕۆیشتن.

دارا لەجاران زیاتر پەیوەندی بە دایکیەوە دەکرد، داوای لێدەکرد بڕیار بدات ئەویش نیشتمان بەجێبێڵێت، دایکی لەوەڵاما هەموو جارێك هەمان شتی دەووت "ڕۆڵە من هەموو شتێکم لێرەیە، چۆن دەتوانم بەجێیبێڵم". هەندێجار نەسرینو خوشکانیش لەگەڵ دارا قسەیان دەکرد. چەند مانگ جارێ دارا شتێك پارەی بۆ دایکیو نەسرینو ئەوان دەناردەوە، لێرە ژیان بەتەواوەتی قورس بووبوو.

ڕۆژ نەبوو لە خاڵی پشکنینەکان سوکایەتی بە خەڵك نەکرێتو دەستنەگیرێت بەسەر ئەو شتومەکەدا کە دەیانهێنا، بەتایبەت ئەو دەبەو جلیکانە نەوتانەی کە دەیانویست بیگەیەننە ئەمدیوو، هەندێکجار دەبە نەوتەکانیان ئەکرد بەسەر خەڵکەکەداو بۆ خۆشیان پێیان پێدەکەنین.

لە یەکێ لەو جارانەدا کە دەبەیەك نەوتیان کرد بەسەر یەکێ لەو ئافرەتانەی کە دوو دەبە نەوت زیاتری پێنەبوو، ژنەکە عەباکەی چمکێکی کەوتە نێو ئەو ئاگرەوە کە نەوتەکەیان پێدەسووتاندو گڕی

گرت، سەربازەکان نەك خۆیان هیچیان نەکرد، نەیانهێشت کەسی تریش لەو ژنە نزیك بێتەوە تا کولێو کۆی دامرد. ئەم رووداوە هەموو شارەکەی هەژاند. دایکی نەسرین وتی "خودایە تۆ ئاگاداری چیمان پێدەکەن، وەرە بۆ چۆڕێ نەوتی ولاتەکەی خۆت بتسوتێنن".

چیرۆکی مەرگی ئەو ژنە گەنجەکانی زۆر تورەکرد، بەلام رێگایان پێنەدرا هیچ بکەن. چەند جارێکیتر چیرۆکی سوتانو مەرگی خەلك بلاوبووەوە، جارێکیان لە لۆرییەکدا ژمارەیەکی زۆر بوونە قوربانی، یەکێ لە سوتاوەکان پیاوێك بوو کە بەو کارەی ژنە نەخۆشەکەیو چوار منالی نابینای بەخێودەکرد.

هەموو رۆژێك بە پەنجاو حەوتو دۆشکاو قەناس، شارەکەو ئەوانەی لە شار دەچوونە دەرەوە دەکرانە نیشانە. لەملاشەوە ئەمانی ئێرە بەربووبوونە وێزەی یەکتر، ئەوان لەسەر هەموو شتێك بەشەڕ دەهاتن، خەلکی دنیا هاتە بەینەوە نەیتوانی ئاشتیان کاتەوە، لەهەموو لایەکەوە بەدبەختی دەباری.

نەسرین ئەو رۆژانە لفکەی دەچنی، داراش بەردەوام بوو لە هاوکاری کردنیان. نەسرین بیری لە قسەکانی لالە سولتان دەکردەوە، کە دەیووت "هەر خۆشیەکتان بینی رێزی بگرن، بەلام بزانن دەشێ لەوەش خۆشتر هەبێت، هەر ناخۆشیەکیشتان بینی نیگەران مەبنو نەکەونو بەچۆکدا مەیەن، چونکە لەوەش ناخۆشتر هەیە".